# کورد لە پارێزگای مووسڵ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

# کورد لە پارێزگای مووسڵ

خەسرۆ گۆران



ناوی کتێب: کورد لە پارێزگای مووسڵ
نووسینی: خەسرۆ گۆران
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٧٢
دەرهێنانی هونەری: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: شکار نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٨١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

# پێشەکی

ساڵەهای ساڵە کوردستان لە هەموو لایەکەوە (کبس) دەکرێتە سەر یەک لەپێناوی ئەوەی کەمترین مافی کورد بدرێت و لەپێناو فراوانکردنی ڕووبەری ئەو نەتەوانەی کە مافی ئێمەیان زەوت کردووە و، لە سەر حسابی کوردستان. هۆیە ئابووریەکانیش بەتایبەتی لە بەشی خوارووی کوردستان کە چاڵی نەوتی زۆری تیایە لە سەرووی هەموویانە. ئەگەر تەماشای شەرەفنامەی بەدلیسی بکەین کە لە ساڵی ١٥٩٦ی زایینی نووسراوە دەبینین کوردستان هەر لە دەریای هورمز (کەنداوی فارس – عەرەبی) و عێراقی عەرەبی هەڵدەکشێت بۆ سەرەوە تا ئەرمەنستان و بۆ ڕۆژئاوا تا مەرعەش و مەلاتیا و کورداغی نزیک لێوارەکانی دەریای سپی و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵنامەکانی عوسمانی کە لە ویلایەتی مووسڵ لە ساڵی ١٨٩٠وە تا ساڵی ١٩١٢دەرچوە و پێنج ژمارەیان لێ چاپ کراوە دەبینین ڕێژەی ژمارەی کورد چەندە لەو شوێنانەی کە ئەمڕۆ خەڵکانێک بەولاتی کوردستانی ناژمێرن. ئەنجامەکانی ئاماری فەرمی دەوڵەتی عێراقی ساڵی (١٩٤٧و ١٩٥٧)یش زۆرینەی ڕێژەی کورد لە پارێزگای کەرکوک و قەزاکانی شێخان و قەرەقۆش و شەنگار و تەلەعفەر و خانەقین و مەندەلی و بەدرە بەڕوون و ئاشکرایی دیاری دەکەن و ئەگەر یەک نموونە وەربگرین دیارە ڕژێمەکانی عێراقی چەند دەستکاری ڕێژەی کوردیان کردووە بەهەموو شێوەیەک لە ڕاگواستن و بەعەرەب نووسین و چەند تەزویریان کردووە :

| | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ١٩٩٧ |
|---|---|---|---|---|---|
| شەنگار | ٧٨٪ | ٦٧٪ | ١٠٪ | ؟ | ؟ |

خشتەی ژمارە -١-
ڕێژەی کورد لە قەزای شەنگار لە ئامارەکانی ساڵانی (١٩٥٧و ١٩٦٥و ١٩٧٧).

ئەو نموونەی سەرەوە بۆمان دیاری دەکات کە سیاسەتی بەعەرەبکردنی خاکی کوردستان و تەعریبکردنی دانیشتوانی چەند دڕندانە و بە(منظم)ی بووە بۆ ئەوە ڕێژەی کورد لە دەوڵەتی عێراقدا ساڵ بەساڵ کەم بکرێتەوە.



کورد لە مووسڵ و دەوروبەری ئەم شارە نامۆ نییە بەڵکو زۆر لە کۆنەوە هەیە و کۆنییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا هەر لە زەمانی دەوڵەتی ئاشوورییەکان لە چەند تابلۆی پاشماوەیان باسی جەنگی ئەو دەوڵەتە دەکات لەگەڵ کوردەکان. هەروەها میدییەکانی خەڵکی کوردستان باشترین نموونەن بۆ کۆنی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەڵگەکانی مێژوو شاهدن کە چۆن میدییەکان فەرمانڕەوایان کردووە هەر لە کوردستانی ئێرانەوە تا ئەنادۆڵ. کتابی ئاناباسیسی سەرکردە و مێژوونووسی یۆنانییەکان (کزینۆفون) کە لە ساڵی (٤٠١ پ.ز) نووسراوە زەقترین بەڵگەیە لە هەبوونی کورد لە دەوروبەری مووسڵ، ناوبراو هەموو ولاتی دەوروبەری مووسڵی بەولاتی کوردۆخ و ماد ناوبردووە.

بنەوەچە (سلالة) جیاجیاکانی فارسیش لە ئەخمینی و پارثی و ساسانی هەردەم باکووری عێراقیان بەولاتی کوردوئین و کوردیا ناوبردووە.

تەنانەت لە کتێبی (تاریخ الموصل)ی ئەبی زکریا الأزدي[1]یش کە لە ساڵی ٩٢٥ زایینی نووسراوە لە زەمانی فەرمانڕەوایی عەرەبە موسڵمانەکان (عەباسییەکان) دەڵێت : دەنگوباس گەیشتە (أبو جعفر المنصور)ی خەلیفەی بەغدا کە کوردەکان لە مووسڵ بلاوبوونەتەوە و هەڕەشەی گرتنی مووسڵ دەکەن لە زەمانی والی عەباسی مووسڵ (المسیب بن زهیر). ڕوون و ئاشکراشە کە دەوڵەتی مەروانی کوردی (٩٩٠-١٠٩٦زایینی) کە پایتەختەکەی دیاربەکر و فارقین بووە دەسەلاتەکەی کوردستانی تورکیا و عێراقی ئەمڕۆی دەگرتەوە تا مووسڵ.

میرانی بادینان و سۆرانیش (تا ساڵی ١٨٣٧) کەم و زۆر لە دەوروبەری مووسڵ فەرمانڕەواییان کردووە، پاشای کۆرە (میر محمدی ڕەواندز) تا شەنگار فەرمانڕەوایی کردووە. هەروەها برا کوردە ئێزیدییەکان لە دێرزەمانەوە لە شەنگار و شێخان و دەوروبەری مووسڵ نیشتەجێن.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٠٠ بەپێی ئەو ئامارە تەخمینیانەی کە تورکەکان و ئینگلیزەکان و دواتر حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق کردوویانە کورد هەردەم زۆرینە بووە لە ویلایەتی مووسڵ.

(١) أبي زكريا الأزدي، تاريخ الموصل القاهرة ١٩٦٧.

| نەتەوە کەمایەتییەکانی ویلایەتی موسڵ | خەملاندنی تورکیا ڕاپۆرتی تورکیا بۆ لۆزان | | خەملاندنی بەریتانیا ڕاپۆرتی ئینگلیز ساڵی ١٩٢١ | | خەملاندنی عێراق | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کورد | ٢٦٣٨٣٠ | ٤١,٩ ٪ (٢) | ٤٢٣٧٢٠ | ٥٧,٨ ٪ (٢) | ٤٩٤٠٠٧ | ٦٥,٢ ٪ (٢) |
| عەرەب | ٤٣٢١٠ | ٦,٤ ٪ | ١٨٥٧٦٣ | ٢٣,٦ ٪ | ١٦٦٩٤١ | ٢٠,٩ ٪ |
| تورکمان | ١٤٦٩٦٠ | ٢١,٨ ٪ | ٦٥٨٩٥ | ٨,٣٩ ٪ | ٣٨٦٥٢ | ٤,٨٤ ٪ |
| ئاشووری | – | ٠ ٪ | ٦٢٢٢٥ | ٧,٩٢ ٪ | ٦١٣٣٦ | ٧,٦٨ ٪ |
| جوولەکە | ٣١٠٠٠ | ٤,٦١ ٪ | ١٦٨٦٥ | ٢,١٥ ٪ | ١١٨٩٧ | ١,٤٩ ٪ |
| ئێزیدی | ١٨٠٠٠ | | ٣٠٠٠٠ | | ٢٦٢٥٧ | |
| شارییەکان | ٥٠٣٠٠٠ | | – | | – | |
| کۆچەرەکان | ١٧٠٠٠٠ | ٢٥,٢٦ ٪ | – | | – | |
| کۆ | ٦٧٣٠٠٠ | ١٠٠ ٪ | ٧٨٥٤٦٨ | ١٠٠ ٪ | ٧٩٩٠٩٠ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە -٢-
سەرژمێرییەکانی ویلایەتی مووسڵ ( لە ساڵانی ١٩٢١ - ١٩٢٥ )

**دابەشکردنی ئیداری ئەمڕۆی عێراق ئەم پارێزگایە دابەش دەکاتە سەر دە قەزا؛**

**کەناری چەپی ڕووباری دجلە:**

**١- مووسڵ ٢- شێخان ٣- ئاکرێ ٤- حەمدانیە (قەرەقۆش) ٥- تلکێف.**

**کەناری ڕاستی ڕووباری دجلە:**

**٦- تەلەعفەر ٧- شەنگار ٨- بەعاج ٩- حەزەر (الحضر) ١٠- شەرگات (الشرقاط).**

**جگە لە قەزای حەزەر (الحضر) و شەرگات،[٣] کورد لە هەموو قەزاکانی دیکە هەیە و خاکەکەی بەبەشێک لە کوردستان دەژمێردرێن، واتە کورد لە نۆ لەم قەزایانە هەن، لە هەندێکیان بەڕێژەی زیاتر لە ( ٩٠ ٪ ) وەکو ئاکرێ و لە هەندێکیان بەڕێژەی زیاتر لە ( ٧٠ ٪ ) وەکو شەنگار و شێخان و لە قەزاکانی تریش بەرێژەی کەمتر و جیاجیا هەن.**

(٢) ئێزدییەکان لەگەڵ کورد ژمێردراون بۆ ڕێژە وەرگرتن.
(٣) لە ناحیەی زابی سەر بەقەزای شەرگات کە دەکەوێتە کەناری چەپی دجلە بۆ لای قەزای مەخمور دانیشتووانی کوردی هەیە و پێشووتر بەشێک بووە لە کوردستان.



تا ئەمڕۆکەش بەسەدان خانەوادەی بەڕەسەن کورد هەر لەناو شاری مووسڵ ماون و تواونەتەوە و بوونەتە عەرەب لە ترسان و لەبەر هۆی ئابووری، جگە لە مانەی تواونەتەوە، هەزارەها خانەوادەی تری کورد لە تەک برا عەرەبەکانیان و کلدانی و ئاشووری و تورکمان و ئەرمەن لە شاری خۆشەویستی مووسڵ ژیان بەسەردەبەن تا ئەمڕۆ.

ئەو کتێبەی لەبەردەستی خوێنەری بەڕێزە هەوڵێکی بچووکە بۆ چەسپاندنی شوێنە کوردییەکانی پارێزگای مووسڵ. لەم نووسراوەدا دەمانەوێ دیاری بکەین کە کورد لە پارێزگای مووسڵ هەیە و بەپشت بەستن بە(أرقام و حقائق) و ناوی مێژوویی و نەخشە، هەبوونی کورد لە قەزا و ناحیە جیاجیاکانی پارێزگای موسل وەکو خۆی دیاری بکەین (بسەلمێنین).

لە بەشی یەکەمی کتێبەکە کورتە باسێکی مێژوویی ئەو سەد ساڵە ڕابردووی کوردستانی عێراقمان پێشکەش بەخوێنەرانی بەڕێز دەکەین. لە بەشی دووەمدا ئەو پێناسانەی کە پێویستە بۆ ئەو نووسراوە دەخەینە بەرچاو لەگەڵ چەند زانیاری و تێبینی ئاماری و جوگرافی پارێزگای مووسڵ.

لە بەشی سێیەمی کتێبەکە باسی ئەو قەزایانەی پارێزگای مووسڵ دەکەین کە ئەمڕۆ ناوچەی ئازادن و لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستانن و، وردبوونەوەمان لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو ناحیانە دەبێت کە نزیک هێڵی بەیەکگەیشتنی سنووری هەرێمی کوردستانە لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی مەرکەزی عێراق.

لە بەشی چوارەمیشدا باسی ئەو قەزایانە دەکەین کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی شاری مووسڵ و ڕووباری دجلە. هەروەها لە بەشی پێنجەمیشدا باس لە قەزاکانی تەلەعفەر و شەنگار و بەعاج دەکەین کە دەکەونە ڕۆژئاوای ڕووباری دجلە.

لە دوای ئەوەش باس لە دەرئەنجامەکانی ئەو دیراسەیە دەکەین و لە کۆتاییشدا سێ پاشکۆی ئاماری پێشکەش بەخوێنەرانی بەڕێز دەکەین.

ئیتر بەئومێدی پاشەڕۆژێکی بەختەوەر بۆ گشت گەلانی عێراق لە وڵاتێکی ئازاد و دیموکرات و فیدرالدا.

خوا پشت و پەنامان بێت

خەسرۆ گۆران

هەولێر - ٤/١٠/٢٠٠٢

# بەشی یەکەم

## کورتە باسێکی مێژوویی

کاتێک لە ساڵی (١٩٠٨)دا بزاڤی ڕیفۆرمیستی تورک دەسەڵاتیان گرتە دەست و چوونە پێشەوە، بزاڤی (تورکیای لاو) ئەو دروشمەی خۆی بەجێ نەهێنا کە داوای دەکرد (بۆ تەواوی گەلی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەکسانی دەستەبەر بکرێت)، نەک هەر ئەوە بەڵکو، ئەو گفت و بەڵێنانەی بەگەلی کوردی دابوو هیچیان نەسەلماند و بگرە باروگوزەرانی بەرەو خراپتر دەبردن، هەر بۆیە لاوانی کورد لەم بزاڤە دوور کەوتنەوە و لە ساڵی (١٩١٣)دا کۆمەڵەی (هێڤی)یان پێک هێنا، کە کۆمەڵەیەکی نیمچە سیاسی قوتابیان بوو. دواتریش ساڵی ١٩١٩ و هەر لە ئەستەنبوڵ گۆڤاری (ژین) بڵاو کرایەوە و دەربارەی کۆکردنەوەی ڕۆشنبیرانی کورد ئەم گۆڤارە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە. لەوماوەیەدا (ویلسۆن) سەرۆکی ئەمەریکا لە (١١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨) ئەو چواردە بەندەی دەربارەی ئاشتی جیهانی بڵاو کردبۆوە و ببووە بنێشتە خۆشەی سەر زاری هەموو ڕۆشنبیران، بەگوێرەی ئەو بەندانە دەبوایە دان بەمافی هەموو ئەو گەل و نەتەوە ناتورکیانە بنرایە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون و، لە بەندی دوانزەیەمدا هاتووە کەوا:

«پێویستە بوار بۆ سەربەخۆبوونی تەواوی گەلانی نا تورک بدرێ بەبێ ئەوەی دەست لە کاروباریانەوە وەربدرێت»، کاتێ لە ساڵی ١٩١٩ کۆنفراسی ئاشتی (پاریس) بەسترا، (ژەنراڵ شەریف پاشای) کوردی خەڵکی سلێمانی کە پێشووتر باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە دەوڵەتی سوێد سەبارەت بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلی کورد یاداشتنامەیەکی بەو کۆنفراسە پێشکەش کرد، لەلایەکی دیکەوە و هەر لە هەمان ساڵدا و لەپێناو کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا لە کوردستانی باشوور (کوردستانی عێراق) کوردان بەسەرکردایەتی شێخ مەحموودی حەفید ڕاپەڕینێکی مەزنیان لە دژی ئینگلیزە داگیرکەرەکان بەرپا کردبوو، بەڵام شێخ لە شەڕەکاندا بەبریندار دیل دەکرێ و ئینگلیزەکان بۆ هیندستان دووری دەخەنەوە، لە ١٩نیسانی١٩٢٠دا کۆنفراسی (سان ڕیمۆ) دەبەسترێ و لەوێ وڵاتە هاوپەیمانەکانی ناو جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەر دابەشکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ناوخۆیاندا پێک دێن.






نەخشەی ژمارە -١-
ویلایەتی مووسڵ تا ساڵی ١٩١٨

لە ١٠ی ئابی (١٩٢٠) پەیماننامەی سیڤەر ئیمزا کرا[٤]، لە کۆبوونەوەکانی ئەو پەیماننامەیەدا ژەنراڵ شەریف پاشا سەرکردایەتی وەفدی کوردی کردووە، بەشێکی زۆری دەقی ئەم پەیماننامەیە بەئیعتراف کردن بەمافی نەتەوایەتی ئەو گەلە ناتورکانەوە پەیوەست بوو کە لە ژێر دەستی عوسمانییەکاندا بوون، بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی ئەو پەیماننامەیە بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بۆ گەلی کورد و پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ، زەمینەیەکی لە باریان ڕەخساندبوو. بەگوێرەی ئەو بەندانە

(٤) ئەو لایەنانەی کە پەیمانی سیڤەریان ئیمزا کرد ئەمانە بوون:
بەریتانیا و ئیتالیا و فەرەنسا و یۆنان و ڕۆمانیا و یۆگسلافیا و چیکۆسلۆڤاکیا و پۆلۆنیا و بەلژیکا و ژاپۆن و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و حیجاز و ئەرمەنستان و تورکیا و ئیران.

پێویست بوو لەو بەشەی کوردستان کەوا لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە تازەکەی تورکیا بوو دەوڵەتێک بۆ کورد پێک بێت، بەمەرجێک پاش تێپەڕبوونی ساڵێک دوای پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە کوردیەدا (کوردستانی سەربەخۆ) دەبێ (ویلایەتی مووسڵ)یشی بخرێتە سەر (واتە ئەو بەشەی کوردستان کە ئێستا سەر بەعێراقە)، بەمانایەکی دیکە پەیماننامەکە دانی بەسەربەخۆیی و یەکبوونی کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیا دانابوو. تا ئەو کاتەی جەنگی یەکەمی جیهان کۆتایی پێ هات و دواتر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵوەشێنرایەوە زیاتر لە نیوەی وڵاتی کوردان (کوردستانی تورکیا و عێراق و سوریای ئێستا) وەکو هەموو وڵات و ناوچەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەربە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون، ئەو بەشەی کوردستان کە دراوە بەعێراق، جاران پێی گوتراوە ویلایەتی مووسڵ، پێشتر سوپای ئینگلیز هەردوو ویلایەتی بەسرە و بەغدا، واتە (عێراقی عەرەبی) داگیر کردبوو، لە ساڵی کۆتایی جەنگی جیهانیشدا (ساڵی ١٩١٨) (ویلایەتی مووسڵ)یشی خستە ژێر دەستی خۆیەوە، بەوجۆرە بەریتانیا ڕاستەوخۆ هەر سێ ویلایەتەکەی بەڕێوەدەبرد، دواتر بەریتانییەکان لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا دەوڵەتێکیان پێکهێنا کە ناونرا بەعێراق، ئەوەش بەگوێرەی پەیماننامەی سیڤەر کرابوو. کەچی بەندەکانی تایبەت بەکورد و چارەنووسی کورد هەروەکو مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە و لە ژووری کۆبوونەوەی وڵاتە هاوپەیمانەکان زیاتر نەچوونە دەرەوە. بەو شێوەیە وڵاتی کوردان بەسەر ئەو دەوڵەتانە دابەش کرا، کە بەگوێرەی پەیماننامە تازەکە دروست بیوون و، بەشێکی بچووکی کوردستانیش بەدەوڵەتە تازەکەی سوریاوە لکێنرا، دەوڵەتی تورکیاش کە لەسەر پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دروست ببوو، بەشە هەرە زۆری کوردستانی عوسمانی بەرکەوت، بەشێکی بچووکی دیکەی کوردستان کەوتە ناو سنووری یەکێتی سۆڤیەتەوە کە لە ساڵی ١٩١٧پاش ڕووخانی دەسەڵاتی تەزارەکانی ڕووس و بەرپابوونی شۆڕشی کۆمۆنیست دروست ببوو. هەرچی ئەو بەشەی کوردستانیش بوو، کە سەر بەوڵاتی فارسەکان بوو هەر لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا مایەوە، دواتر وڵاتی فارسیش ناوەکەی گۆڕا بەئیمپراتۆریتی ئێرانی. پاش دابەشکردنی کوردستان سمکۆی شکاک یەکێک بوو لەو سەرکردە شۆڕشگێڕانەی کورد کە لە نێوان ساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠)دا لە ناوچەی (ورمێ)ی کوردستانی ئێراندا سەری هەڵدا. چارەنووسی باشووری کوردستانیش (ویلایەتی مووسڵ) لە سەرەتاوە بەبەشەکانی دیکەی کوردستانەوە بەسترابۆوە، ئەوەش لە ڕێگەی پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠وە، ئەو پەیماننامەی مافی ئەوەی بەکورد دابوو





نەخشەی ژمارە -٢-
ویلایەتی مووسڵ لە کۆتایی سەردەمی عوسمانیدا
(سەرچاوە: موسوعة الموصل الحضارية المجلد ٤ الموصل ١٩٩٢)

دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئۆتۆنۆمی بۆ خۆیان دابمەزرێنن و، پاش ماوەی ساڵێک دەوڵەتە ئۆتۆنۆمییەکە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێت، واتە دەوڵەتێک بێت پێکهاتبێت لە کوردستانی تورکیا و ویلایەتی مووسڵ (هەر پێنج پارێزگای ئێستا، مووسڵ هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و دهۆک)، بەڵام ئەو سەرکەوتنانەی مستەفا کەمال پاشا لە بواری سەربازیدا بەسەر هێزەکانی یۆناندا بەدەستی هێنان و دواتر لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣ دا کە پەیماننامەی لۆزان لە نێوان تورکیا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا ئیمزاکرا، وای کرد ڕێگا نەدا بەئەو بەندانەی پەیماننامەی سیڤەر جێبەجێ بکرێت، کە تایبەت بوون بەکوردستانەوە، پەیماننامە تازەکە مافی ئەوەی بەتورکیا دا چۆنی دەوێت وا لە کوردستانی باکوور بکات. لە جیاتی بەندە گرینگەکانی پەیماننامەی سیڤەر، کە مافی بەکورد دەدا دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابمەزرێنن لە پەیماننامەی لۆزاندا بەدوو بەندی

سەرپێیی تازە قەرەبووی بەندە گرینگەکانی پەیماننامەی سیڤەریان داوەتەوە، ئەوانیش بەندەکانی (٣٨ و ٣٩)ن ئەو دوو بەندە بڕیاریان لەوە داوە دەبێ تورکیا ڕێز لە کەمە نەتەوایەتی و ئایینییەکان بگرێ، بەڵام بەهیچ جۆرێک ناوی ئەو کەمینانەی نەهێناوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ بەرپابوونی شۆڕش و ڕاپەڕینی یەک لەدوای یەک لە کوردستانی باکووردا، ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٢٥)دا شێخ سەعیدی پیران شۆڕشێکی بەرپاکرد، لە ساڵی ١٩٣٠ ئیحسان نوری پاشا سەرکردایەتی شۆڕشی (ئارارات)ی کرد، دواتریش شۆڕشی ساڵی ١٩٣٧ی (دەرسیم) بوو کە سەید ڕەزا سەرکردایەتی دەکرد.

بەم جۆرە مەسەلەی کوردیان لە یەک هەڵوەشاند و لە نێوان پێنج دەوڵەتدا (تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و یەکێتی سۆڤیەت) بەهەڵپەسێردراوی مایەوە، ئەم دابەشکردنەی خاکی کوردستان بووە لەمپەرێکی گەورە لەبەردەم پێشکەوتنی کورد و، هەر ئەو کۆسپەش بوو ڕێگەی نەدا هەتا ئەمڕۆ دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بۆ کورد دابمەزرێت، چونکە پێنج دەوڵەت کوردستانیان لە دەستدایە و هەر یەکەشیان لە هەوڵی ئەوەدان لە ناو خۆیاندا گەلی کورد بتوێننەوە، هەر یەکەیان بەشێوازی تایبەتی خۆیان و چۆن بۆیان گونجاو بێت لەم بارەیەوە کەمتەرخەمییان نەکردووە، جا لەبەر ئەوەی لێرەدا ئێمە دەمانەوێت چۆنیەتی بەرێوەچوونی بارودۆخی کوردستانی عێراق زیاتر لە بەشەکانی دیکە باس بکەین، هەر بۆیە تەنیا بارودۆخی کوردستانی عێراق دەخەینە ڕوو، هەر لە ساڵی ١٩٢١ەوە، کە دەوڵەتی تازەی عێراق دامەزرێنرا و دواتر بەشێکی کوردستانی پێوە لکێنرا.

پاش گوشارێکی جەماوەری و بەهۆی توندبوونی ناکۆکی نێوان ئینگلیزەکان و تورکیا لەسەر مەسەلەی باشووری کوردستان (ویلایەتی مووسڵ)، لە ساڵی١٩٢٢دا ئینگلیزەکان شێخ مەحمودی سەرکردەی کوردانیان لە تاراوگەوە بۆ کوردستان گێڕایەوە و، لە مانگی دیسەمبەری هەمان ساڵدا، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا هەردوو حکومەتی ئینگلتەرا و حکومەتی عێراقی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیان ڕاگەیاند، ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەکەیە:

«هەردوو حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراقی دان بەو مافەی کوردەکانی ناو چوارچێوەی سنووری عێراقدا دەنێن و، ڕێگەیان پێ دەدات لە ناو چوارچێوەی ئەو سنوورەدا حکومەتی کوردی دابمەزرێنن، هیواشیان وایە تەواوی کوردان بەجیاوازی توخمەکانیانەوە لە زووترین کاتدا لەسەر ئەو شێوازە کۆک بن کە بۆ



حکوومەتەکەیانی ئارەزوو دەکەن، هەروەها بۆ دیاریکردنی ئەو سنوورەی کە دەیانەوێت سنووری حکوومەتەکەیان بێت و، بەمەبەستی باسکردنی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیشیان لەگەڵ هەردوو حکومەتی ئینگلتەرا و عێراقدا، دەبێ نوێنەرە بەرپرسەکانی خۆیان بۆ بەغدا بنێرن».

دواتر و لەکاتی پەیماننامەی لۆزان، ئینگلیزەکان باوەڕیان بۆ دروست بوو کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە کوردستانی عێراقدا (ویلایەتی مووسڵ) لە هەموو کەسێک زیاتر ڕووسەکان کەڵکی لێ وەردەگرن، هەر بۆیە مەسەلەکەیان پشت گوێ خست و بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتەکەشیان لەناو برد، بەم جۆرە مەسەلەی ویلایەتی مووسڵ لە نێوان تورک و ئینگلیزەکاندا بەهەڵپەسێردراوی مایەوە، چونکە بەهۆی ژمارەیەک هۆکاری سیاسی و مێژوویی و جوگرافی و ئابووری و سەربازییەوە هەردوو لا دەیانویست ویلایەتی مووسڵ لە ژێر دەستی خۆیاندا بێت، تورکیا داوای کرد لەو ویلایەتەدا ڕاپرسییەک بکرێت، بەڵام ئینگلیزەکان ڕەتیان کردەوە، چونکە لەوە دەترسان دەرەنجامی ڕیفراندۆمەکە بەپێچەوانەی ویستی ئەوانەوە بێت کە دەیانویست بەعێراقیەوە بلکێنن، دیارە ژمارەی عەرەب لە ویلایەتی مووسڵدا کەمینەیەکی بچووکیان پێک هێنا، لە کۆتاییدا مەسەلەکە کرایە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و خرایە بەر دەستی (کۆمەڵەی گەلان - عصبة الامم) تا لەوێ تاوتوێ بکرێت و داوا و گۆشەنیگای دانیشتوانەکەشی لە بەرچاو بگیردرێت، هەر وەکو بڕگەی سێیەمی پەیماننامەی لۆزان داوای دەکرد، لەو کاتەدا شێخ مەحمودی حەفید لە دوا دواییەکانی ساڵی ١٩٢٣ لە دژی ئینگلیزەکان سەرلەنوێ ڕاپەڕییەوە و شۆڕشی بەرپا کردەوە و خۆی وەکو پادشای کوردستان ناساند و بۆ پشتیوانی کردنیش پەیوەندی بە(سمکۆی شکاک)ـەوە کرد، کە لە دژی دەسەڵاتدارانی ئێرانی هەر لە سەرەتای ساڵانی بیستەکانەوە سەرکردایەتی بزاڤی کوردی لە ئێرانەوە دەکرد و، داواشی لێ کرد بێتە ڕیزی ڕاپەڕینە تازەکەی شێخەوە، دیارە ئەو ڕێ و شوێنە تازانە ئینگلیزەکان ڕەتیان کردەوە و سەرلەنوێ لەگەڵ شێخ مەحموددا ناکۆکیان کەوتەوە نێوان، هەر بۆیە ساڵی ١٩٢٤ ئینگلیزەکان پەلاماری سلێمانی پایتەختیان دا و سەرلەنوێ داگیریان کردەوە و شۆڕشەکەشیان خامۆش کرد، شێخ مەحمودیش هانای بۆ چیاکان برد، ئەمە لە لایەک، لەسەر ئاستی دیپلۆماسیش لە (١٦ی یەنایری ١٩٢٥) کۆمیسیۆنێکی تایبەتی کۆمەڵەی گەلان گەیشتە بەغدا کە ئەرکی سەرەکی تاوتووکردنی مەسەلەی ویلایەتی

موسڵ بوو، لیژنەکە وردبوونەوە و توێژینەوەی خۆی لە کوردستانی عێراقدا دەست پێکرد و سەردانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و مووسڵ و قەزا و ناحیەکانیانی کرد، پاش ئەوەی ئەرکەکانی خۆی بەجێ گەیاند، کۆمیسیۆنەکە بۆ ژنێڤ گەڕایەوە، لە ١٦ی یولیۆی ١٩٢٥ ڕاپۆرتێکی کۆتایی بەکۆمەڵەی گەلان پێشکەش کرد و تیایدا بڕیاری لەوە دابوو کەوا لە ویلایەتی مووسڵدا کورد نزیکەی ٧٠٪ پێک دەهێنن و، واتە زۆرینەی ڕەهان و، ئەوان نەعەرەبن و، نەتورکن، بەڵکو بەزمانێکی ئاری قسە دەکەن و لەبەر ئەوە گەر بەڵگەی بوونی ڕەگەزیی و ئێتنی لە یەکلاکردنەوەی کێشەکەدا لەبەر چاو بگیردرێت پێویستە کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بۆ دابمەزرێنرێت، بەڵام وەکو ئاشکرایە بیرە نەوتەکانی کەرکووک و مووسڵ لە بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسی ویلایەتەکەدا ببووە فاکتەری کاریگەر و یەکلاکەرەوە، لەو لاشەوە گوشاری بەریتانیا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی لەسەر کۆمەڵەی گەلان کاری خۆیان هەبوو.

دۆزینەوەی بیرە نەوتەکانی کەرکووک بەریتانیای وا لێ کرد بەهەموو جۆرێک پێ لەسەر ئەوە دابگرێ کە دەبێ ویلایەتی مووسڵ بەدەوڵەتی عێراقەوە بلکێنرێت، بەمەرجێ مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد ڕێزی لێ بگیردرێت.

ئەمەش مەرجێک بوو تێکڕای حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق خستیانە ژێر پێیانەوە. لە کۆتاییدا (کۆمەڵەی گەلان لەسەر داوای بەریتانیا قایل بوو ویلایەتی مووسڵ ببێتە بەشێکی عێراق، بەم جۆرە بیرە نەوتەکانی کەرکووک کەوتنە ژێر دەستی بەریتانیاوە، ئەم پێوەلکاندنە بەعێراقەوە کە چارەنووسی کوردی بەدەوڵەتی عێراقەوە گرێ دا، بووە هۆی دروستبوونی کێشەی کورد لە عێراقدا، ئەو کێشەیەی تراژیدیا و ماڵوێرانییەکی زۆری بۆ گەلی کورد دروست کرد و ئەم بەشەی کوردستانیشی وێران و خاپوور کرد.

ساڵی ١٩٣٠ پەیماننامەیەکی ( ئەنگلۆ ــ عێراقی) مۆر کرا، بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە دەسەڵاتی عێراق درا بەزۆرینەیەکی عەرەب و مەسەلەی کوردیش بەبێ چارەسەر هەڵپەسێردرا، کورد ئەو دیفاکتۆیەی ڕەت کردەوە و، لە شاری سلێمانیدا خۆپیشاندانی فراوان دەستی پێکرد، هێزەکانی شێخ مەحموود هێرشیان بۆ سەر یەکە سەربازییەکانی عێراق هێنا، بەڵام ئینگلیزەکان پشتی هێزەکانی عێراقیان گرت و هەڵمەتی بەرگریکردنی شێخیان شکاند و شێخ مەحموودیشیان بۆ باشووری عێراق دوورخستەوە ساڵی ١٩٤١. پاش دوور خستنەوەی شێخ مەحموود ناوچەیەکی دیکەی کوردستان بووە سەرچاوەیەک بۆ



دژایەتی کردنی دەسەڵاتدارانی ناوەندی عێراق، ئەو ناوچە تازەیەش (بارزان) بوو[٥] ساڵی ١٩٣٢ لە دژی دەسەڵاتدارانی عێراقی شێخ ئەحمەد بارزانی برا گەورەی مستەفا بارزانی (سەرکردەی نەمری کورد) ڕاپەڕی بوو، جێی باسە لە ساڵی ١٩١٤ دا تورکەکان براگەورەیەکی دیکەی مەلا مستەفای نەمریان لە شاری مووسڵ لە سێدارە دابوو، کە ئەویش (شێخ عەبدولسەلامی بارزانی) بوو، چونکە شێخ عەبدولسەلامیش لە پێناوی کورد و کوردستاندا خەباتی کردبوو.

ساڵی ١٩٣١ حکومەتی عێراقی یاسای زمانە مەحەلییەکانی دەرکرد و بڕیاری دا زمانی دادگاکان و قسەکردنی ناو دەزگای لیواکانی (مووسڵ و هەولێر و کەرکووک و سلێمانی) زمانی کوردی بێت و، ساڵی ١٩٤٣ سەرلەنوێ (بارزان) بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی ڕاپەڕیەوە. دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهابادی کوردستانی ئێراندا لە ساڵی ١٩٤٦ لە کوردستانی عێراقیشدا پارتی دیموکراتی کوردستان پێک هێنرا. پاش ئەوەی لە دیسامبەری هەمان ساڵدا کۆمارە ساواکەی مەهاباد تێک چوو و قازی محەمەد سەرۆکی نەمری کۆمارەکە لە سێدارە درا، بارزانیی نەمر کە شوورەی سەربازی کۆمارەکە بوو ناچار بوو بۆ عێراق بگەڕێتەوە، بەڵام عێراق و هێزەکانی ئینگلیزیش ڕووبەڕووی بوونەوە و ناچار بوو ساڵی ١٩٤٧ کاروانی ڕێ ڕۆیشتنە مێژووییەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران ئەنجام بدات، ئەو ڕێ ڕۆشتنەی بەناو سوپای سێ دەوڵەتی عێراق، ئێران، تورکیادا ئەنجام درا و لە ژێر ئاگری هێزی سەربازی ئەو سێ دەوڵەتەدا بەشەڕ بەجێ گەیانرا. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران مایەوە واتە تا (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) بارزانی هەر بەسەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مایەوە و بەگەلەکەیەوە پەیوەندی و پەیوەستەکی هەر هەبووە، کاتێکیش بۆ کوردستان گەڕایەوە، وەکو پاڵەوانێک پێشوازی کرا، هەڵبەتە سەرکردەی دڵسۆزی گەلەکەی ببووە هێمایەکی نەتەوەیی، نەک هەر بۆ گەلی کورد لە کوردستاندا، بەڵکو بۆ تەواوی کوردی هەموو جیهان. دوای ئەوەی فەرمانڕەوایی کۆماریی خۆی گرت دوای کودەتای ١٤ تەمووز ١٩٥٨[٦] بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراقدا هاوبەش بوونی کورد لە نیشتمانی عێراقدا بڕیاری لێدرا، هەر وەکو لە بەندی سێیەمی دەستوورە کاتییەکەی

(٥) لە ڕاستیدا بارزان ناوچەیەکی نوێ نەبوو لە دژایەتی کردنی داگیرکەرانی کوردستان، چونکە بارزان مێژوویەکی کۆنتری هەبووە لە دژایەتی کردنی دەستەڵاتدارانی تورک و والیەکانی مووسڵ.

(٦) کودەتای ١٤ی تەمووز دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقدا کۆتایی پێ هێنا.

عێراقیدا هاتووە: (لە کۆماری عێراقدا کورد و عەرەب هاوبەشن) لەگەڵ ئەوەشدا بەندی دووەمی هەمان دەستوور دەڵێ: (عێراق بەشێکی ئومەی عەرەبییە)، زۆری نەبرد لە نێوان دەسەڵاتدارێتی عێراقی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردیدا ناکۆکییەکان سەریان هەڵدا، بزاڤی کورد ئەو کات داوای دەکرد کورد لە کوردستانی عێراقدا دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی پێ ڕەوا ببینرێت.

ساڵی ١٩٦٠ دەسەڵاتدارانی عێراق دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کوردیان داخست و ڕێگەیان نەدا گۆڤارە کوردییەکان بڵاو بکرێنەوە، لە مانگی شوباتی ١٩٦١دا چاپەمەنییە ڕەسمییەکانی بەغدا لە دژی داخوازییەکانی کورد هەڵمەتی ڕاگەیاندنیان دەست پێکرد، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش یاداشتنامەیەکی ناڕەزایی بەحکومەتی عێراقی پێشکەش کرد و داوای لە عەبدولکەریم قاسم کردبوو ڕێ بدات لە عێراقدا هەڵبژاردنێکی ئازاد ساز بدرێ، بەڵام قاسم ئەوانەی ڕەت کردەوە، لە ٩ـ ١١ ی ئەیلوولی ١٩٦١دا هێزە ئاسمانییەکانی عێراق پەلاماری ناوچەی بارزان و هەندێک ناوچەی دیکەی کوردستانیان دا و دواتر هێرشی زەمینی کرایە سەر کوردستان، بەم شێوەیە لە ١١ی ئەیلوولی هەمان ساڵدا مستەفا بارزانی سەرکردەی نەمر و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان شۆڕشی کوردییان بەرپا کرد کە دواتر بەشۆڕشی ئەیلول ناسرا و تا ساڵی ١٩٧٥درێژەی هەبوو، لە زۆربەی بەرەکانی جەنگەوە بارزانی نەمر و پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕش توانییان هێرش و پەلاماری سوپای عێراق تێک بشکێنن، شۆڕشگێڕان توانییان ناوچەیەکی فراوانی کوردستان ڕزگار بکەن و بیکەنە بنکە بۆ تێکشکاندنی هێرشەکان و پەلاماردانی سوپای عێراق. ئەو شۆڕشە بۆ ملیۆنان کوردی جیهان بووە جێی هیوا و ئامانج و دەیان هەزار ڕۆڵەی میللەتەکەمان گیانی خۆیانیان بۆ ئەو شۆڕشە کردە قوربانی، نەک تەنیا ڕۆڵەکانی کوردستانی عێراق، بەڵکو ڕۆڵەی نەبەردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش تیایدا بەشدار بوون، ئەم شۆڕشە لە گەلاڵەکردن و بنیاتنان و پێشخستنی هۆشیاری نەتەوایەتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد هاوبەشییەکی زۆری کردووە، هەموو پیلانە شۆڤێنییەکانی دەوڵەتی عێراقی و نەتەوە پەرستە عەرەبەکانیشی شکست پێ هێنا، کە لە دژی کورد و کوردستان دایانڕشتبوو، بۆ یەکەمین جاریش بوو لە تەواوی کوردستانی عێراقدا خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد یەک خرا، لەسەر ئاستی جیهانیش، کورد و کوردستانی بەدنیا ناساند.

لە (١١)ی ئاداری ١٩٧٠شدا حکومەتی بەعسی (کە بەکۆدەتایەکی سەربازی ساڵی






نەخشەی ژمارە -٣-
تەعریب و تەهجیر لە کوردستانی عێراق تا ڕاپەڕینی مەزنی ساڵی ١٩٩١




نەخشەی ژمارە –٤–

قۆناغەکانی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان لە کوردستانی عێراق

لەلایەن حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق






نەخشەی ژمارە –٥–

کوردستانی عێراقی ئەمڕۆ

١٩٦٨ دەسەڵاتی کۆنترۆڵ کردبوو) ناچار کرد ڕێککەوتننامەی ئاداری بەناوبانگ ئیمزا بکات، بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە بڕیار لەسەر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد درا لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام زۆری نەبرد دەرکەوت مەبەستی بەعس لە ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا تەنیا مانۆڕێکی سیاسی و تاکتیکی کاتی بووە بۆ ئەوەی بتوانی مەسەلەی کورد بچووک بکاتەوە و ڕێ لە گەشەکردنی بگرێت. لە ماوەی ئاگربڕدا ڕژێم لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٤دا چەند جارێک هەوڵی کوشتنی بارزانیی نەمر و سەرکردەکانی دیکەی کوردی دا. هەر لە ساڵی ١٩٧١یشەوە حکومەتی بەغدا هەڵمەتی بەعەرەبکردنی ناوچەکانی کوردانی دا بەتایبەتی (شاری کەرکووک و مەندەلی و سنجار و شێخان و خانەقین) و دانیشتوانی کوردی ئەو شارانەی بەزۆر دەردەکرد، ئەمەش بۆ ئەوەی دیفاکتۆیەکی تازە لەو ناوچانەدا بخولقێنی، هەروەها چەندین هەزار کوردی فەیلی لە شاری بەغدا و شارەکانی دیکە ئاوارە کرد. پاش ئەوەی ڕژێم لە پشتیوانی و پاڵپشتی دەوڵەتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دڵنیا بوو، چەندین پلان و نەخشەی ئامادە کرد و لە ١١ ئاداری ١٩٧٤ پەلاماری کوردستانی دایەوە، بەڵام نەیتوانی بگات بەئامانجی لە ناوبردنی شۆڕشی کورد، تا ئەو کاتەی شای ئێران لەگەڵیدا لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا ڕێککەوتننامەیەکی ئیمزا کرد و بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە عێراق جگە لە دۆڕاندنی بەشی خۆی لە ڕووباری (شەتولعەرەب) چەند ناوچەیەکی وشکاییشی دا بەئێران، لە بەرامبەریشدا شای ئێران لەگەڵ بەغدا ڕێککەوت، کە بەهەردووکیان شۆڕشی کوردی عێراق بخنکێنن.

## سیاسەتی جینۆسایدکردنی کورد

پاش ئەوەی گەلی کورد دووچاری نشوستی بوو، ڕژێم هەڵمەتێکی بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ئەم گەلە دەست پێکرد و لەو چوارچێوەیەدا سەدان هەزار هاووڵاتی کوردی لەو ناوچانەوە ڕاگواست کە لە سنووری ناوچە عەرەبییەکانەوە نزیکە بۆ دەوروبەری شارە کوردییەکانی وەک هەولێر و سلێمانی لە نێو سنووری ئەو (ناوچە ئۆتۆنۆمییەی) کە خۆی دایناببوو، یان بۆ ناوچە زۆرینە عەرەبییەکان لە جەزیرە و باشووری عێراق. تەواوی ئەو ناوچە چۆڵکراوانەشی تەعریب کرد، کە دەکەوتە دەرەوەی سنووری (ئۆتۆنۆمییەکە)ی، کە پانتاییەکی دەگرتەوە، خۆی لە نیوەی ڕووبەری کوردستانی عێراق دەدا، ئەو پانتاییەش قەزاکانی (مەندەلی و خانەقین)ی سەر بەپارێزگای دیالە و، تەواوی قەزاکانی پارێزگای



| پارێزگا | ڕووپێو (کم٢) | ڕێژە لە ڕووپێوی کوردستان |
|---|---|---|
| ١- سلێمانی | ١٧٠٢٣ | ١٩,٧٣٪ |
| ٢- مووسڵ | ١٤٦٩٦(*) | ١٧,٠٣٥٪ |
| ٣- هەولێر | ١٤٤٧١ | ١٦,٧٧٪ |
| ٤- دیالا | ١٣٨٨٤ | ١٦,٠٩٪ |
| ٥- کەرکووک | ٩٦٥٩ | ١١,٢٠٪ |
| ٦- دهۆک | ٦٥٥٣ | ٧,٦٠٪ |
| ٧- سەلاحەدین | ٤٠١٩ | ٤,٦٦٪ |
| ٨- کوت | ٣٧٤٠ | ٤,٣٣٥٪ |
| ٩- عمارە | ٢٢٢٤ | ٢,٥٨٪ |
| تەواوی کوردستانی عێراق | ٨٦٢٦٩ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە -٣-
ڕووپێو و ڕێژەی پارێزگاکانی کوردستان بەپێی دابەشکردنی ئیداری عێراق ساڵی ١٩٩١

| پارێزگا | ڕووپێو (کم٢) | ڕێژەی لە کوردستانی تەعریبکراو |
|---|---|---|
| ١- دیالا | ١١٨٠٤ | ٢٦,٦٣٪ |
| ٢- مووسڵ | ١٠٧٨٩ | ٢٤,٣٤٪ |
| ٣- کەرکووک | ٩٦٥٩ | ٢١,٧٩٪ |
| ٤- کوت | ٣٧٤٠ | ٨,٤٣٪ |
| ٥- سەلاحەدین | ٣٠٥٠ | ٦,٨٨٪ |
| ٦- هەولێر | ٢٧٨٣ | ٦,٢٨٪ |
| ٧- عمارە | ٢٢٢٤ | ٥,٠٢٪ |
| ٨- دهۆک | ٢٨١ | ٠,٦٣٪ |
| ٩- سلێمانی | ٠ | ٠ |
| تەواوی کوردستانی بەعەرەبکراو | ٤٤٣٣٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە -٤-
ڕووپێو و ڕێژەی پارێزگاکانی کوردستان کە تەعریب کراون بەپێی دابەشکردنی ئیداری فەرمی عێراق ساڵی ١٩٩١

(*) ئەو خاکە کوردییانەی کە لکێندراون بەقەزای بەعاج و قەزای شەرگات نەخراونەتە سەر ئەو ڕووپێوە.




نەخشەی ژمارە -٦-
کوردستانی باشوور (کوردستانی عێراق)



کەرکووک و قەزای (مەخمووری) پارێزگای هەولێر و، قەزاکانی (سنجار و تەلەعفەر و حەمدانییە و شێخان و مووسڵ)ی پارێزگای نەینەوا دەگرێتە خۆ. تەواوی دانیشتوانی کوردی ئەو ناوچانەیان لە ناو ئۆردوگای زۆرەملێ نیشتەجێ کرد، بەڵام ئەو کەسانەی لەناو ڕیزی شۆڕشەوە دەگەڕانەوە و خەڵکی ئەو ناوچانە بوون، زۆربەیان بۆ ناوچە بیابانییەکانی باشووری عێراق گوازراونەوە. سەبارەت بەو ناوچانەی کوردستانیش کە دراوسێی سنوورەکانی ئێران و تورکیا و سوریایە بەپانتایی ١٠ – ٢٥ کیلۆمەتر لە دانیشتوانەکانیان چۆڵ کران و کراونە ناوچەی قەدەغەکراو و خەڵکەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی نزیک شارەکانی کوردستان سەرلەنوێ نیشتەجێ کران، ئەمەش بەبیانووی ئاسایشی سنوورەکانەوە. تەواوی گوندەکانی ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە هێڵی سنوورەکانەوە وێران کران و لەگەڵ زەویدا تەخت کران. بەمەبەستی خنکاندنی بزاڤی کورد، کە ساڵی ١٩٧٦ سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە و بەدرێژایی جەنگی عێراق ـ ئێران کە لە ساڵی (١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨)ی خایاند و لەو ماوەیەدا بزاڤی کورد باشتر گەشەی کرد، ڕژێم سیاسەتێکی توندوتیژتری گرتەبەر، کە بەمانای تەواوەتی سیاسەتی جینۆسایدکردنی کورد بوو، ساڵی ١٩٨٠ ڕژێم هەزاران کوردی فەیلی بۆ ئێران ئاوارە کرد یاخود دەستگیری کردن و تا ئەمڕۆش چارەنووسی هەزاران کەس لەو فەیلییانە دیار نییە، ساڵی ١٩٨٣ (٨٠٠٠) کەس لە بارزانییەکان کە تەمەنیان لە ١٢ ساڵ بەرەو سەرەوە بوو دەستگیر کران، ئەوانەی پێشتر ڕاگوێزرابوون و لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی باشووری هەولێردا نیشتەجێ کرابوون و تا ئەمڕۆش چارەنووسیان نادیارە، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧و ١٩٨٨دا ڕژێم کۆمەڵێ کردەوەی سەربازی لە دژی کورد ئەنجام دا کە بەناوی ئەنفالەکان ناسراوە، بەهۆی ئەو شاڵاوانەوە چ گوندێکی کوردستان هەبووە کە تا ئەو کاتە وێران نەکرابوون بەهۆی ئەو شاڵاوانەوە لە ناوبران و لەگەڵ زەویدا تەخت کراون و، دانیشتوانەکانیشیان دەستگیر کران، هەندێکیان لە ئۆردوگاکانی نزیک (هەولێر و سلێمانی و دهۆک) بەزۆرەملێ نیشتەجێ کران و، ژمارەیەکی دیکەیان پاش کوژرانیان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا شاردرانەوە و تا ئەمڕۆش چارەنووسی (١٨٢) هەزار هاووڵاتی کورد لەوانەی لە کاتی ئەو شاڵاوە بەدناوەیەدا دەستگیر کراون چارەنووسیان دیار نییە و، ژمارەی ئەو گوندانەی وێرانیش کران لە کۆی (٥٠٠٠) گوندی کوردستانی عێراق ٤٥٠٠ گوند وێران کران، بۆ جێبەجێ کردنی پیلانەکانی، ڕژێم سڵی لەوەش نەکردەوە کەوا چەکی کیمیایی بەکار بێنێت، هەر بۆیە چەکی کیمیایی لە دژی دانیشتوانی بێ گوناهی هەڵەبجە

بەکار هێنا، ئەو شارەی ناوی لە هەموو جیهان دەنگی دایەوە و لە هەموو شوێنێک ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند، حکومەتی عێراقی (٥٠٠٠) کەسی لە دانیشتوانی ئەو شارە بەگازی ژەهراوی و کیمیایی کوشت کە زۆربەی قوربانییەکان ئافرەت و منداڵ بوون. ساڵی ١٩٨٨یش پاش ئەوەی جەنگی عێراق و ئێران کۆتایی پێ هات سوپای عێراق پەلاماری ئەو ناوچانەی دا، کە تا ئەو کات لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێرانی کورددا بوون لە بادینان. لە ترسی ئەوەی نەکا ئەمجارەش ڕژێم چەکی کیمیایی بەکار بهێنێ زیاتر لە (١٢٠٠٠٠) هاووڵاتیی مەدەنی کوردستانی عێراق بەرەو تورکیا کۆچیان کرد، ڕژێم بەهەزارانی تری دەستگیر کرد، کە نەیانتوانیبوو هەڵبێن و زۆریان دووچاری مەرگ بوونەوە، بەم جۆرە ڕژێم بەهێزی گازی کیمیایی توانی دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا بکێشێتەوە.

## ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١

دوو ساڵ بەسەر ئەو بارودۆخەدا تێنەپەڕیبوو ڕژێمی عێراق خۆی لە زەلکاوی داگیرکردنی کوێتدا چەقاند، پاش ئەوەی لە ٢ی ئابی ١٩٩٠دا عێراق کوێتی داگیر کرد، کاتێکیش لە مانگی شوباتی ١٩٩١دا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەسەرکردایەتی ئەمەریکا پەلاماری عێراقی دا گەلی کوردستان ڕاپەڕینە مێژووییە مەزنەکەی ئاداری ١٩٩١ی ئەنجام دا و، توانی زیاتر لە سێ لەسەر چواری خاکی کوردستانی عێراق رزگار بکات بەشارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکووک و خانەقین و شێخان و زۆربەی شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانەوە. بەرەی کوردستانی لە بەڕێوەبردنی ئەم ناوچە رزگارکراوانەی کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا، بەرەی کوردستانی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عێراقی لەخۆ گرتبوو و، هەر لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە پێک هێنرابوو. ئەو خۆشی ئازادییەی کورد زۆری نەخایاند، پاش کەمتر لە مانگێک کە کورد هەوای ئازادی هەڵمژی، پاشماوەی سوپای عێراقی، کە لە جەنگی رزگارکردنی کوێت رزگاری ببوو لە ٣٠ ئاداری ١٩٩١ دا پەلاماری کوردستانی دا و زۆربەی شار و شارۆچکە و ئۆردوگا و ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستانی خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام بەچۆڵکراوی، زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لە دانیشتوانی کوردستان ڕوویان لە چیا و سنوورەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا کرد، هۆکاری سەرەکی ئەوەش ترسی خەڵکەکە بوو لەوەی ڕژێم تۆڵەیان لێ بکاتەوە و، بەچەکی کیمیایی شارەکان بۆردومان بکات.



دەزگا جیهانییەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تراژیدیای ئەو ملیۆنانە مرۆڤەی کوردیان نیشانی جیهان دا، کە ڕۆژانە زۆریان لە برسان و لە سەرمان و لە ماندوویێتیدا دەمردن. ئەو دیمەن و ئازار و تراژیدیایە ویژدانی ملیۆنەها مرۆڤی ئەم جیهانەی بەجۆرێ وروژاند، کە زلهێزەکانی جیهان عێراقیان ناچار کرد لەو ناوچانەدا پاشەکشێ بکات، کە لە دواییدا بەناوچەی ئارام ناوبرا و لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی (UN) و وڵاتانی هاوپەیماندا بوو، ئەمەش بۆ ئەوە بوو ئەو خەڵکەی ماڵ و حاڵی خۆی جێ هێشتووە بگەڕێنەوە، بەڵام زۆری نەبرد ڕژێم دەزگا کارگێڕییەکانی خۆی لە زیاتر لە سێ پارێزگادا کشاندەوە (هەولێر و سلێمانی و دهۆک و بەشێکی مووسڵ و کەرکووک و دیالا) ئەمەش وای کرد لە ناوچەکە هیچ دەزگایەکی کارگێڕیتی نەمێنی و بۆشاییەک دروست ببێ، بەمەبەستی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە لەژێر سێبەری پارێزگاری نێو دەوڵەتیدا بەرەی




نەخشەی ژمارە -٧-
ناوچەی ئارام بەپێی بڕیاری ٦٨٨ی UN
(سەرچاوە: Kurdistan Focus July 1992)

کوردستـانی بڕیاری دا ئیـداراتی تازە دروست بکات لە ڕێگەی سازدانی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی دیموکراتی ئازاد. لە ١٩ی مایسی ١٩٩٢ نزیکەی ملیۆنێک کەس دەنگی دا بۆ هەڵبـژاردنی (١٠٥) نوێنەر بۆ ئەنجـومـەنی نیـشـتـمـانیی کـوردسـتـان، (١١) حزب و ڕێکخراو لەو هەڵبژاردنەدا بەشدارییان کرد، کە بەسەر شەش لیستدا دابەش ببوون، کە ئەمانە بوون (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، حزبی شیوعی عێراقی، حزبی سۆشیالیستی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، پاسۆک، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستـان، بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستـان، حزبی زەحمـەتکێشانی کـوردسـتـان، ڕێکخـراوی پاک، ڕێکخـراوی تیکۆشین)، لەو هەڵبـژاردنەدا دوو حـزبە سەرەکییـەکە سەرکەوتنیـان بەدەست هێنا، پارتی دیموکراتی کوردستان و، هاوپەیمانێتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە پێکهاتبوو لە (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕێکخراوی تێکۆشین و ڕێکخراوی پاک)، بڕیاریش درا پێنج کورسی پەرلەمان بۆ برا مەسیحییەکانی کوردستان (ئاشووری و کلدانەکان) دابین بکرێت، ئەوانیش لە ناو خـۆیاندا هەڵبژاردنێکی هاوشـێـوەیان ئەنجام دا و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری چوار کورسی مسۆگەر کرد و یەکێتی مەسیحییەکانی کوردستانیش یەک کورسی بەرکـەوت. لە مـانگی مـایسی ١٩٩٤دا شەڕی ناوخـۆ بەرپابوو، تا ئەمـڕۆش جـەمـاوەری کوردستان خوازیاری ئەوەیە قەیرانی ململانێ لەسەر دەسەڵات کە لە نێوان هەردوو حزبدا هەیە بەڕێگاچارەیەکی ئاشـتـیـیـانە یەکـلایی بکرێـتـەوە، بۆ ئەوەی بتـوانین ڕزگـاربوونی یەکـجـارەکی بەدەست بێنین و هەنگاوی باشـتـر و پێشکـەوتـووانەتر هەڵبـهـێـنینەوە تا ئەو کاتی بتوانین لە نیشتمانیی خۆماندا ژیانێکی پڕ کامەرانی و سەربەرزی ببەینە سەر.






نەخشەی ژمارە -٨-
هەرێمی کوردستانی ئازاد و سنووری پارێزگاکان بەپێی
دابەشکردنی ئیداری ئێستای دەوڵەتی عێراق

# بەشی دووەم

## پێناسەکان و چەند زانیارییەکی پێویست

### پێناسەی کوردستانی عێراق

مەبەست لە کوردستانی عێراق، بەشی خوارووی کوردستانە، کە بەپێی ڕێکەوتننامەیەک لە نێوان بەریتانیا و تورکیا لە ساڵی ١٩٢٥دا بەسترا و بەعێراقەوە لکێنرا و لەو کاتەوە بەشی باکووری عێراق پێک دێنێت. ڕووبەری کوردستانی عێراق لە دەوروبەری ٨٠ هەزار کیلۆمەتری دووجایە و نزیکەی ١٨٪ سەرجەمی گشتی خاکی عێراق پێک دەهێنێت کە(٤٣٥ هەزار کم٢)ە.(٧) سەرژمێری کورد لە عێراق زیاتر لە ٦ ملیۆن کەسە و نێوان (٢٥ - ٣٠٪)سەرجەمی دانیشتوانی عێراق پێک دەهێنێت کە ئێستا زیاترە لە ٢٢ملیۆن کەس. نزیکەی دوو لەسەر سێی ئەو دانیشتووانانە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و لە بەشە ڕزگارکراوەکانی سەربە پارێزگاکانی کەرکوک و مووسڵ (واتە هەرێمی کوردستانی ئازاد) دەژین، کە پتر لەنیوەی ڕووبەری کوردستانی عێراق پێک دەهێنێت و ئەوانی تر لە نێو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی حکومەتی مەرکەزی عێراق نیشتەجێن. کوردستانی عێراق ئەمڕۆ لە نێوان هەشت پارێزگای عێراقدا دابەش بووە کە ئەمانەن: هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکووک و هەندێ بەشی هەر چوار پارێزگای دیالە و مووسڵ و سەلاحەدین و کوت.

### هەرێمی کوردستانی ئازاد

کوردستانی ئازاد، ئەو بەشەی کوردستانی عێراقە کە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١وە لەژێر کۆنترۆڵی ئیدارەی کوردییە و دوای هەڵبژاردنەکانی ١٩ی مایسی ١٩٩٢ لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ڕووی کارگێڕییەوە بەڕێوەدەبرێت. هەرێمی کوردستانی عێراقی ئازاد ڕووپێوەکەی (٤٢ هەزار کم٢)ە، (واتە نیوەی خاکی کوردستانی عێراق) و پێکهاتووە لە ٢٣ قەزا لە هەر سێ پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و

(٧) لە کۆی ٤٤ دەوڵەتی قارەی ئەوروپی، کوردستانی عێراق لە ٢٦یان گەورەترە، بۆ نموونە دەوڵەتەکانی وەکو: ئوتریش و ئایرلەندە و دانیمارک و سویسرە و هۆڵەندا و بەلجیکا و ئەلبانیا و ئەستونیا و لیتوانیا ولۆکسمبۆرگ و چیک و کرواتیا... هتد. هەر هەموویان ڕووپێویان لە کوردستانی عێراق بچووکترە.






نەخشەی ژمارە -٩-
سنووری ئیتنۆگرافی کورد لە عێراق
(سەرچاوە: ئەرشیفی CIA, Government of untied states of America 1992)




نەخشەی ژمارە -١٠-

هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی دابەشبوونە ئیدارییەکانی ساڵی ١٩٧٠



سلێمانی و بەشێک لە پارێزگاکانی مووسڵ و کەرکووک و دیالا. (بڕوانە نەخشەی ژمارە -٨- لە لاپەڕە ٢٨ و هەروەها نەخشەی ژمارە -١١-ی خوارەوە). ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی ئەمڕۆمان لە دەورووبەری (٣,٨٠٠,٠٠٠ کم٢) کەسە.




نەخشەی ژمارە -١١-

قەزاکانی کوردستانی ئازاد (هەرێمی کوردستان)

## پارێزگای مووسڵ

تا دامەزراندنی دەوڵەتی تازەی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ (هەروەکو پێشووتریش باسمان کرد) بەشی هەرە زۆری کوردستانی عێراقی ئەمڕۆ دەکەوتە نێو سنووری ویلایەتی مووسڵی عوسمانی هەرچەندە بەشێکی وەکو: (خانەقین، شارەبان، مەندەلی، بەدرە) دەکەوتنە نێو سنووری ویلایەتی بەغدای عوسمانی.

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تازەی عێراق لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە ساڵی ١٩٢٠ و بەتایبەتی دوای چارەسەرکردنی کێشەی چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ بەلکاندنییەوە بەدەوڵەتی عێراق ساڵی ١٩٢٦ ئیتر دابەشکردنێکی ئیداری تازە هاتە کایەوە لەلایەن ئینگلیزەکان و کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق.

لە ساڵی ١٩٣٠ پارێزگای مووسڵ بەم شێوەیە بوو:

| قەزا | ناحیە |
|---|---|
| مووسڵ | ناوەندی مووسڵ، قەرەقووش، شۆڕە، شەرگات |
| دهۆک | ناوەندی دهۆک، دۆسکی، مزووری باڵا |
| زاخۆ | ناوەندی زاخۆ، سلێڤانی، سندی، گلی |
| ئامێدی | ناوەندی ئامێدی، نیرەوەڕێکان، بەرواری باڵا |
| زێبار | ناوەندی زێبار، بیرەکەپرا |
| تەلەعفەر | ناوەندی تەلەعفەر، زوممار |
| شەنگار | ناوەندی شەنگار، شیمال (کەرسێ) |
| شێخان | ناوەندی شێخان، (باسفنی)، ئەلکوش، بەعشیقە |
| ئاکرێ | ناوەندی ئاکرێ، عەشایری سەبعە (گۆران) |



وە ئەگەر تەماشای (الدليل الرسمي العراقي ساڵی ١٩٣٥) بکەین دەبینین کە لیوای مووسڵ بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی ساڵی ١٩٣٥ بەم شێوەی خوارەوە بووە:

| قەزا | ناحیە |
|---|---|
| مووسڵ | شۆڕە، قەرەقۆش، شەرگات (قلعة شهر قرد)، حەمدانیە، تلکێف |
| ئامێدی (العمادية) | نیوەڕێکان، بەرواری باڵا |
| زاخۆ | سلێڤانی، سندی، گولی |
| بیرەکەپرا (الزيبار) | بەرۆژ (بروش)، مزووری باڵا |
| دهۆک | دۆسکی، مزووری |
| سنجار | الشمال (کەرسێ) |
| ئیسفنێ (الشيخان) | ئەلقۆش + گوندی باعشیقا |
| عقرە | السورچیة، العشائر السبع (بەردەڕەش) |

وە تا ساڵی ١٩٦٩ پارێزگاری مووسڵ پێک دەهات لە هەردوو پارێزگای مووسڵ و دهۆکی ئێستا. دوای دامەزراندنی پارێزگای دهۆک لە ساڵی ١٩٦٩، پارێزگای مووسڵ بچووکتر کرایەوە بەڵام بەشێکی زۆری کوردستان هەر مایەوە لەنێو سنووری ئەم پارێزگایە.

ئەمڕۆ پارێزگای مووسڵ پێک دێت لەم قەزا و ناحیانەی خوارەوە:

| ناحیه | قەزا |
|---|---|
| العشائر السبعة (بەردەڕەش)، السورچیة (بجیل)، نهلة (دینارتة)، گردەسێن. | ئاکرێ |
| المزوری (ئەتروش)، مریبا. | الشیخان |
| القوش، وانه (وانکێ). | تلکیف |
| بعشیقة، الحمیدات (بادۆش)، ألمحلبیة، حمام العلیل) | الموصل |
| کەڵەک، برتلله، نەمرود | الحمدانیة |
| الشمال (سنونی)، القیروان (بلیج) | سنجار |
| زمار، العیاضیة (ئاڤگەنی)، ربیعة (سعدة) | تلعفر |
| القحطانیة (تل عوزێر) | البعاج |
| الشورة، القیارة، الزاب (الشك) | الشرقاط |
| التل (تل عبطة) | الحضر |






نەخشەی ژمارە -١٢-
دابەشکردنی ئیداری پارێزگای مووسڵ (نەینەوا) ساڵی ١٩٩١




نەخشەی ژمارە -١٣-

ناوچە کوردییەکانی پارێزگای مووسڵ کە لەژێر دەستەڵاتی حکوومەتی مەرکەزییە تا ئەمڕۆ






نەخشەی ژمارە -١٤-

بەشی پارێزگای مووسڵ لە تەعریبکردنی کوردستان

| نەتەوە | ژمارەی دانیشتووان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کورد | ٤٩٤,٠٠٧ | ٧١٪ [٨] |
| عەرەب | ١٦٦,٩٤١ | ٢٤٪ [٩] |
| تورک | ٣٨,٦٥٢ | ٥٪ |
| سەرجەم | ٦٩٩,٦٠٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە -٥-

خەمڵاندنی دەزگا پەیوەندارەکانی عێراق سەبارەت بەدانیشتووانی لیوای مووسڵ بەگشتی - ساڵی ١٩٢٥ [١٠]

| لیوا | کورد | عەرەب | مەسیحی | تورکمان | جوولەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٩٩,٢٪ | - | - | - | ٠,٨٪ |
| هەولێر | ٨٩٪ | ٦,١٪ | ٢٪ | ١,٥٪ | ١,٤٪ |
| کەرکووک | ٤٢,٥٪ | ٣١,٩٪ [١١] | ٢,٢٪ | ٢٣,٤٪ | - |
| مووسڵ | ٣٧,٣ | ٣٩٪ | ١٨٪ | ٣٪ | ٣٪ |
| تێکڕایی ویلایەتی مووسڵ | ٦٧٪ | ٢١٪ | ٨٪ | ٥٪ | ١٪ [١٢] |

خشتەی ژمارە -٦-

دانیشتووانی ویلایەتی مووسڵ (لیوا بەلیوا) بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی مووسڵ - لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٥

(٨) ئەمەیە ڕێژەی کورد بەدەر لە کوردەکانی قەزاکانی خانەقین و مەندەلی و بەدرە، چونکە ئەو شوێنانە سەر بەویلایەتی بەغدا بوون ئەو کات.

(٩) ئەمەیە ڕێژەی عەرەب سەبارەت بەوکات، کە دانیشتووانی قەزاکانی بەعاج و حەزەر و شەرگاتیشی دەگرتەوە.

(١٠) سەرچاوە؛ د. فازڵ حوسێن، مشكلة الموصل، بغداد ١٩٧٧

(١١) ئینگلیز هەوڵیان ئەدا بەهەموو شێوەیەک بیانۆیەکانی تورک پووچەڵ بکەنەوە و بۆیە ژمارەی دانیشتووانی عەرەبیان زیاد ئەنووسی و بەتایبەتی لە کەرکووک، ئەو شوێنەی کە دەیانزانی نەوتی تیا هەیە. سەرژمێرەکانی ساڵی ١٩٥٧ ئەو ڕاستیانەیان نیشان دا، کە ڕێژەی کورد لە کەرکووک ٤٩,٩٦٪ و عەرەب ٢٨,١٩٪ و تورکمان ٢١,٤٤٪ (سەرچاوە؛ محمود الدرة، القضية الكوردية کە لە بەیروت چاپ کراوە لە ساڵی ١٩٦٦ هەرچەندە سەرچاوەی تر هەیە کە ڕێژەی کورد لە کەرکووک بە ٥٣,٣٥٪ نیشان دەدات (بڕوانە؛ لاپەڕە ١٠١ لە قصة الاكراد في شمال العراق کە نووسەرەکەی (العقيد امين سامی الغمراوی)یە کە لەساڵی ١٩٦٥ چاپکراوە).

(١٢) لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ - ١٩٥٢ جوولەکەکان بەشێوەیەکی سەرتاپاگیری کوردستانیان بەجێ هێشت و باریان کرد بۆ ئیسرائیل.






نەخشەی ژمارە -١٥-

چڕی دانیشتووان لە عێراق (قەزا بەقەزا) ساڵی ١٩٥٧

## ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای مووسڵ

لە وەتەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراون، زۆر لە ڕۆڵەکانی پارێزگای مووسڵ بەئاواتن شاری ئاکرێ بکرێتە مەڵبەندی پارێزگا (هەروەک دەربەندیخان بەشێوەیەکی کاتیی کرایە سەنتەری پارێزگای کەرکووک)، چونکە باری پارێزگای مووسڵ زۆر لە باری پارێزگای کەرکووک دەچێت.

وەک ئاشکرایە ئێمە تەنیا دوو قەزا لە پارێزگای کەرکووک بەڕێوەدەبەین (بەپێی دابەشکردنە کارگێڕییەکانی پێش ساڵی ١٩٧٤)، ئەوانیش هەردوو قەزای (چەمچەماڵ و کفری)ن، ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرتاپاگیری نییە[١٣]. لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگایەکمان بەناوی پارێزگای کەرکووک و بەهەموو دەزگاکانییەوە، هەیە.

هەروەها لە سنووری پارێزگای مووسڵیشدا لە ساڵی ١٩٩١وە و هەتا ئێستاش پتر لە دوو قەزا بەڕێوە دەبەین، ئەو قەزایانەش (ئاکرێ و شێخان و بەشێک لە قەزای ئەلحەمدانییە)ن. بەشێوەیەکی وردتر، قەزای ئاکرێ بەتەواوی و نزیکەی ٢/٣ی قەزای شێخان (هەردوو ناحیەی ئەترووش و مریبا بەتەواوی و بەشێک لە دێیەکانی سەر بەمەرکەزی قەزا وەک شارۆچکەی باعەدرێ کە بەسەر شارۆچکەی (ئیسفنێ)ی سەنتەری قەزای شێخان دەڕوانێت)، هەروەها بەشێک لە ناحیەی (کەلەک)ی سەر بەقەزای حەمدانییە، بەخودی مەرکەزی ناحیەوە.[١٤] ناوچە کوردنشینەکان لە پارێزگای مووسڵ تەنیا قەزای ئاکرێ و شێخان ناگرنەوە، بەڵکو چەند قەزایەکی دیکەی ئازاد نەکراو دەگرنە خۆیان و، پێویستە لەسەر ئێمە ئەم مەسەلەیە لەبیر نەکەین و لە ناوچە کوردنشینەکانی دیکەی ئازاد نەکراو خۆش نەبین، کە کەوتوونەتە پارێزگای مووسڵ، تەنانەت لە خودی شاری مووسڵیش خۆش نەبین کە نیوەی دانیشتوانی کوردن یاخود ئەو کوردانەن کە بەزۆرەملێ بەعەرەب کراون،[١٥] (بڕوانە نەخشەی ژمارە -١٨- لە لاپەڕە ٤٢).

ئەگەر بێت و ڕاوەرگرتنێک لە خودی شاری مووسڵدا ئەنجام بدرێت و تیایدا خەڵکی بتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە ڕای خۆیان دەرببڕن ئەوا دەردەکەوێت کە نزیکەی نیوەی

(١٣) ساڵی ١٩٧٦ بەشێک لە قەزای کفری جیاکرایەوە و ناونرا بەقەزای کەلار.
(١٤) مەبەست ناحیەی ئەسکی کەلەک یان کەلەکی یاسین ئاغا.
(١٥) مەبەست ئەو بەرەی مووسڵە واتە کەناری ڕۆژهەڵاتی دجلە (الساحل الایسر)، هەر بۆ ئاگاداری خودی شاری مووسڵ تا پێش کەمتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر بەتەواوی دەکەوتە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری دجلە، واتە یەک خانووی شاری مووسڵ لە کەناری ڕۆژهەڵاتەوە نەبووە.






نەخشەی ژمارە -١٨-
قەزایە کوردییەکانی پارێزگای مووسڵ

دانیشتووانی خودی شاری مووسڵ کوردن و، جگە لە کەناری چەپی مووسڵ، دانیشتوانی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای مووسڵ کوردن. لای باکوور بەدرێژایی ئەو ڕێگە سەرەکییەی بۆ دهۆک یان شێخان دەچێت، چەند گوندێکی کوردنشین دەکەونە دەوروبەری ڕێگەکە، خەڵکی ئەو گوندانەش لە تیرەکانی شەبەک (شاهبەگ یان شەبەنگ) و باجەلان و ئێزدی و عەشیرەتەکانی کیکان و زێدک و خەڵکی ترن. لەلای ڕۆژهەڵاتەوەش بەدرێژایی ئەو ڕێگەیەی بۆ هەولێر یان بۆ ئاکرێ دەچێت چەند گوندێکی کوردنشین دەکەونە دەوروبەری ڕێگەکە و خەڵکی ئەو گوندانەش لە تیرەکانی شەبەک و ساروللی (کۆمەڵێکی کاکەیی) و عەشیرەتی گۆرانن. لەلای ڕۆژئاواوەش لەسەر ئەو ڕێگەیەی بۆ

تەلەعفەر و شەنگار دەچێت، چەند هۆزێکی کورد دەکەونە دەوروبەری ئەو ڕێگەیە، ئەو هۆزانەش لە گەرگەری و ئێزدی و خەڵکی دیکە پێک دێن. هەروەها ناحیەی بازیوە کە ١٠٠ ٪ی دانیشتوانی کوردی شەبەکن (ئەم ناحیەیە ئێستا هەڵوەشێندراوەتەوە)، تەنیا دوو کیلۆمەتر لای ڕۆژهەڵاتەوە لە شاری مووسڵ دوورە وشاری باشویک (بعشیقە)ی ئازادنەکراو کە ٨٥ ٪ دانیشتوانی کوردی ئێزدین تەنها ١٢کم لە مووسڵەوە دوورە و شارۆچکەی بەردەڕەش (سەنتەری ناحیەی عەشائر سەبعە) کە ئەویش ١٠٠ ٪ی دانیشتوانی کوردن و ناوچەیەکی ئازادکراوە تەنیا ٣٤ کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری مووسڵ دوورە، واتە بەقەد ماوەی نێوان هاوینەهەواری سەلاحەدین و شاری هەولێر، لە کاتێکدا بەردەڕەش نزیکەی ١٦٠کم لە دهۆکەوە یاخود لە هەولێرەوە دوورە. دووری ماوەکەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەم شارۆچکەیە و گوندەکانی لە پەراوێزی ڕووداوەکان و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە بژین کە لە کوردستانی ئازادکراودا لە ئارادان، ئەگەرچی شارۆچکەی ناوبراو وەکو شارۆچکەکانی دیکەی قەزای ئاکرێ، لەوەتەی کارگێڕیی کوردی ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە، بەپارێزگای دهۆک لکێندراوە، هەرچەندە قەزای ئاکرێ بەدرێژایی مێژوو لە ڕووی کارگێڕیی و سیاسی و ئابوورییەوە سەر بەپارێزگای مووسڵ بووە، هەر لە سەردەمی خیلافەتی عەباسی و ئەتابەکییەکان (عیمادەدین زەنگی) و ئەیوبییەکان و بەدرەدین لؤلؤوە بگرە تا دەگاتە خیلافەتی عوسمانی و حکومەتی عێراقی تازە و هەتا ساڵی ١٩٩٢. دووری ئەم ناوچەیە لە سەنتەری دهۆکەوە بووەتە هۆی ئەوەی ئەم قەزایە و بەتایبەتیش ئەو ناحیانەی کەوتوونەتە باشووری قەزاکە (گردەسێن و بەردەڕەش و کەڵەک) لە لایەن پارێزگای دهۆکەوە بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدرێت و لە پەراوێزی بایەخپێدانی پارێزگای ناوبراودا بن، لە کاتێکدا دەبوایە بایەخێکی گەورەیان پێ بدرێت، لەبەر ئەوەی ناوچەکە زۆر لە مووسڵەوە نزیکە (هێڵی بەیەک گەیشتنە)، هەروا بێتەوە ناوچەیەکی کشتوکاڵی زۆر گرنگە لە کوردستاندا، (بڕوانە نەخشەی ژمارە -١٦- لەلاپەڕە ٤٥).

باری پارێزگای مووسڵ لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانی کوردەوەش لە باری پارێزگای کەرکووک دەچێت. ئەگەر دانیشتوانی کورد لە پارێزگای کەرکووک لە هەموو قەزاکاندا هەن و نیوەی دانیشتوانی پارێزگاکە پێک بێنن، ئەوا لە کۆی (١٠) قەزای سەر بەپارێزگای مووسڵدا، کورد لە (٨) قەزا دان، وەک لە خشتەی ژمارە -٧-ی خوارەوەدا ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە هەر قەزایەکدا دیاری کراوە:



| ژ | قەزا | ژمارەی دانیشتووانی کورد لەچاو سەرجەمی ژمارەی دانیشتووان بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ (١٦) | ژمارەی دانیشتووانی کورد لەچاو سەرجەمی ژمارەی دانیشتووان بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی کە کردوومانە لەسەر (الدليل العام لتسجيل النفوس العام لسنة ١٩٥٧ بڕوانە؛ پاشکۆی ژمارە -٢- |
|---|---|---|---|
| -١ | ئاکرێ | ٪ ٩٥ | ٪ ٩٨ |
| -٢ | شێخان | ٪ ٦٠ | ٪ ٨٥ |
| -٣ | شەنگار | ٪ ٧٨ | ٪ ٨٢ |
| -٤ | تەلەعفەر | ٪ ١٧ | ٪ ٣٥ |
| -٥ | مووسڵ | ؟ | ٪ ٤٠ |
| -٦ | ئەلحەمدانیە (قەرەقووش) | ٪ ٤٥ | ٪ ٥٥ |
| -٧ | تەلکێف | ؟ | ٪ ٤٥ |
| -٨ | ئەلبەعاج | ؟ | ٪ ١٥ |
| -٩ | ئەلشەرقات | ؟ | ٪ ٥ |
| -١٠ | ئەلحەزەر (الحضر) | ؟ | - |

خشتەی ژمارە -٧-
ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە قەزاکانی پارێزگای مووسڵ لە ساڵی ١٩٥٧دا

سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە ڕێژەی کورد لە سەرتاپای پارێزگای مووسڵ نزیکەی ٤٠ ٪بووە[١٧]. ئەو ناوچانەی کە هاووڵاتیانی کورد لە پارێزگای مووسڵ تیایدا نیشتەجێن، بچووک نین، بۆ نموونە تەنیا قەزای ئاکرێ ڕووپێوەکەی نزیکەی (٣٠٠٠ کم٢)ە، ئەمەش بەقەد ١/٣ ڕووپێوی سەرتاپای پارێزگای ئێستای دهۆکە و، بەقەد نزیکەی نیوەی ڕووپێوی پارێزگای ئەسلی دهۆکە، (بڕوانە نەخشەی ژمارە -١٧- لە لاپەڕە ٤٦)، ڕووپێوەکەش هەموو ئەو ناوچە جوگرافیانە دەگرێتەوە کە لە بلە و ڕێزان

(١٦) بڕوانە؛ الدليل العام لتسجيل النفوس العام لسنة ١٩٥٧.
(١٧) ئەو ڕێژەیە کوردەکانی پارێزگای دهۆکیش دەگرێتەوە چونکە قەزاکانی دهۆک و ئامێدی و زاخۆ کە پارێزگای دهۆکی لێ دامەزرا ئەوسا سەر بەلیوای مووسڵ بوون.



نەخشەی ژمارە -١٦- قەزا کوردییەکانی مووسڵ ساڵی ٢٠٠٢ لە نزیکەوە
(سەرچاوە: للنشاة العامة للسيادة بغداد ١٩٨٣)





نەخشەی ژمارە -١٧- (پارێزگای دهۆک لە پێش ١٩٩١ و ئێستا)

(لەسەر زێی گەورە)وە هەڵدەکشێ هەتا کەلەکی یاسین ئاغا لەسەر ڕێگەی سەرەکی نێوان هەولێر و مووسڵ، ئەم ناوچەیەش ناوچەیەکی جوگرافی و ئابووری زۆر گرنگە و، سەبارەت بەهەرێمی کوردستانی ئازادکراو لە ڕووی ئاسایش و سەربازییەوە گرنگییەکی گەورەی هەیە. (بڕوانە خشتەی ژمارە -٨-ی خوارەوە) کە ڕێژەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە هەندێک لە یەکە کارگێڕییەکانی سەر بە لیوای مووسڵ (ساڵی ١٩٥٧) دەردەخات.

| ناوچە | کورد | عەرەب | تورکمان | مەسیحی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ئەلحەمدانییە | ٪٤٠ | ٪١٧,٦ | ٪١٢ | ٪٣١ |
| بەعشیقە | ٪٩٢ [١٨] | ٪٨ | – | – |
| مزووری (ئەتروش) | ٪١٠٠ | – | – | – |
| سەنتەری شێخان | ٪٨٣ | ٪٥,٦ | – | ٪١١,٥ |
| ئەلقوش | ٪٧٥,٦ | ٪٦,٥ | – | ٪١٧,٨ |
| زمار | ٪٤٥ [١٩] | ٪٥٥ | – | – |
| ألسورچییە (بجیل) | ٪٩٤ | – | – | ٪٠٦ |
| عەشائیر سەبعە (بەردەڕەش) | ٪١٠٠ | – | – | – |
| نەهلە (دینارتە) | ٪٨٨ | – | – | ٪١٢ |
| تلکێف | ٪٨ | ٪٢٥ | ٪١٥ | ٪٥٢ |
| الشمال (سنونێ) | ٪٩٣,٥ | ٪٦,٥ | ؟ | ؟ |
| العیاضیة (ئاڤگەنی) | ٪٩,٢ | ؟ | ؟ | ؟ |

خشتەی ژمار -٨-
ڕێژەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە هەندێک لە ناحیەکانی
لیوای مووسڵ ساڵی (١٩٥٧)[٢٠]

(١٨) کوردی موسڵمان و ئێزدی و شەبەک و هی تر.
(١٩) جگە لە کوردەکانی هەسنان.
(٢٠) بڕوانە؛ محمود الدرة، القضیة الكوردیة. هەروەها کوردستانی نوێ ژمارە (٢٦٩٨) لە ٢٠٠٢/٣/٦.
هەروەها پاشکۆی ژمارە (٢)ی ئەو کتێبەمان.



ڕووپێوی ناوچە ئازادکراوەکان لە پارێزگای مووسڵ (ئاکرێ و شێخان و حەمدانییە) بەقەد ڕووپێوی پارێزگای ئەسلیی دهۆکە، (بڕوانە نەخشەی ژمارە -١٧- لە لاپەڕە ٤٦).

لە ماوەی نێوان ١٩٧٠- ١٩٧٤دا پارتی دیموکراتی کوردستان لقێکی حزبی (لقی یەک)ی لە پارێزگای مووسڵدا هەبوو، بارەگای ئەو لقەش لەناو شاری مووسڵدا بوو، بەڵام ئێستا هیچ لقێکی بۆ شاری مووسڵ نییە، بەڵکو لقێکی حزبی لە (ئاکرێ)دا هەیە (کە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بەپارێزگای مووسڵە)، لە تواناشدا هەیە ناوچەی چالاکی و دەسەڵاتی ئەم لقە فراوان بکرێ تاکو سەرتاپای ناحیە و قەزا کوردنشینە ئازاد نەکراوەکان لە پارێزگای مووسڵدا بگرێتەوە، جگە لە لقی حزبی، هەروەک پێشتر باسمان کرد دەکرێت پارێزگای مووسڵ پێک بهێندرێت بۆ ئەوەی ببێتە پێنجەمین پارێزگا (پاش دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکووک) لە کوردستاندا و ئەم ناحیە و قەزایانەش بگرێتەوە کە لە (خشتەی ژمارە -٩- لە لاپەڕە ٤٩)دا هاتووە.

لە بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبەکەدا بەجیا باسی هەر یەکێک لەم قەزا و ناحیانە دەکەین، واتە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەتر باسی پێکهاتەی جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانە دەکەین. ئەو ناوچانەشمان کردووە بەسێ بەش:

١- قەزاکانی ئازاد (ناوچە ڕزگارکراوەکان).

٢- قەزاکانی کەناری ڕۆژهەڵاتی ئاوی دجلە.

٣- قەزاکانی ڕۆژئاوای ئاوی دجلە.

| قەزا | کۆی گشتی ڕووپێوی ناوچە کوردییەکان بەکم۲ | ناحیە ئازادکراوەکان | ڕووپێو بەپێی دابەشکردنی ساڵی ۱۹۸۷ بە(کم۲) | ناحیە ئازادنەکراوەکان | ڕووپێو بەپێی دابەشکردنی ساڵی ۱۹۸۷ بە(کم۲) |
|---|---|---|---|---|---|
| **ئاکرێ** | ۲۸٤۷ | مەڵبەندی ئاکرێ<br>نەهلە (دینارتە)<br>سورچی (بجێل)<br>گرەسێن<br>عەشائیری سەبعە | ١٤٣<br>٩٣١<br>٣٢٥<br>٥٩٨<br>٨٥٠ | | |
| **شێخان (عێن سفنی)** | ۱۲٥۹ | مرێبا<br>مزوری (ئەتروش) | ٤٤٤<br>٢٩١ | مەڵبەندی شێخان | ٥٢٤ |
| **شەنگار** | ۳۱۹۰ | | | مەڵبەندی شەنگار<br>ئەلشەماڵ(سنونێ)<br>قێرەوان (بلیج) | ٧٠٤<br>١٧١٦<br>٧٧٠ |
| **تەلەعفەر** | ٤٣٠٧ | | | سەنتەری تلعفر<br>ڕەبیعە<br>زمار<br>ئەلعیازییە (ئاڤگەنی) | ٨٢٤<br>١٤٣١<br>١٢٦٨<br>٧٨٤ |
| **ئەلحەمدانییە (قەرەقوش)** | ۱۱۸۸ | کەلەکی یاسین ئاغا | ٣٢٥ | سەنتەری قەرەقوش<br>بەرتللە<br>نەمرود(خدرئەلیاس) | ١٧٥<br>٢١٥<br>٤٧٣ |
| **مووسڵ** | ٦٢٦ | | | بەعشیقا(باشوکێ)<br>کەناری چەپی مووسڵ | ٥٢٦<br>١٠٠؟ |
| **تلکێف** | ۱۲۷٥ | | | سەنتەری تلکیف<br>ئەلقۆش (ئالکوشێ)<br>وانە | ٤٠١<br>٥٠٨<br>٣٦٦ |
| **بەعاج** | ٥٠٠ | | | ناحیةي القحطانیة<br>(تل عوزیر) | ٥٠٠ |
| **شەرگات** | ۲٥۰ | | | ناحیەی زاب | ٢٥٠ |
| **کۆی ناوچەی کوردنشینەکان لە پارێزگای مووسڵ** | ۱٥٤٤۲ | کۆی ناوچە ئازادکراوەکان | ٣٩٠٧ | کۆی ناوچە ئازادکراوەکان | ١١٥٣٥ |

خشتەی ژمارە -۹-

ناحیە و قەزا کوردنشینەکانی سەر بەپارێزگای مووسڵ

# بەشی سێیەم

## ناوچە ڕزگارکراوەکانی پارێزگای مووسڵ

### ١- قەزای ئاکرێ

أ ـ ڕووی ناوچەکە:

قـەزای ئاکـرێ دەکـەوێتـە ئەوپەڕی باکـووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگـای مـووسڵ و، لە ڕۆژهەڵاتەوە زێی گـەورە سنووری قـەزا لەگـەڵ پارێزگـای هەولێـر پێک دێنێت، سنووری قەزای ئاکرێ لە باووکرەوە دیسان زێی گەورە و ناوچەی بارزان (سەر بەپارێزگای هەولێر) و لە باکووری ڕۆژئاواوە قەزای ئامێدی (پارێزگای دهۆک) و، لە ڕۆژئاواوە ڕووباری خازر و قەزای شێخان و لە باشوورەوە ناحیەی کەڵەک (لە قەزای حەمدانییە) و لە باشووری ڕۆژئاواوەش قـەزای مـووسـڵە. ڕووپێـوی قـەزاکـە خـۆی لە (٢٩٩٥)کم٢ دەدات بەپێی دواترین دابەشکردنی ئیـداریی سـاڵی ١٩٩٠ (واتە لە دەوڵەتێکی وەکـو لوکسـمـبورگ (٢٥٨٦کم٢)یان بەحرەین (٦٢٠کم٢)یان سنگافۆرە (٦٤٨کم٢) گەورەترە).

ژمارەی دانیشـتوانی قەزای ئاکرێ (١٤٨٣٨٦) کەسە بەپێی ئەو سەرژمێرییانەی کە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن دەزگاکانی سەر بە UN لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک)ەوە ئەنجامدراون، لەم قەزایەدا کورد زیاتر لە ٩٥٪ی دانیشـتوان پێکدەهێنن و ئەوەی ماوەش چەند هەزار کـەسێکن لە برا ئاسوورییـەکانمان کە لەم قەزایەدان. قەزای ئاکرێ لە ڕووی ڕووپێوەوە بەیەکـێک لە گـەورەترین قـەزاکـانی کوردسـتـان دادەندرێت، (بڕوانە نەخشـەی ژمارە -١١- لە لاپەڕە ٣٢) هەروەها یەکێک لە دەوڵەمەندترین قـەزاکانی کوردسـتـانە، چونکە یەکـێک لە بەپیـتـتـرین دەشـتـەکانی کوردسـتـان دەکـەوێتـە چوارچێوەی ئەم قـەزایە، ئەویش دەشـتی ناوکـوڕە (لە ناوقوڕ یان ناوکۆڕەوە هاتووە) و تاکە قـەزاشە لە پارێزگای مووسڵ کە بەتەواوی ئازادکراوە[٢١].

قـەزای ئاکرێ لە ڕووی سروشـتی جوگرافـییـەوە لە سێ ناوچەی سـروشـتی پێکدێت و ناوچەکانیش ئەمانەن:

(٢١) جگە لە هەر دوو گـوندی (کـانیـلان و شـیـوەرێ)ی سـەر بەناحـیـەی بەردەڕەش تەواوی قـەزای ئاکـرێ لەژێر دەستەڵاتی حکوومەتی هەرێم دایە.






نەخشەی ژمارە -١٩-
پارێزگای ئەسڵی دهۆک لەگەڵ قەزای ئاکرێ و بەشێکی قەزای شێخان ساڵی ١٩٧٠

**١- ناوچەی شاخاویی:**

ئەم ناوچەیە نزیکەی ٣٠ ٪ی ڕووپێوی قەزاکە پێکدەهێنێ و ئەو دەڤەرانە دەگرێتە خۆ کە کەوتوونەتە باکووری شارۆچکەی ئاکرێ و ئەو زنجیرە شاخاوییە پێکدەهێنێت کە بەسەر (ئاکرێ)دا دەڕوانێت (زنجیرە چیاکانی ئاکرێ) کە سنوورێکی دابڕە لە نێوان ناوچەی شاخاویی و ناوچەکانی دیکەدا، لوتکەی (پیرس) بەرزترین و بەناوبانگترین چیای قەزایەکەیە کە بەرزاییەکەی دەگاتە (١٩٤٥م).

**٢- ناوچەی دەشتایی:**

ئەم ناوچەیە نزیکەی ٥٠ ٪ی ڕووپێوی قەزاکە دەگرێتەوە و هەموو ئەو ناوچەیە دەگرێتە خۆ کە کەوتۆتە نێوان زنجیرە چیاکانی ئاکرێ لە باکوور و زنجیرەی زوورگی بەردەڕەش لە باشوور و زنجیرە گردۆڵکەکانی بەردەسۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە و ڕووباری خازر لە ڕۆژئاواوە، ناوچەکەش پێی دەوترێت دەشتی ناوکوڕ(ناوقوڕ) کە بەناوچەیەکی قوڕ و لیتاوی بەناوبانگە و ئەم دەشتە بەیەکێک لە دەشتە بەپیتەکانی کوردستان دادەنرێت. لەوانەشە ناوەکەی لە (کورة المرج)ەوە هاتبێت، کە ئەوەش لە بنەڕەتدا لە(مەرگا)ی پێش ئیسلام سەرچاوە دەگرێت.

**٣- ناوچەی گەوەک:**

ئەم ناوچەیەش نزیکەی ٢٠ ٪ی ڕووپێوی قەزاکە دەگرێتەوە و هەموو ئەو گردۆڵکانە دەگرێتە خۆ کە دەکەونە ئەوپەڕی باشوور و ڕۆژهەڵاتی قەزاوە لە هەرسێ ناحیەکانی بەردەڕەش و گردەسێن و بجیلدا و ئەم گردە بەرزانەش چەند پاوانێکیان لێ دەکەوێتەوە کە بۆ مەڕ و ماڵات سوودیان لێ وەردەگیرێت. بەناوبانگترین گردۆڵکەکانی ئەم دوو ناوچەیەش زوورگی بەردەڕەش (٥٦١)مەترە و (بەردەسۆر ٨٨٠)مەترە.

**ب- دابەشکردنی کارگێڕیی:**

قەزای ئاکرێ هەتا پێکهێنانی دەوڵەتی تازەی عێراق (دوای ساڵی ١٩٢٦)تەنیا دوو ناحیەی دەگرتەوە ئەویش ناحیەی (سورچی) کە مەڵبەندەکەی گوندی (بجیل)و ناحیەی (زێبار) کە سەنتەرەکەی گوندی (بیرەکەپرا) بوو و پاشان بۆ گوندی (دینارتە) گوێزرایەوە و لەوەتەی ساڵی ١٩٥٣وە تا ئێستا پێی دەوترێت ناحیەی (نەهلە).

دوای پێکهێنانی دەوڵەتی تازەی عێراق بەتەواوی، ساڵی ١٩٣٠، ناحیەی (عەشائر سەبعە) کە سەنتەرەکەی گوندی (بەردەڕەش)ە و سەر بەقەزای مووسڵ بوو، بەم قەزایە






نەخشەی ژمارە -٢٠-

شوێنی قەزای ئاکرێ لە پارێزگای مووسڵدا

لکێندرا و، ساڵی **١٩٧٢** بەشێک لە خاکی ناحیەی عەشائر سەبعە و ناحیەی سورچی خرانە سەر ناحیەکی تازە بەناوی ناحیەی (گردەسێن)، کە لەم قەزایەدا پێکهێندرا (بڕوانە نەخشەی ژمارە -٢٠- لە لاپەڕە ٥٤).

بەپێی دابەشکردنە کارگێڕییەکانی ساڵی **١٩٧٦** کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنجام درا قەزای ئاکرێ لە پێنج یەکەی کارگێڕیی جیاواز پێکدێت، یەکە کارگێڕییەکانیش ئەمانەن:

| ناوی یەکە | سەنتەرەکەی | ڕووپێو بە (کم٢) بەپێی دابەشکردنەکانی ساڵ ١٩٧٦ | ساڵی دروستبوونی | ژمارە دانیشتووان بەپێی دەستەکانی سەر بە UN سەبارەت بەپسولەی ئازووقە ساڵی ١٩٩٧ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمارەی | ڕێژەی سەدی |
| سەنتەر(ئاکرێ) | ئاکرێ | ١٩٠ | ١٨٧٩ | ٢٦٨٢١ | ٪١٩ |
| ناحیەی عەشائیر سەبعە | بەردەڕەش | ٨٢٤ | ١٨٧٩ | ٥١٧١٣ | ٪٣٨ |
| ناحیەی سورچی | بجیل | ٣٧٤ | ١٩١٠ | ١١٨١٤ | ٪٩ |
| ناحیەی نەهلە | دینارتە | ٩٧٧ | ١٩٥٣ | ١٨٥٦٢ | ٪١٣ |
| ناحیەی گردەسێن | گردەسێن | ٦٣٠ | ١٩٧٢ | ٢٨٣٤٣ | ٪٢١ |
| کۆ | | ٢٩٥٥ | | ١٣٧٢٥٥٣ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە -١٠-
یەکە کارگێڕییەکانی قەزای ئاکرێ



بەپێی دابەشکردنەکانی ئەمری واقیع کە دوای ڕاپەڕین خۆی سەپاند، ئەم قەزایە لە (٦) یەکەی کارگێڕیی پێکدێت ئەویش (ئاکرێ و بەردەڕەش و بجیل و دینارتە و گردەسێن و کەلەک)ن کە لە ساڵی **١٩٩٧** لە سەردەمی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕەسمی دامەزرانەوە و بەهەژمارکردنی کەلەک لە گەڵیاندا ڕووپێوی ئەم قەزایە دەگاتە نزیکەی ٣١٠٠ کم٢ و ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە (١٤٣٦٤٩) کەس (ساڵی ١٩٩٧).

**١- ئاکرێ (سەنتەری قەزا):**

شاری کۆنی ئاکرێ دەکەوێتە قەد پاڵی زنجیرە چیای ئاکرێ، بەتایبەتیش لە قەد پاڵی ئەو چیایەی کە قەڵای ئاکرێی لەسەر بووە و پێی دەوترێت کەلێ کەڤن (قەڵای کۆن).

سنوورەکەشی، لە باکوورەوە ناحیەی (دینارتە)یە و لە ڕۆژهەڵاتەوە ناحیەی (بجیل) و لە باشوور و ڕۆژئاواوە ناحیەی (گردەسێن)ە.

شاری ئاکرێ نزیکەی **٧٥** کم لە مووسڵەوە دوورە و، ئاکرێ بەدارودرەخت و بێستان و کانیاو بەناوبانگە و شارێکی دێرینە و نزیکەی (١٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر لە کتێبەکانی مێژوو بەناوی (بلدة العقر الحميدية) ناوی هاتووە و هەروەها ئاکرێ مەڵبەندێکی بازرگانی گرنگە سەبارەت بەمووسڵ، بەتایبەتیش ئەم شارۆچکەیە بەمیوە و گۆشت و دانەوێڵە و دار و داهاتی دیکەی ئابووری دەوڵەمەندە. (١٤) گوند سەر بەسەنتەری قەزای (ئاکرێ)ن، ڕۆڵەکانی عەشیرەتی سورچی لە (٣) گوند و عەشیرەتی زێبار لە (١٠) گوند و مەسیحییەکان لە (١) گونددا نیشتەجێن، بەڵام دانیشتوانی خودی شارۆچکەکە پێیان دەوترێت (ئاکرەیی) و لەگەڵ ڕۆڵەکانی تیرە هاوسێکانی سەنتەری قەزا جیاوازن و، ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری شاری ئاکرێش بەپێی بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP)ی ساڵی ١٩٩٨ (٢٤٨٩١) کەسە.

**٢- ناحیەی عەشائر سەبعە (بەردەڕەش):**

سەنتەرەکەی شارۆچکەی (بەردەڕەش)ە و دەڵێن لە سەرەتادا سەنتەری ناحیە لە گوندی (بەرازی) بووە، و پاشان گوندی (جووجەر) کراوەتە سەنتەری ناحیە و پاشان (پێش زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر) لە گوندی بەردەڕەشی گەورە جێگیر بووە، کە ئەوسا (بەردەڕەش وەلەد)یشی پێ دەگوترا ساڵی **١٩٣٦** یەکەمین قوتابخانە لەو ناحیەیە کراوەتەوە و ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری ناحیەی (بەردەڕەش) نزیکەی (١٠٠٠٠) کەسە و، دارەتوو




نەخشەی ژمارە -٢١-
ناحیەی بەردەڕەش (العشائر السبعة)



و بەنێنان و ئۆمەرسێنان و زەنگەنان لە گوندە گەورەکانی ئەو ناحیەیەن. ناحیەی بەردەڕەش دەکەوێتە باشووری قەزای ئاکرێ لە نێوان زێی گەورە لە ڕۆژهەڵاتەوە و ڕووباری خازر لە ڕۆژئاواوە، هەروەها لە باشوورەوەش ناحیەی کەڵەک (کەڵەکی یاسین ئاغا) و ناحیەی بەرتلە کە هەردووکیان سەر بەقەزای حەمدانیە (قەرەقوش)ن، لە باکوورەوەش ناحیەی گردەسێن و زێی گەورە لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەو ناحیەیە جیا دەکاتەوە لە ناحیەی سەلاحەدین و خەبات ( سەر بەپارێزگای هەولێر) و لە ڕۆژئاواوە ڕووباری خازر جیای دەکاتەوە لە ناحیەی مرێبا (سەر بەقەزای شێخان) و ناحیەی بەعشیقە (سەر بەقەزای مووسڵ)، (بڕوانە نەخشەی ژمارە -٢١- لە لاپەڕە ٥٧).

ناحیەی بەردەڕەش **٣٢** کم لە مووسڵەوە دوورە و ڕووپێوی ناحیەکە **٨٩٣**کم**٢** دەبێت (بەپێی دابەشکردنەکانی ساڵی ١٩٩٠)[٢٢] و لە دوای ناحیەی دینارتە (نەهلە) لە ڕووی ڕووبەرەوە گەورەترین یەکەی کارگێڕییە لە قەزاکەدا و، ژمارەی دانیشتوانی سەرجەمی ناحیەکە نزیکەی (٥٢٠٠٠) کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی **١٩٩٨** کە لەلایەن بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) سەر بە(UN) ئەنجامدراوە.

ژمارەی دانیشتوانی ناحیە نزیکەی ٤٠٪ی دانیشتوانی قەزای ئاکرێ پێکدەهێنن، واتە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەورەترین یەکەی کارگێڕییە لە قەزادا و نزیکەی (٩٠) گوندی دەشتایی گەورە سەر بەو ناحیەیەن و لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو گوندانەشدا عەشیرەتی گۆران نیشتەجێن و هەروەها عەشیرەتی سورچی لە (٣) گوند و زێبار لە (٣) گوند و مەسیحییەکانیش لە یەک گوندی سەر بەناحیەکە نیشتەجێن.

لەوەتەی چەسپاندنی دابەشکردنە ئیدارییەکان کە ساڵی **١٨٧٩** لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە ئەنجامدراوە، ناحیەی بەردەڕەش بە(عەشائر سەبعە) ناوزەد کراوە، و وەکو یەکەیەکی ئیداری هەر هەیە. هەر لەو ساڵەشدا بوو واتە ساڵی (١٨٧٩)، کە ویلایەتی مووسڵ سەرلەنوێ وەکو ویلایەتێکی سەربەخۆ دامەزرایەوە و جگە لە سەنجەقی مووسڵ، هەر یەکە لە سەنجەقی سلێمانی و شارەزوور (کەرکووک)یشی گرتەوە و ئەم ناحیەیە (عەشائیر سەبعە) یەکێک بوو لەو دوو تاکە ناحیەیەی کە ئەو کات سەر بەقەزای مەرکەزی ویلایەتی مووسڵ بوون[٢٣].

(٢٢) دەوڵەتی بەحرێن ڕووپێوەکەی (٦٢٠کم٢)ە.
(٢٣) ناحیەی دووەمیش ناحیەی شێخان بوو کە ئێستا قەزایە (بڕوانە؛ نەخشەی ژمارە -٢- لە لاپەڕە ١٢).
سەرچاوە؛ ساڵنامەی ویلایەتی مووسڵ ساڵی ١٩١٢

کەواتە بەردەڕەش یەکێکە لە کۆنترین ناحیەکانی کوردستان لەبەر ئەوەش پێی دەوترێت (عەشائر سەبعە)، چونکە (٧) عەشیرەتی کورد لە سنووری ئەو ناحیەدا نیشتەجێن و بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژ | ناوی عەشیرەت | ڕێژەی لە دانیشتووانی ناحیە |
|---|---|---|
| ١- | ڕەژووکەری | ٥٥٪ |
| ٢- | گێژ | ٢٣٪ |
| ٣- | بۆت | ١١٪ |
| ٤- | شێخ بزێنی | ٢٪ |
| ٥- | خدری | ١٪ |
| ٦- | زەنگەنە | ١٪ |
| ٧- | شارک | ١٪ |
| ٨- | عەشیرەتی دیکە[٢٤] | ٦٪ |
| | کۆ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (١١)

تیرەکانی عەشیرەتی گۆران لە ناحیەی بەردەڕەش (العشائر السبعة)

## عەشیرەتی گۆران

تێکڕای ئەو عەشیرەتانەی(ڕەژووکەری وگێژ و بۆت و زەنگەنە و خدری و شێخ بزێنی و شارک) لەگەڵ چەند عەشیرەتێکی دیکە لە قەزاکانی شێخان و حەمدانییە و مووسڵ، وەک (ئۆمەربل و داودی و ڕۆژبەیانی و بەرزنجی... و هتد) پێیان دەوترێت «گۆران» و

(٢٤) وەک: مووسەیی و هەمەوەند و کاوانی و سورچی و هیتر. شایانی باسە لە (دلیل المملكة العراقية) ساڵی ١٩٣٥ - ١٩٣٦ ناوی ئەو هەفت عەشیرەتە بەم شێوەیە هاتووە: کیرە، وزرگی، شایلو، شێخ بزینی، لوماء، خنت بری، شارک.



بەدیالێکتی کرمانجی خواروو(سۆرانی) و کەمێکیان بەدیالێکتی گۆرانی دەدوێن. ئەم عەشیرەتانەش کە لە ناوچەکەدا جێگیرن و بەکشتوکاڵەوە خەریکن، پێیان دەگوترێت (گۆران) چونکە هەندێکیان وەک (ڕۆژبەیانی و زەنگەنە) بەدیالێکتی گۆرانی دەدوێن، (هەر چەندە زۆربەی گۆرانان بەدیالێکتی سۆرانی کە دیالێکتی بادینانی کاری تێ کردووە، دەدوێن). واتە ناوی گۆران ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو عەشیرەتی گۆران، گۆران زوبانن. بنەچەی ئەو عەشیرەتانە دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگاکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و کوردستانی ئێران و تورکیا و، بەتێکڕایی لە نزیکەی (١٥٠) گوندی دەشتیدا نیشتەجێن کە بەسەر (٤) قەزا لە پارێزگای مووسڵ دابەش کراون (نزیکەی ٦٧٪ لە سنووری قەزای ئاکرێ و٢٤٪ لە قەزای شێخان و ٦٪ لە قەزای مووسڵ و ٣٪ لە قەزای حەمدانییە). گەورەترین کۆمەڵگای نیشتەجێ بوونیان بەردەڕەش و بەنێنان و دارەتوو و زەنگەنان و ڕیویا (روڤیا)ن لە سنووری قەزای ئاکرێ و، چرە و کەلەکچی لە قەزای شێخان و بشیریان و کەڵەکی یاسین ئاغا لە قەزای حەمدانیە و، دووبەردان و سێکانیان لە قەزای مووسڵ، هۆزە جیاجیاکانی عەشیرەتی گۆران نزیکەی ٣٠٠ ساڵە لەو ناوچەیەدا لە پارێزگای مووسڵ نیشتەجێ بوونە دوای ئەوەی لە شوێنە ئەسڵییەکانی خۆیانەوە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە هاتوون لەبەر چەند هۆیەک کە تا ئێستا نەزانراوە و لێرەدا دەرفەتی لێکۆڵینەوە و باسکردنیان نییە. ئێستا فیدراسیۆنی گۆران لە (١٢) تیرە پێکدێت، یان بەمانایەکی دیکە لەم ناوچەیە بە(١٢) هۆزی جیاجیا دەوترێت گۆران و ئەو هۆزانەش ئەمانەن: لە قەزای شێخان (ئۆمەربل، داودی، موسەیی، ڕۆژبەیانی، شارک)و لە قەزای ئاکرێش (ڕەژووکەری و گێژ و بۆت و زەنگەنە و خدری و شێخ بزێنی و هەروەها چەند بنەماڵەیەکی بەڕەسەن بڵباس و هەمەوەند و باجەلان و زەند و کاوانی و شکاک و شەبەک و ئێزدی و تەنانەت چەند بەرەبابێکی عەرەبیش کە بوونەتە کورد لەنێو عەشیرەتی گۆراندا هەن و ئەمانیش هەر بەگۆران دەژمێردرێن).

ئاشکرایە کە گێژ و زەنگەنە و ڕۆژبەیانی لە ناوچەی گەرمیانەوە (پارێزگای کەرکووک) هاتوون و هەندێکیان زەنگەنە و ڕۆژبەیانی بەدیالێکتی گۆران دەدوێن، بەڵام ڕەژووکەری (گەورەترین تیرەکانی گۆران) لە ناوچەی ئاکۆیان لە ڕواندوز و ڕانیەوە هاتوون. بۆت، تا ئێستا نەزانراوە لە کوێوە هاتوون، لەوانەیە لە پارێزگای هەولێر و سلێمانییەوە هاتبن و ناوەکەشیان لە (بۆتی) وەرگیرابێت، هەر چەندە خۆیان لەو باوەڕەدان کە بۆت لە هەرێمی بۆتان لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون و پاشان لەو ناوچەیەدا، بوون بەبەشێکی تیرەکانی

ناوچەکە و ئێستا وەک هۆزەکانی تر بەگۆران لە قەڵەم دەدرێن.

هەر لە کۆنەوە گۆرانەکان سەرکردایەتییەکی یەکگرتوویان نەبووە (وەک عەشیرەتەکانی دیکە)، چونکە لە بنەڕەتدا یەک عەشیرەت نین و هەر تیرەیەک یان چەند گوندێک سەرۆک تیرەی تایبەت بەخۆی هەیە، لقە تیرەیییەکانی عەشیرەتی گۆران لە سنووری ناحیەی بەردەڕەش بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوونە:

١- ڕەژووکەری: بنەچەی ئەم تیرەیە بۆ ئاکۆیان دەگەڕێتەوە و لەنێو خۆیان دابەش کراون بۆ چوار تیرە (قەنبەری و شاسواری و چۆپانی و کەوخۆمزەیی) و بەدیالێکتی سۆرانی دەدوێن و زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی ناحیەکە پێکدێنن و زیاتر لە (٢٥) گوندیان هەیە و گوندەکانیش ئەمانەن:

- بەردەڕەشی گەورە (سەنتەری ناحیە)
- خێڵەکی
- زمزمۆک
- کەونە باک
- زەنگەنان
- دووگوندانی گەورە
- دووگوندانی گچکە
- دارەتوو
- گۆمە زەرد
- بەنێنان
- دالەڕی
- بیـــۆک
- خـــاروک
- مۆریلان
- باراوا
- گردبدەو
- دۆستەک
- گردیم



- مەم و زین
- ئامیان

٢- گێژ: بنەچەیان بۆ قەرەتەپە و نارین لە قەزای کفری سەر بەپارێزگای کەرکووک دەگەڕێتەوە،[٢٥] و ئێستاش لە کەمتر لە (٢٠) گوندی بچووکی سەر بەناحیەی بەردەڕەش نیشتەجێن، بەڵام چەند گوندێکی دیکەشیان لە قەزای شێخان (ناحیەی مرێبا)و قەزای مووسڵ (ناحیەی بەعشیقە)دا هەیە و ٢٠٪ی دانیشتوانی ناحیەی بەردەڕەش پێکدەهێنن. گوندەکانیان لەناحیەی بەردەڕەش ئەمانەی خوارەوەن.

- کێلە سپی
- یەکمالە
- ڕوویا (روڤیا)
- سیگردگ
- پیربوت
- گردبەویل
- کەندالە سۆر
- خەمیس کوچک
- حەسەنییە
- بامەرزێ
- گرگە جو
- گرێگا
- ئیسماوا
- دوولێجانی گەورە
- دوولێجانی گچکە
- کانیلان (رزگار نەکراوە)

٣- بۆت: لە نزیکەی (١٥) گوند لە ناوچە گردۆڵکەکان، کە دەکەوێتە باشووری سەنتەری

(٢٥) بڕوانە؛ لاپەڕە ٦١ لە کتێبی NOTES ON THE TRIBS OF SOUTHREN KURDISTAN, BAGHDAD 1919) کە وەرگێڕانەکەی بۆ عەرەبی لەلایەن فوئاد حەمە خورشید ساڵی ١٩٧٩ بەناوی (العشائر الکوردیة) کراوە.

ناحیە نیشتەجێن و گوندەکانیان هەتا کەڵەکی یاسین ئاغا هەڵدەکشێت، نزیکەی ١١ ٪ی دانیشتوانی ناحیە پێکدەهێنن، گوندەکانیشیان ئەمانەن:

– قادسیانی گەورە
– دووسەرە
– گەلوک
– ترپەسپیان
– درین بۆت
– کانی هورج
– شێخالک
– گردەپان
– پۆنگینە
– کۆراوا
– شەمسەخڕ
– هەنجیرۆک بۆت
– بەرگێل

٤- شێخ بزێنی: بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی شێخ بزێنی سەر لێواری زێی بچووک لە نێوان هەردوو پارێزگای هەولێر و کەرکووک و لە سەردەمی پێشتریشدا دەگەڕێتەوە بۆ لەکستان لە کوردستانی ئێراندا و، لە (٤) گوند لە ڕۆژهەڵاتی ناحیەدا نیشتەجێن و نزیکەی ٢ ٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن[٢٦] و بەناوبانگترین گوندیشیان ئەمانەی خوارەوەیە:

– جوجەری گچکە
– زێلکا
– چەمە
– کەلەکی یاسین ئاغا (سەنتەری ناحیەی کەلەکە و پێشووتر سەر بەقەزای حەمدانییە بووە).

(٢٦) عەشیرەتی شێخ بزێنی جگە لە کەرکووک و هەولێر و ناوچەی گۆڕانەتی لە کوردستانی تورکیا و تورکیاش لە دەوروبەری ئەنقەرە و قونیە هەن.



٥- خدری: لە (٤) گوند لە باکووری ناحیەدا نیشتەجێن و نزیکەی ١ ٪ ی دانیشتوانی ناحیە پێکدێنن و گوندەکانیش ئەمانەن:

– پیرچاوش
–کانی ئەسپانی گەورە
– کانی ئەسپانی گچکە
– خرابە واش

٦- زەنگەنە: بنەچەی ئەم تیرەیە بۆ گوندەکانی زەنگەنە لە دەوروبەری قەزای کفری لە پارێزگای کەرکوک و لە سەردەمی پێشتریشدا بۆ کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە. دابەشکراون بەسەر چەند بەرەبابێک وەکو (خەنجەرباز و شەروال شین و ...هتد) نزیکەی ١ ٪ی دانیشتوانی ناحیە پێکدێنن و لە دوو گوندی بچووک نیشتەجێن بەناوی:

– بەردەڕەشی گچکە
– شیوەڕێ

٧- شارک: تا ئێستا نەزانراوە بنەچەی ئەم تیرەیە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە هەندێکیان دەڵێن بەڕەسەن دەگەڕێنەوە بۆ سەر عەشیرەتی شکاکی کوردستانی ئێران. کەمتر لە ١ ٪ دانیشتووانی ناحیەکە پێک دێنن و لە گوندی دولێجانی گەورە نیشتەجێن.

٨- عەشیرەتی دیکە: جگە لەم هەفت تیرەی کە لە سەرەوە باسمان کرد. چەند تیرە و بەرەبابی بچووکی تر هەیە لەنێو گۆران وەک مووسەیی و هەماوەند و بلباس و باجەلان و زەند... هتد، هەروەها چەند عەشیرەتێکی دیکە وەک سورچی و زێبار دەکەونە سنووری ناحیە بەڵام ڕێژەیان لە ٥ ٪ی دانیشتوانی ناحیە تێناپەڕێ، بەناوبانگترین گوندی زێبارییەکان لەو ناحیەدا گوندی (ئۆمەر سینان و دولێجانی گەورە)یە کە لەگەڵ گۆرانانداا دەژین، سورچییەکانیش لە گوندی (بەردەسۆر و شێخانۆک و پەلاسان) نیشتەجێن.

### ٣- ناحیەی سورچی (بجیل):

ئەم ناحیەیە لە سەرەتاکانی سەدەی ئێستادا پێکهێندراوە و ساڵی ١٩١٢ لە ساڵنامەی مووسڵ کە لەلایەن عوسمانییەکانەوە دەردەچوو، وەک ناحیە ناوی هاتووە و ناوەکەی بۆ عەشیرەتی گەورەی سورچی دەگەڕێتەوە کە لە سەنتەری ناحیەی (بجیل) و زۆربەی گوندەکانی سەر بەو ناحیەیە نیشتەجێن، ئەم ناحیەیە دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی قەزای

ئاکرێ و سنوورەکەشی لە ڕۆژهەڵات و باشوورەرە زێی گەورە و لە باکوورەوە زنجیرەی چیای ئاکرێ و سەری سادان لە ڕۆژئاواوە ناحیەی (گردەسێن)ە. ڕووپێوی ناحیەکە (٣٧٤ کم٢)ە، (بەپێی دابەشکردنە کارگێڕییەکانی ساڵی ١٩٧٦) و ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە بەگوندەکانییەوە (١٤٠٠٠) کەسە و ناحیەکە ٤٨ گوند دەگرێتە خۆ، بۆیە لە ڕووی ڕووپێو و ژمارەی دانیشتوانەوە بچووکترین ناحیەیە لە قەزاکەدا، ساڵی ١٩٨٧ حکوومەتی مەرکەزیی عێراق ئەم ناحیەیەی تەجمید کرد و، ساڵی ١٩٨٩ بەتەواوی هەڵی وەشاندەوە، بەڵام ساڵی ١٩٩٧ ئەم ناحیەیە لەلایەن کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێندرایەوە.

زۆربەی خاکی ناحیەکە گردۆڵکەیە، بۆیە زەوی دەشتایی کشتوکاڵی نییە، بەڵام گردۆڵکەکانی بەپاوانی چاک دادەندرێن بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و دانیشتوانی ناحیەکە داهاتی سەرەکی خۆیان لە سامانی ئاژەڵی و بەرهەمی ئاژەڵی و هەروەها لە چاندنی برنجی کوردی دەستەبەر دەکەن و ناوبانگی برنجی ئاکرێ لە برنجی ئەم ناحیەیەوە هاتووە. پێویستە ئەوەش بوترێت کە پردی بێخمە (قەندیل) و ڕێگەی سەرەکی نێودەوڵەتی ئێستای نێوان هەولێر و دهۆک و تورکیا کە بەناو خاکی ئەو ناحیەدا تێدەپەڕێت، ژیانێکی تازەی بەدانیشتوانی ئەم ناحیە دووره بەخشیوە.

دانیشتوانی تێکڕای گوندەکانی ناحیە سەر بەعەشیرەتی سورچین کە عەشیرەتێکی گەورە و کۆنە و لە ١٦ تیرە پێکهاتووە تیرەکان ئەمانەن:

- مام سال
- مام گرد
- مام کەکول
- پیربال
- مام لس
- مام ساکی
- مامە سامی
- چاربۆتی
- مالەسنیی
- خێلانی



- مەندک
- سەرمردی
- توخمە نەبیلە
- توخمە بالین
- وچاخ ئۆمەر
- مامان مری

عەشیرەتی سورچیش جگە لەم ناحیەیە لە ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی ناحیەی گردەسێن و گوندەکانی ناحیەی هەریر و خەلیفان- سەر بەپارێزگای هەولێر- نیشتەجێن و، بەهەردوو شێوازی بادینی و سۆرانی دەدوێن، (زاراوەیەکی تێکەڵاویان هەیە لە سۆران و بادینانی).

**٤- ناحیەی نەهلە (دینارتە):**

ئەم ناحیەیە ساڵی **١٩٥٣** پێکهێندراوە و ناوەکەی لە دۆڵی نەهلەوە سەرچاوە دەگرێت و سەنتەری ناحیە (گوندی دینارتە) دەکەوێتە ناو ئەم دۆڵەوە، ناحیەکەش بەنەهلە ناوزەد کراوە. پێش ساڵی **١٩٥٣** گوندی (بیرەکەپرا) لە باکووری چیای پیرس، سەنتەری ناحیەی زێبار بوو، کە هەر لە ساڵی ١٩٠٤وە خراوەتە نێو سنووری قەزای ئاکرێ. ئەو ناحیەیە (ناحیەی زێبار) لەلایەن دەستەڵاتدارانی عوسمانییەوە بەقەزای ئاکرێ لکێندرا، دوای ئەوەی قەزای زێبار هەڵوەشێندرایەوە کە سەنتەری قەزاکە گوندی بیرەکەپرا بوو، قەزای ناوبراو (زێبار) یەک ناحیەی دەگرتە خۆ ئەویش ناحیەی (شێروان) بوو.

ئێستاش ناحیەی نەهلە ناوچەی شاخاوی لە قەزاکەدا دەگرێتە خۆ، ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە باکووری زنجیرە چیای ئاکرێ، سنوورەکەشی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە زێی گەورەیە، لە ڕۆژئاواوە قەزای ئامێدی و لە باشوورەوە ناحیەی بجیل و سەنتەری قەزای ئاکرێیە.

سەنتەری ناحیەش گوندی (دینارتە)یە و نزیکەی (١٠٠) گوند دەگرێتەخۆ و ناحیەکەش لە ڕووی ڕووپێوەوە گەورەترین یەکەی کارگێڕییە لە قەزاکەدا و ڕووپێوەکەی خۆی لە ٩٧٧کم٢ دەدات بەپێی دابەشکردنە کارگێڕییەکانی ساڵی ١٩٧٦، بەڵام ژمارەی سەرجەم دانیشتوانی ناحیە زۆر نییە و خۆی لە (١٩٠٠٠) نادات. ساڵی ١٩٨٩ حکوومەتی عێراق ئەم ناحیەیەی هەڵوەشاندەوە و خاک و دانیشتوانی بەسەنتەری قەزا

لکێندران، بەڵام لە سەردەمی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناحیەکە سەرلەنوێ پێکهێندرایەوە. ئەم ناحیەیە لە زەوی دەشتایی کشتوکاڵی بێ بەشە، بەڵام بەمیوەجات و دار و درەخت دەوڵەمەندە، بەناوبانگترین چیاکانی، کە بەرزترین چیایە لە قەزای ئاکرێ، چیای (پیرس)ە و بەرزییەکەی ١٩٤٥مەترە کە بەسەر سەنتەری ناحیەدا دەڕوانێت لە ڕووی باکوورەوە و سنوورێکی سروشتییە لە نێوان نەهلە و بارزاندا.

زۆربەی دانیشتوانی ناحیە و گوندەکانی سەر بەعەشیرەتی زێبارن کە عەشیرەتێکی دێرین و بەناوبانگە و، لە بنەڕەتدا دابەش ببووە پێنج شوێنی جوگرافی کە ئەمانەن:

- بەرۆژ: دەکەوێتە باکووری ڕووباری زێ.
- نزار: دەکەوێتە خوارووی لێواری ڕووباری زێ تا زنجیرە چیای پیرس.
- دەشتەزێ: دەکەوێتە باشووری ڕووباری زێ لەلای ڕۆژئاواوە.
- نەهلە: دەکەوێتە دۆڵی نەهلە لەنێوان زنجیرە چیاکانی پیرس لە باکوور و سەری ئاکرێ لە باشوور و نێوان ڕووبارەکانی زێ لە ڕۆژهەڵات و خازر لە ڕۆژئاوادا.
- بەربنی: دەکەوێتە داوێنی چیای ئاکرێ لەلای باشوورەوە و هەر لە ڕۆژئاوای شاری ئاکرێیەوە هەڵدەکشێت تا سەر خازر.

هەروەها لە سنووری ئەو ناحیەیە لە ڕۆژئاوای دۆڵی نەهلە هەندێ گوندی فەلەکانی (مەسیحییەکانی) تیاری (ئاسووری)یش هەیە.

**٥- ناحیەی گردەسێن:**

ئەم ناحیەیە ساڵی **١٩٧٢** پێکهێندرا و پێشتریش گوندێکی سەر بەناحیەی عەشائر سەبعە (بەردەڕەش) بوو، ناوەکەشی واتای (سێ گرد) دەگەیەنێت.

ڕووپێوی ناحیەی گردەسێن ٦٣٠ کم٢ دەبێ و (٨٨) گوند دەگرێتە خۆ و ژمارەی سەرجەم دانیشتوانی ناحیە لە دەوروبەری (٢٨٠٠٠) کەسە بەپێی ئەو سەر ژمێریانەی کە لەلایەن دەزگاکانی سەر بە(UN)و بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) ساڵی **١٩٩٧** ئەنجام دراوە. لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، لە دوای ناحیەی بەردەڕەش، بەپلەی دووەم دێت لە قەزاکەدا. زۆربەی خاکی ناحیەکە زەوی دەشتاییە کە بۆ کشتوکاڵ زۆر لەبارە و بەشێک لە دەشتی ناوکوڕ دەکەوێتە چوارچێوەی خاکی ئەم ناحیەیە، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناحیەکەش گردۆڵکەکانی زوورگەکانی بەردەسۆرە (٨٨٠م).



سنووری ناحیەکەش لە باکوورەوە سەنتەری قەزای ئاکرێ و لە باشوورەوە ناحیەی بەردەڕەش و لە ڕۆژهەڵاتەوە زێی گەورە و لە ڕۆژئاواوە ڕووباری خازرە.

ساڵی **١٩٨٩** حکومەتی مەرکەزی ئەم ناحیەیەی هەڵوەشاندەوە و گوندەکانیشی بەسەر ناحیەی بەردەڕەش و سەنتەری قەزای ئاکرێدا دابەش کرد، بەڵام دوای پێکهێنانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم ناحیەکە ساڵی **١٩٩٧** سەرلەنوێ پێکهێندرایەوە. لە کۆی (٨٨) گوندی ناحیەکەدا ڕۆڵەکانی عەشیرەتی هەرکی لە (٣٠) گوندی سەر بەناحیەکەدا و عەشیرەتی سورچیش لە (٤٠) گوند و زێبار لە (١٤) گوند و گۆران لە (٣) گونددا نیشتەجێن.

هەرکی عەشیرەتێکی کوردی ڕەسەنە و بەڕەوەندی ناسراوە، لە بنچینەدا مەڕ و ماڵاتیان بەخێودەکرد، بنەچەشیان بۆ پارێزگای ورمێ لە کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە، بەڵام دوای پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق و چەسپاندنی سنوورەکانی، بەشێک لە عەشیرەتی گەورەی هەرکی لە بەشی کوردستانی عێراق کە ساڵەهابوو لە گەرمیانی ئەوان بووە لەو ناوچەیەدا گیرسانەوە و دوای ئەوەی تا ڕادەیەکی زۆر وازیان لە ژیانی کۆچەری هێنا، ئەو ژیانەی کارێکی ئەستەم بوو کە بتوانێت لە سەری بەردەوام بێت، ڕووی دایە کشتوکاڵ و فێری کاروباری کشتوکاڵی بوو.

عەشیرەتی هەرکی لە گوندەکانی ئەم ناحیەیە و لە پارێزگای هەولێریش (لە چەند گوندێکی هەردوو ناحیەی سەلاحەدین و عەنکاوە) نیشەجێ بوون، بەڵام ناوچەی گردبوونەوەیان لە بادینان (لە قەزای ئاکرێ) سەنتەری ناحیەی گردەسێن و گوندەکانی دەوروبەری ناحیەیە و بەرەو ڕۆژئاوا تا ڕووباری خازر دەکشێت.

هەرکی وەکو زۆربەی عەشیرەتەکانی دیکە پێک هاتووە لە چەند تیرەیەک. تیرەکانی هەرکییان ئەمانەن:

(مالاحاجی ئاغا، کانی سپی، ماله زاهیر، هابجبوری، ناوی، ماله شین، ماله حید، ماله مەمەدی، سمایلی، ماله ملا، ماله پیر، ماله بە، مام براهیما، بێداوی، ماله سوار، هەسنی، ماله کوی، مام شێخا).




نەخشەی ژمارە -٢٢-
ویلایەتی مووسڵ و قەزاكانی لە كاتی حوكمی مەدحەت پاشا لە ساڵی (١٨٦٩) وە
(سەرچاوە: د. عبدالعزیز نوار، تاریخ العراق الحدیث، القاهرة، ١٩٦٨)

**٢- قەزای شێخان (ئیسفنێ):**

ساڵی ١٨٩١ لە ساڵنامەی مووسڵ كە لەلایەن عوسمانییەكانەوە دەردەچوو، هاتووە، كە قەزای مووسڵ لە دوو ناحیە (عەشائر سبعە و شێخان) پێكدێت، بۆیە شێخان وەك ناو و وەك سەنتەری ئیداری بەلای كەمەوە تەمەنی لە سەدەیەك پترە.

ناوی شێخان زیاتر بۆ برا ئێزدییەكان و میرنشینەكەیان و شێخەكانیان وەك شێخ ئادی و شێخ حەسەن و شێخ محەمەد ڕەشان و... هتد دەگەڕێتەوە. مەزاری هەموو ئەو شێخانەش كە بۆ ئێزدییەكان گەلێك گرنگە دەكەونە دەوروبەری سەنتەری قەزای شێخان (ئیسفنێ) و برا ئێزدییەكان زۆرینەی دانیشتوانی ئەم قەزایە پێكدەهێنن.



أ- ڕووی ناوچەكە:

سنووری شێخان لە باكوورەوە ئامێدی و لە باشوورەوە قەزای مووسڵ و لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕووباری خازر كە لە قەزای ئاكرێی دادەبڕێت و لە ڕۆژئاواوە قەزای تلكێفە، (قەزای تلكێف لە شەستەكانەوە پێكهێندراوە). بەپێی دابەشكردنە ئیدارییەكانی ساڵی ١٩٩٠ ڕووپێوی قەزاكە ١٣٣١كم٢ دەبێت و ژمارەی دانیشتوانی ناوچە رزگاركراوەكانی كە بریتییە لە هەرسێ ناحیەی ئەتروش و قەسرۆك (مرێبای پێشان) و باعەدرێ (تازە دامەزراوە) و هەردوو كۆمەڵگای چرە و كەلەكچی و (٩٦) گوند، (٥٥٨٦٩) كەسە، بەپێی بەرنامەی خۆراكی جیهانی سەر بە(UN) كە لە ساڵی ١٩٩٧ ئەنجام دراوە. كورد لەم قەزایەدا نزیكەی ٨٦٪ی دانیشتوان پێكدەهێنن و ٢/٣ی قەزاكە (هەردوو ناحیەی مرێبا و ئەترووش و بەشێك لە گوندەكانی سەر بەمەڵبەندی قەزا، كە شارۆچكەی باعەدرێ بەشێكە لەوە) لە ڕاپەڕیندا ئازاد كراوە. خاكی قەزاكەش لە (٣) ناوچەی بەرز و نزمی جیاجیا پێكدێت:

**١- ناوچەی شاخاویی:**

ئەم ناوچەیە دەكەوێتە باكووری قەزا و هەموو ناوچەكانی ناحیەی مزووری (ئەترووش) دەگرێتەوە و نزیكەی ٣٠٪ی ڕووپێوی قەزاكە پێكدەهێنێت.

٢- ناوچەی دەشتایی:

دەشتی ناوكوڕ و دەشتی پەپایێ و هەروەها دەشتی شەمكان دەگرێتەوە و دەكەوێتە ناوەڕاست و نزیكەی ٦٠٪ی ڕووپێوی قەزاكە پێكدەهێنێت.

٣- ناوچەی گەوەك:

دەكەوێتە باشوور و قەدپاڵی چیای مەقلوب (١٠٥٧م) دەگرێتە خۆی و نزیكەی ١٠٪ی ڕووپێوی قەزاكە پێكدەهێنێت.

ب- دابەشكردنی كارگێڕیی قەزای شێخان:

لە ڕاستیدا قەزای شێخان و پێش ئەوەی بچووك بكرێتەوە مۆزەخانەی ئایینەكان و گەلان و زمان و تیرەكان بوو، چونكە ئێزدی و موسڵمان (بە سوننە و شیعە) و مەسیحییەكان بەكەنیسە جیاجیاكانەوە هەروەها چەندین دیالێكتی جیاجیای زمانی كوردی و عەرەبی و دیالێكتە ئارامییە جیاجیاكانی بەخۆوە گرتبوو.

لە بنچینەدا قەزای شێخان یەکێک بوو لە ناحیەکانی سەر بەقەزای مووسڵ، بەڵام دوای پێکهێنانی دەوڵەتی تازەی عێراق قەزای (شێخان)یش پێکهێنرا و جگە لە سەنتەری شێخان ناحیەی (ئەلقۆش)یشی گرتە خۆی، هەروەها لە شەستەکاندا ناحیەی مزووری (ئەترووش)یش بەم قەزایە لکێندرا کە پێشتر ناحیەی ئەترووش سەر بەقەزای دهۆک بوو، پاشان ناحیەی ئەلقۆش لە قەزای شێخان دابڕا بۆ ئەوەی لەگەڵ ناحیەی تەلکێف (سەر بەقەزای مووسڵ) قەزایەکی تازە، بەناوی قەزای تەلکێف پێکبێنن، هەروەها ساڵی ١٩٧١ ناحیەی مرێبا لە چوارچێوەی ئەم قەزایەدا پێکهێندرا.

لە سەرەتای حەفتاکانەوە سەرتاپای قەزاکە دووچاری چەند هەڵمەتێکی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن بووەوە و ساڵی ١٩٧٦ دەسەڵاتدارانی عێراق پرۆسەی بەعەرەبکردنیان تەواو کرد، دوای ئەوەی دانیشتوانی کورد لە هەر سێ ناحیەدا (سەنتەری شێخان و ئەترووش و مرێبا) لە ناوچەکانی خۆیاندا ڕاگوازران و کاربەدەستانی عێراق خاوەن زەوی و زارە کوردەکانیان ناچارکرد کە زەوییەکانی خۆیان بفرۆشن، ئەوانەی قایلیش نەبوون زەوییەکانی خۆیان بفرۆشن، دەست بەسەر زەوییەکانیان داگیرا و خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ گوندەکانی قەزای ئاکرێ و شوێنی تر ڕاگوازران، یاخود لە کۆمەڵگەکانی چرە و کەڵەکچی و قەسرۆک و شوێنی دیکە کۆکرانەوە.

(٤٧) گوندی سەر بەمەرکەزی شێخان و (٨٧) گوند لە ناحیەی مزووری (ئەترووش) و (٧٤) گوند لە ناحیەی مرێبا دووچاری پرۆسەکانی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن بوونەوە (بڕوانە نەخشەی ژمارە -٢٢- لەلاپەڕە ٧٢). دانیشتووە کوردەکانی ئەو گوندانەی دووچاری ڕاگواستن نەبوونەوە تەنیا ئێزدییەکان بوون کە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ بەعەرەب تۆمارکران. هەرچەندە ئەوانیش لە چەند کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ کۆکرانەوە سەر یەک وەک کۆمەڵگای مەهت و شیف شیرین و نسیریە و ئەلرسالە و بەدریە و شێخکا... هتد.

لە ڕاپەڕینە شکۆمەندەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١زۆربەی هەرە زۆری دێهاتەکانی قەزای شێخان بەمەرکەزی قەزاکەشەوە ڕزگار کرا، بەڵام ئێستا خودی مەڵبەندی قەزای شێخان (ئیسفنێ) لەگەڵ (٤٨) گوندی کوردان لە کۆی (٧٠) گوند و (مقاطعة)ی سەر بەناحیەی سەنتەری قەزای شێخان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دایە، ئەو گوندانەش ئەمانەن:






نەخشەی ژمارە -٢٣-
مەڵبەندی قەزای شێخان و ناحیەی مرێبا

| ناوی دێ | ئەو تیرە و عەشیرەتانەی کە نیشتەجێن | ناوی دێ | ئەو تیرە و عەشیرەتانەی کە نیشتەجێن |
|---|---|---|---|
| کیس قەلا | کۆچەری زێدک | دوشیڤان | کۆچەر (زێدک) |
| شیوشیرین | ئێزدی | ئالەمان | ئێزدی |
| گرد موبارەک | ئێزدی | باقەسرێ | ئێزدی |
| بێرستەک | ئێزدی | مەهمودان | ئێزدی |
| موسەکان | ئێزدی (هۆزی دوملی) | موقبل | ئێزدی |
| بیت نار | ئێزدی | بەرازی کچکە | گۆران (ئۆمەربل) |
| گردی مەلیکان | | بەرازی گەورە | گۆران (ئۆمەربل) |
| باسفنێ | | جفتە | |
| پیربوب | گۆران (ڕۆژبیانی) | دەربەستە | |
| چەمەرەش | گۆران (ڕۆژبیانی) | ئاودەلی | گۆران |
| پیرانی مەقلوب | گۆران | محمد رەشان | گۆران (ئۆمەربل) |
| مام رەشان | ئێزدی | نێچەیی | گۆران (ئۆمەربل) |
| شەرەف میران | ئێزدی | پاپای | گۆران (ئۆمەربل) |
| خاتوناوا | گۆران (ڕۆژبیانی) | ئاشکا | |
| پیرانی شێخان | | قاپماوا | گۆران (موسەیی) |
| جەروانە | ئێزیدی | هەنجیرۆک | گۆران (داودە) |
| سێ گرک | | تاقێ حەمە | گۆران (داودە) |
| گرد فەقیر | گۆران (داودە) | زێلکان | گۆران (ڕۆژبیانی) |
| گلەشین | گۆران (ئۆمەربل) | ئیسیان | ئێزدی |
| گوداد | گۆران (ڕۆژبیانی) | ئیسفنێ سەروو | ئێزدی |
| کانی ساردک | گۆران | ئیسفنێ خواروو | ئێزدی |
| خرابک | ئێزدی | ئیسفنێ ڕۆژئاوا | ئێزدی |
| کەنداله | ئێزدی | ئیسفنێ ڕۆژهەلات | ئێزدی |
| گرد خالص | ئێزدی | | |



بەپێی دابەشکردنە کارگێڕییە ڕەسمییەکانی ساڵی ١٩٨٤ی عێراق، قەزای شێخان لە (٣) ناوچەی ئیداری جیا جیا پێکدێت. (بڕوانە نەخشەی ژمارە-٢٤- و خشتەی ژمارە-١٢-)

| ناحیە | سەنتەرەکەی | ڕووپێو (کم٢) | ساڵی دروستبوونی | ژمارەی دانیشتووان (سەرچاوە: WFP ساڵی ١٩٩٧) |
|---|---|---|---|---|
| ناحیەی مەرکەز | ئیسفنێ | ٥٢٤ | ١٨٧٩ | تەنها ژمارەی دانیشتووانی ناوچە ڕزگارکراوەکان ٥٥٨٦٩ کەسە |
| ناحیەی مزووری | ئەتروش | ٢٩١ | ١٨٧٩ | |
| ناحیەی مرێبا(٢٧) | مرێبا | ٤٤٤ | ١٩٧٢ | |
| کۆ | | ١٢٥٩ | | |

خشتەی ژمارە (١٢)
ناحیەکانی قەزای شێخان و ڕووپێو و ژمارەی دانیشتووانی

## ١- مەرکەزی شێخان:

شارۆچکەی ئیسفنێ (سەنتەری قەزا) دەکەوێتە لای باکووری دەشتی فراوانی ناوکوڕ لە قەدپاڵی زنجیرە چیاییەکی نزم، سنوورەکەشی لە باکوورەوە ناحیەی مزووری و لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕووباری گومل و ناحیەی مرێبا و لە ڕۆژئاواوە قەزای تەلکێف و لە باشوورەوە چیای مەقلوب و قەزای مووسڵە. سەنتەری قەزا لە سەنتەری پارێزگای مووسڵەوە (٤٥کم) دوورە و هەر لە زووەوەش سیمای تایفەی ئێزدی بەسەر دانیشتوانی شارۆچکەکەدا دیار بووە. مەرکەزی قەزا نزیکەی (٧٠) گوند بەخۆوە دەگرێت، کورد لە ٦٦ گوندی ناحیەکەدا نیشتەجێن، (٤) گوندەکەی دیکەش عەرەب تیایدا نیشتەجێن، لە (٢٧) گوندی کوردنشیندا تیرەکانی ئێزدی و، لە (٢٠) گونددا عەشیرەتی گۆران (لەوانە لە ٦ گونددا ڕۆژبەیانی(٢٨) و لە ٧ گونددا ئۆمەربل و لە ٣ گوندیشیاندا داودە(٢٩) و لە

(٢٧) لە ١٩٩٤ سەنتەرەکەی گوێزرایەوە بۆ کۆمەڵگای قەسرۆک و هەروەها کۆمەڵگای باعەدرێ کرایە سەنتەری ناحیەیەکی نوێ بەناوی (باعەدرێ)
(٢٨) ڕۆژبەیانی لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ دەوروبەری سەرقەلا و شێروانەی پارێزگای کەرکوک و لە سەردەمێکی کۆنتر بۆ کوردستانی ئێران.
(٢٩) بنچینەی داودە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری (تاووق)ی سەر بەپارێزگای کەرکوک و لە سەردەمی زووتریش بۆ کەلهوری کوردستانی ئێران.




نەخشەی ژمارە -٢٤-
شوێنی قەزای شێخان لە پارێزگای مووسڵ

(٢) گونددا موسەیی و لە گوندێکیاندا گێژ و لە گوندێکیشیاندا خدری) و لە (١١) گونددا تیرەکانی کوچەر یان ئەرتۆشی (لەوانە زێدک لە ٩ گونددا و لە ٢ گونددا شەرەفان) و لە (١٠) گوندیشدا عەشیرەتی مزووری نیشتەجێن. لە سەنتەری قەزاش کوردە ئێزدییەکان و کوردە موسڵمانەکان و ژمارەیەکی کەمیش لە قەرەج و عەرەب نیشتەجێن.

## ئێزدییەکان

ناساندنی ئێزدییەکان لەوە گەورەترە کە لێرەدا لەم لێکۆڵینەوە بچووکەدا باسیان لێوە بکرێت. ئێزدییەکان تایفەیەکی ڕەسەنی کوردن و لە دوو ناوچەی لەیەک دابڕاو (قەزای شێخان و قەزای شەنگار) لە پارێزگای مووسڵ و بەشێک لە پارێزگای دهۆک نیشتەجێن.

بەناوچەکانی ئێزدی لە قەزای شێخان دەوترێت (ئێزیدخانێ)و بەر لەوەی دووچاری هەڵمەتەکانی جینۆساید و قەتلوعام ببنەوە کە زۆرجار دەرهەق بەوان ئەنجام دراوە



ئێزدییەکان لە بەشی ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێریشدا لە (دەوروبەری کەلەک) نیشتەجێ بوون، بەڵام دوای ئەوەی (محەمەد پاشا)ی میری ڕواندوز هێرشە فراوانەکەی دژی ئێزدییەکان ئەنجام دا و لەبەر زۆری کوردە موسڵمانەکان، ئەو ناوچەیان بەجێهێشت.

لە سەدەی ڕابردوو هەڵمەتی توندوتیژی دژ بەئێزدییان پەرەی سەند. بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٣٨ حکومەتی عوسمانی هەڵمەتێکی قڕکردنی دژ بەوان دەست پێکرد و کوشتاری ساڵی ١٨٩٢ کە لێیان کرا دوایترین حەلقە بوو لە زنجیرەیەکی درێژی قەتل و عامی عوسمانیان دژ بەبرا ئێزدییەکانمان[٣٠].

ئێستا ئێزدییەکان لە ناوچەی شێخان نیشتەجێن و پەرستگا و شوێنە پیرۆزەکان و ڕێبەرایەتی ئایینی و میری تایفەی خۆیان هەیە، بەڵام بەشی هەرە زۆریان لە قەزای شەنگاردا نیشتەجێن و هێزی بنچینەیی تایفەی ناوبراو پێکدێن. ئێزدییەکان بەدیالێکتی کرمانجی (بەشێوە هەرە ڕەسەنەکەی) دەدوێن و هەندێکیان بەتایبەتیش دانیشتوانی شەنگار جلوبەرگی عەرەبی لەبەر دەکەن، لەبەر ئەوەی کەشو هەوای بیابان کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر شێوەی ژیانیان لە بیابان، گوتمان ئێزدییەکان تائیفەیەکن نەوەک عەشیرەت، چونکە تائیفەی ئێزدی لە دەیان عەشیرەت پێکدێن و لەگەڵ کوردی دیکە لە ئایین و بیروباوەڕیدا جیاوازیان هەیە و ئێزدییەکان ئایین و بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان هەیە کە لێرەدا ماوەی ئەوە نییە باسی لێوە بکرێت، ئێزدییەکان بەسەر دەیان عەشیرەت و تیرەدا دابەش دەبن و ژمارەی سەرجەمی ئێزدییەکان لە عێراقدا نزیکەی (٣٠٠٠٠٠) کەس دەبێت لەوانە نزیکەی (٣٥٠٠٠) کەسیان لە کوردستانی ئازادکراودا دەژین.

**٢- ناحیەی مرێبا:**

سنووری ئەم ناحیەیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی قەزا و، هەروەها دەکەوێتە نێوان ڕووباری خازر لە ڕۆژهەڵات و ڕووباری گومل لە ڕۆژئاواوە، لە باشوورەوەش سنووری ناحیە بەیەکگەیشتنی لقی گومل بەڕووباری خازر، کۆتایی دێت، بەڵام لە باکوورەوە زنجیرە چیای (خێرێ) کە بەرزترین لوتکەی دەگاتە (١٦٥٥م) دەبێتە سنووری، واتە لە ڕۆژهەڵاتەوە قەزای ئاکرێ و لە ڕۆژئاواوە ناحیەی مزووری و سەنتەری شێخان و لە باکوورەوە قەزای ئامێدی، سنووری، ئەم ناحیە پێکدەهێنن.

زۆربەی خاکی ناحیەکە لە دەشتێکی بەپیت (دەشتی ناوکوڕ) پێکدێت، هەر چەندە

(٣٠) بۆ نموونە بڕوانە؛ QUEST, J : THE YEZIDES

دەشتێکی تر (دۆڵێکی تر)ی بچووکیش بەناوی (دەشتی شەمکان) لە باکووری ناحیەدا هەیە و لە نێوان ئەو هەردوو دەشتەش مەڵبەندی ناحیە (مرێبا) لەگەڵ زنجیرە شاخێکی نزم شوێنی خۆیان گرتووە و بەرزترین لوتکە لەم زنجیرەدا لوتکەی (چیاپانکی)یە، کە (١٠٩٣) مەتر بەرزە. بەپێی دابەشکردنەکانی ساڵی ١٩٨٤، ڕووپێوی ناحیەکە (٤٤٤کم٢)ە.

ژمارەی گوندەکانی ئەو ناحیەیە نزیکەی (٧٤) گوندە و کورد نزیکەی ٩٨ ٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن، ڕۆڵەکانی عەشیرەتی ئەرتوشی (کۆچەر) لە (٢٧) گونددا نیشتەجێن ( لەوانە شەرەفان لە ٢٣ گوند دا و گۆڤەیی لە ٣ گونددا و زێدک لە گوندێکیان)و عەشیرەتی گۆران (شارک و موسەیی و زەنگەنە و گێژ) لە ١٢ گوند و شەمکانییەکان و کۆخییەکان (کە سەر بەعەشیرەتی مزوورین) لە ٣٣ گوند و مەسیحییەکانیش لە دوو گونددا نیشتەجێن.

ئەم ناحیەیە بۆیە بەمرێبا ناوزەدکراوە، چونکە گوندی مرێبا کە دوای پێکهێنانی ئەم ناحیەیە ساڵی ١٩٧١، بووە بەسەنتەری ناحیەکە، ئێستاش هەر لە دامەزراندنی ئیدارەی کوردییەوە لە پاش ڕاپەڕین، سەنتەری ناحیە بۆ کۆمەڵگەی قەسرۆک گوێزرایەوە کە چەند کلیۆمەترێک لە گوندی مرێباوە دوورە. ئەم ناحیەیەش هەروەک هەموو ناحیەکانی دیکەی قەزای شێخان هەر لە شەستەکانەوە دووچاری چەند هەڵمەتێکی بەعەرەبکردن بووەوە بەتایبەتیش دوای ساڵی ١٩٧٥کە دانیشتوانی کورد ناچارکران زەوییەکانیان بفرۆشن، هەر چەندە زۆربەی هەرە زۆریان نەیانفرۆشت و دانیشتوانی کورد لەم ناوچەیەدا، وەک زۆری تری دانیشتوانی دیکەی کورد (لە قەزاکەدا) بۆ ئاکرێ و بەردەڕەش ڕاگوازران یاخود لە چەند کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێی وەک قەسرۆک و چرە و کەلەکچی(کە هەتا ئێستاش لە ئارادان) کۆکرانەوە، بۆ ئەوەی چەند عەشیرەتێکی عەرەب لە جێگەی ئەوان نیشتەجێ بکرێن. دوای راپەڕینە شکۆدارەکەش زۆربەی ناوچەکانی ئەم ناحیەیە ئازاد کران و زۆر لە دانیشتوانە کوردە ڕاگوازراوەکان بۆ گوندەکانی خۆیان گەڕانەوە، عەرەبەکانیش بۆ پشت ڕووباری گومل، پشت هێڵی ئێستای بەیەک گەیشتن لە نێوان خاکی هەرێم و هێزەکانی سوپای عێراق ڕایان کرد.



## عەشیرەتی ئەرتۆشی

شەرەفان و گۆڤەیی و زێدک لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ زنجیرەیەک تیرە کە بەهەر هەموویان، بەتێکڕایی دەوترێت (کۆچەری ئەرتۆشی) و ناوچەکانی نیشتەجێ بوونیان ئەمڕۆکە هەر لە نزیک مووسڵەوە هەڵدەکشێت هەتا دەریاچەی وان لە کوردستانی باکوور و لە چەند پارێزگایەکدا نیشتەجێن، «پارێزگاکانی مووسڵ و دهۆک (لە کوردستانی عێراقدا) و شەرنەخ و هەکاری و وان (لە کوردستانی تورکیا)»، هەتا پەنجاکان یەکێتییەکی خێڵەکییان پێکدەهێنا کەپێی دەگوترا (ئەرتۆش) و لە سەدەکانی ڕابردوودا میرنشینێکی کۆچەری سەربەخۆ بووە لە کوردستانی تورکیادا.

یەکێتی ئەرتۆش لە (١٦) تیرە پێکدێت، کە ئێستا بەسەر پارێزگاکانی وان و هەکاری و شەرنەخ و دهۆک و مووسڵدا پەرت و بڵاون و تا ئێستاش بەشێکیان بەشوانکارەیی خەریکن، بەتایبەتی لە کوردستانی تورکیا. پێشتریش عەشیرەتێکی کۆچەر بووە و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە کۆچی دەکرد، بۆیە بەکۆچەر ناسران و لە سەدەی ڕابردوودا (حاجی پاشا) حوکمڕانی دەکردن، هەروەها بەمەبەستی گەڕان بەدوای پاواندا لە نێوان پارێزگا ناوبراوەکاندا کۆچیان دەکرد و دوای پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق، چەند عەشیرەتێکی سەر بەیەکێتی ئەرتۆشی لەناو خاکی دەوڵەتی عێراقدا گیرسانەوە، لەوانە زێدک و گۆڤەیی و شەرەفان لە پارێزگای مووسڵ و، هەروەها شەرەفان و گەودان و هاجان و مەهمەدان و عەشیرەتی دیکە لە پارێزگای دهۆک و لە ئالی تری سنوور (لە کوردستانی تورکیا) قشوری، ژێرکی، گەودان، مام خوڕان، حەیدەران، گراڤی، گوهرەشان، مانگیلان، شوکوریان، بارایان، شەرەفان، ئالان، سەیدان، مەهمەدان، ئیزدینان، هاڤوستان، خەلیلان، چالیکان و عەشیرەتی دیکە (لە وان و هەکاری و شەرنەخ) گیرسانەوە. پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە مینۆرسکی لە کتێبەکەیدا «کورد» ئاماژەی بەو یەکێتییە کردووە، هەروەها خاتوو کارابودا-ش لە کتێبە بەنرخەکەیدا (لە ڕۆژهەڵاتی فورات- لە وڵاتی کوردان) ئاماژەی بۆ کردووە.[٣١]

BARBRO KARABUDA , OSTER OM EUERAT I KURDERNAS LAND. STOCKHOLM, 1959. (٣١)

**٣- ناحیەی مزووری:**

ناحیەی مزووری لە ڕووی ئیدارییەوە بەکۆنترین ناحیە دادەندرێت لە قەزاکەدا، هەتا کۆتایی حوکمڕانی پاشایەتی عێراق، ناحیەکە سەر بەقەزای دهۆک بوو، بەڵام لە سەرەتای سەردەمی کۆماریدا ئەم ناحیەیە بەقەزای شێخان لکێندرا، سەنتەری ناحیەش گوندی (ئەترووش)ە، لەبەر ئەوەش پێی دەوترێ (مــــــزووری)، چونکە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی سەر بەعەشیرەتی مزوورین، زۆربەی خاکی ناحیەکە زەوی شاخاوییە و دارستانەکان دایان پۆشیوە، سنووری ناحیەش لە باکوورەوە قەزای ئامێدی و لە باشوورەوە ناحیەی مەرکەز (شێخان) و لە ڕۆژهەڵاتەوە ناحیەی مرێبا و لە ڕۆژئاواوە قەزای دهۆکە.

ڕووپێوی ناحیەکە ٢٩١کم٢ (بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٤). ناحیەکە (٦٨) گوند دەگرێتە خۆی و زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانیش کورد نشینن. عەشیرەتی مزووری لە زۆربەی گوندەکان و ئێزدییەکان لە (٤) گوند و مەسیحییەکانیش لە (٢) گونددا نیشتەجێن. عەشیرەتی مزووریش یەکێک لە کۆنترین عەشیرەتەکانی کوردە و ماوەی هەزاران ساڵە لەو ناوچەیەدا نیشتەجێیە[٣٢]. ئەم ناحیەیەش دووچاری بەعەرەبکردنێکی تەواو بووەوە، بەڵام دوای ڕاپەڕین هەموو خاکی ناحیەکە ئازاد کرا و عەرەبە نیشتەجێ کراوەکانیش بەرەو مووسڵ و شوێنی تر ڕایان کرد.

(٣٢) لە نووسراوە ئاشوورییەکانی نەینەوا پێش (٢٠٠٠) هەزار ساڵ باس لە شەڕەکانی ئاشوور دەکات لەگەڵ هۆزی میسوری لەم ناوچانە.

## بەشی چوارەم

# قەزاکانی ڕۆژهەڵاتی ئاوی دیجلە

لە بەشی یەکەمی و دووەمی لێکۆڵینەوەکەماندا پێشەکییەکی درێژمان دەربارەی بوونی کورد لە کوردستانی عێراق و بەتایبەتی پارێزگای مووسڵ پێشکەش کرد، لە بەشی سێیەمیشدا باس لە هەردوو قەزای (ئاکرێ و شێخان) کرا. لەم بەشەی چوارەم باس لە بوونی کورد لە قەزاکانی حەمدانیە (قەرەقوش) و مووسڵ و تەلکێف دەکەین، (سەیری نەخشەی ژمارە -١٦- لە لاپەڕە ٤٤ بکە).

### ١- قەزای حەمدانیە

أ- شوێن و ڕووی زەوی:

قەزای حەمدانیە (قەرەقۆش) یان (باخودیدا) دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەشی کوردی لە پارێزگای مووسڵ و لە باکووردا قەزای ئاکرێ و قەزای مووسڵ دەوری دەدات و لە ڕۆژهەڵات و باشووریشدا ڕووباری زێی گەورە و لە ڕۆژئاواش ڕووباری دیجلە (سەیری نەخشەی ژمارە -٢٥- لە لاپەڕە ٨٤ بکە).

ڕووبەری قەزاکە بەپێی دوایین دابەشکردنی ئیداری دەوڵەتی عێراقی دەگاتە ١١٨٨ کم٢ و ڕێژەی کوردیش لەم قەزایە پتر لە (٤٥٪) پێکدێنێ (بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٧)، خەڵکەکەی تریشی بەپلەی یەکەم مەسیحی (دیان)ن، بەتایبەتی کلدانییەکان، ئینجا عەرەب و تورکمان دێن[٣٣].

ب- دابەشکردنی ئیداری:

تا پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی تازە لە ساڵی ١٩٢٦[٣٤]، قەزایەک بەناوی قەزای حەمدانیە یا قەرەقۆش یا باخودیدا نەبوو، بەڵکو باخودیدا (قەرەقۆش) گوندێکی گەورە بوو، دیانە یەعقوبییەکان و هی تری تێیدا دەژیان و ڕاستەوخۆ سەر بەمەڵبەندی ناحیەی

(٣٣) بڕوانە؛ محمود الدرة: القضية الكردية، بغداد، ١٩٦٣.
(٣٤) دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ دامەزرا لە سەرەتا ١٩٢٦ بەڕەسمی کوردستانی باشوور (ویلایەتی مووسڵ) بەم دەوڵەتە لکێنرا.



| ناحیەکان | سەنتەرەکەی | یەکە ئیدارییەکانی ساڵی ١٩٧٨ (کم٢) | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|
| ١- مەڵبەندی ناحیە | قەرەقووش (باخودیدا) | ١٧٥ | ١٩٣١ |
| ٢- ناحیەی نەمرود | خدر ئەلیاس (کالێ) | ٤٧٣ | ١٩٦٩ |
| ٣- ناحیەی بەرتلە | بەرتللە | ٢١٥ | ١٩٤١ |
| ٤- ناحیەی کەلەک | کەلەکی یاسین ئاغا | ٣٢٥ | ١٩٧٠ |
| کۆ | | ١١٨٨ | |

خشتەی ژمارە (١٣)
یەکە ئیدارییەکانی قەزای حەمدانیە

مووسڵ بوو، بەڵام پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی ناحیەیێک بەناوی ناحیەی قەرەقۆش دامەزرا و سەرەتا خرایە سەر قەزای شێخان، ئینجا خرایە سەر قەزای مووسڵ، لە پەنجاکانیش و لەگەڵ پەرەسەندنی هزری نەتەوایەتی عەرەبی و هزری بەعەرەبکردنی عێراق ناوی گۆڕدرا و بوو بەناحیەی ئەلحەمدانیە. لە ساڵی ١٩٧٠دا قەزایەکی نوێ بەناوی قەزای حەمدانیە، کە پێکهاتبوو لە مەڵبەندی ناحیەی (قەرەقۆش)و ناحیەکانی نەمروود و بەرتللە و کەلەک، دامەزرا. (سەیری نەخشەی ژمارە -٢٥- لە لاپەڕە ٨٤ و خشتەی ژمارە -١٣-ی سەرەوە بکە). بەپێی ئامارەکانی ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی کورد زیاتر بوو لە ١٥٣٣٤ کەس و ٤٥٪ی کۆی گشتی دانیشتوانی پێکدەهێنا.

**١- مەڵبەندی ناحیەی حەمدانیە (قەرەقۆش):**

ئەم شارۆچکەیە لەسەر شوێنەواری شارێکی کۆن کە لە ناوچەکە ناودەنرا (باخودیدا) دامەزراوە و، مانای (بەخششی خوا) دەگەیەنێ، هەندێک هەن باوەڕیان وایە کە مانای (ماڵی خواوەند) دەگەیەنێ[٣٥]، هەرچی ناوی (قەرەقۆشە) ئەوا لە وشەیەکی تورکی هاتووە کە بەمانای (باڵندەی ڕەش) دێت. لە ساڵی ١٩٧٠دا ئەم ناوە بەڕەسمی بوو بەحەمدانیەی عەرەبی و شارۆچکەی قەرەقۆش کرا بەمەڵبەندی قەزای ئەلحەمدانیە.

شارۆچکەی قەرەقۆشیش دەکەوێتە باشووری ڕێگای سەرەکی نێوان شاری مووسڵ و

(٣٥) بڕوانە گۆڤاری (ئەلف با ء)ی عێراقی، ژمارە ١٤٧٢، لە ١٩٩٦/١٢/١١.

هەولێر و لە باکووردا ناحیەی بەرتللە و لە باشوور ناحیەی نەمروود و لە رۆژهەڵات رووباری خازر کە لە ناحیەی کەلەک جیای دەکاتەوە و، لە رۆژئاوا رووباری دیجلە و قەزای مووسڵ دەوری دەدەن و، باخودیدا یا قەرەقۆش نزیکەی ٣٧ کم لە مەڵبەندی پارێزگای مووسڵەوە دوورە. بەبینای گەورە و کەنیسە و شارستانییەتەکەی بەناوبانگە. ئەمڕۆ لەم شارەدا (٧) کەنیسە و (٢) دێری مێژوویی و (١) مزگەوتی تیا هەیە. زۆربەی دانیشتوانیشی لە دیانە کلدانییەکان (سریانی زوبانەکان) پێکهاتوون کە ژمارەیان دەگاتە (٢٠٠) هەزار کەس، هەرچەندە (٦٠٠) موسڵمانیش تیایدا نیشتەجێیە.[٣٦]

سریانییەکان لە قەرەقوش زۆرینەن و شارستانییەتی سریانی لە بنەڕەتدا ئارامییە، کە شارستانییەکی زۆر کۆنە و لە خاکی نێوان دوو رووباری دیجلە و فورات دروست بوو و بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ زمانی ئارامی زاڵ بووە لە ناوچەکەدا. ئارامییەکان چەند مەملەکەتێکی بچووک بچووکیان لەو ناوچانە (لە وڵاتی شام و عیراقی ئێستا) دامەزراند، بەڵام دواتر و بەرە بەرە دەسەڵاتی سیاسیان و هەروەها زمانی ئارامیش تەسک بووەوە تەنها ئەوەی لێ مایەوە کە ئێستا پێی دەوترێت زمانی سریانی کە لە هەندێ شوێنەکانی سوریا و عیراق قسەی پێ دەکرێت. ئەدەبی ئارامی زۆر بەناوبانگ بوو بەتایبەتی لە بواری ئایینی، تەنانەت هەموو کەنیسە رۆژهەڵاتییەکان لە وڵاتی نێوان دیجلە و فورات زمانی ئارامی واتە سریانی بەکاردێنن بەهەردوو زاراوەی رۆژهەڵاتی (کە ئاسووری و کلدانییەکان بەکاری دێنن)و رۆژئاوایی (کە سریانییەکان بەکاری دێنن).[٣٧]

سریانی، زمانی حەزرەتی مەسیح و حورانییەکان بووە، تەنانەت کە خودێداییەکان (خەلکی باخوێدا) بوون بەمەسیحی لە سەرەتاکانی سەدەی دووەمی زایینی مەجبوربوون ئاشنابن لەسەر باوەڕی ئایینی مەسیحی نوێ و فێری زمانی سریانی بن کە تەنها بۆ فەرزەکانی نوێژ و کەشەکانی ئایینی بەکاردەهات لە سەرەتادا، پاشان بڵاو بووەوە لەبەر ئەوەی ئەلف بائی سریانی داخلی وڵاتی نێوان دیجلە و فورات ببوو پێشووتر لەلایەن ئەو هۆزە ئارامییانەی کە پێشووتر پادشایەکانی ئاشووری کوێلەیان کردبوو.

ئەو گوندانەش کە سەر بەناحیەکەن ژمارەیان (٢٦) گوندە و بەپلەی یەکەم مەسیحیەکان

(٣٦) هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

(٣٧) ئەو زمانەی کە ئەمڕۆ میللەتە ئارامییەکان (واتە کلدان و سریان) و هەروەها ئاسوورییەکان بەکاری دێنن (واتە زمانی سریانی) بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ زمانی ئاشووری کۆن یەک ناگرنەوە و تەنانەت دەوڵەتی ئاشووری دوژمنی سەرسەختی ئارامییەکان بووە.






نەخشەی ژمارە -٢٥-

شوێنی قەزای حەمدانییە لە پارێزگای مووسڵ

بەهەموو تایفەکانیان تێیاندا دەژین (بەتایبەتی هەردوو تایەفەی سریانی کاثۆلیکی و سریانی ئەرسودۆکسی)، ئینجا کوردی شەبەک و دوایی عەرەبی جبور، پاشان تورکمانی قەرەقۆینلو دێن. لەو گوندە بەناوبانگانەی لەم ناحیەیەدا کە کوردی شەبەکی تێدا دەژی (قەرەتەپە)یە و لە گوندی تورکمانەکانیش (قۆینلی)یە و هی عەرەبەکان (یورغانتی)یە کە عەشیرەتی جبوری تێدا دەژی. بڕوانە نەخشەی ژمارە -٢٦-)

لیستی ئەو کەرت و گوندانەی سەر بەناحیەی حەمدانیە (قەرەقۆش)ن:

١- زنگویلە

٢- قەرەقۆینلی رۆژهەڵاتی خواروو

٣- قەرەقۆینلی باکووری خواروو

٤- قەرەقۆینلی رۆژئاوای خواروو




نەخشەی ژمارە -٢٦-
گوندەکانی قەزاکانی حەمدانیە و مووسڵ
(سەرچاوە: أطلس العراق الاثرية بغداد ١٩٧٦)



٥- شارەوانی قەرەقۆینلی
٦- تەواجنە
٧- قەرەتەپەی عەرەب
٨- یورغانتی
٩- قزفەخرە
١٠- کبرلی
١١- ناقورتایەی قەرەقۆش
١٢- تەمرخانە
١٣- تل سوان
١٤- تلول بانە
١٥- زاویتە
١٦- شێخ ئەحمەد
١٧- بازیدو
١٨- مار قریاقوس
١٩- رێگای خدر
٢٠- خربە کرباد
٢١- رێگای سلامیە
٢٢- تیا باشە
٢٣- وادی جوبە
٢٤- عقروە
٢٥- جکمیاتە
٢٦- خلپوخان

**٢- ناحیەی بەرتللە:**

ناحیەی بەرتللە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری قەزاکە، لەسەر رێی سەرەکی نێوان مووسڵ و هەولێر و (٢٢ کم) لە شاری مووسڵەوە دوورە، بەرتللەش ناحیەیەکی گەورەیە و مەسیحییەکان بەهەموو تایفەکانیانەوە زۆربەی دانیشتوانی پێکدێنن، زۆربەشیان

بەحوکمی هاوسێتی و مامەڵەی ئابووری زمانی کوردی دەزانن.

ڕووبەری ناحیەکەش (١٥کم٢)ە، بەپێی دابەشبوونی ئیداری ساڵی ١٩٨٧، ئەم شارۆچکەیە شاری کەنیسە و برانسە و یەکەمین قوتابخانەی سەرەتاییش کە بەرەسمی لەوێ دروستکرابێ، لە ساڵی ١٩١٩ دروست کراوە.

بۆ یەکەم جاریش ئەم ناحیەیە ساڵی ١٩٤١ دروست کراوە و ئەمڕۆ ٣٢ گوند بەخۆوە دەگرێ، کوردی شەبەک لە (١٤) گوند نیشتەجێن و زەنگەنەش (٣) گوندیان هەیە، باجەڵانەکانیش لە (٣) گوندی تردا دەژین، مەسیحییەکانیش لە (١٠) گوند و تورکمانەکان لە (١) گوند و عەرەبیش لە (١) گوند نیشتەجێن. کورد زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناحیە پێکدێنن کە نزیکەی (٢/٣)ن، ئینجا دیانەکان کە نزیکەی (١/٣)ی دانیشتوانی ناحیەی بەرتللە پێکدەهێنن.

لیستی ناوی ئەو کەرتی کشتوکاڵی و گوندانەی سەر بەناحیەی بەرتللەن:

١- شەمسیات
٢- خویتلە
٣- جدیدە مفتی
٤- یارمجەی باکوور
٥- نەینەوای باشوور
٦- نەینەوای ڕۆژهەڵات
٧- نەینەوای باکوور
٨- نەینەوای ڕۆژئاوا
٩- یارمجەی ڕۆژهەڵات
١٠- یارمجەی باشوور
١١- قوچان
١٢- بەرتللەی ڕۆژئاوا
١٣- باسخرە
١٤- چیای عێن سەفرە (چیا زەردک)
١٥- بازگرتان



١٦- شاقولی
١٧- بەرتللەی باکوور
١٨- بەرتللەی ناوەنجی
١٩- بەرتللەی ڕۆژهەڵات
٢٠- بەرتللەی باشوور
٢١- کەرمەلێسی باشوور
٢٢- کەرمەلێسی ڕۆژئاوا
٢٣- کەرمەلێسی ڕۆژهەڵات
٢٤- کەرمەلێسی باکوور
٢٥- کەرمەلێسی ناوەنجی
٢٦- لەک
٢٧- عەلی ڕەش
٢٨- ینگیجە
٢٩- توراقی زیارەت
٣٠- منارەی شەبەک
٣١- تەهراوە
٣٢- خەزنە تەپە

### تایفە مەسیحییەکان لە پارێزگای مووسڵ

پارێزگای مووسڵ بەڕاستی مۆزەخانەی ئایین و میللەت و تایفە جۆربەجۆرەکانە؛ هەروەک شاکر خەسباک لە کتێبی (عێراقی باکوور) وەسفی دەکات.

لە دەوروبەری مووسڵدا موسڵمانە کوردەکان و عەرەب و تورکمان بەهەموو مەزهەبە جۆربەجۆرەکانیان وەک سونی و شیعە دەژین، هەروەها دیانەکان بەهەموو تایفەکانیان، کلدانی و سریانی کاسۆلیکی و ئەرسۆدۆکسی ڕۆژهەڵاتی، هەروەها کوردەکانی دی وەک ئێزیدی و کاکەیی و شەبەک لەوێ نیشتەجێن. مەسیحییەکان کە بەشێوەیەکی گشتی نیو ملیون کەس دەبن لە عێراقی ئەمڕۆماندا، لە چوار تایفەی گەورە پێکدێن و چوار کەنیسەی گەورەیان لە کوردستانی عێراقدا هەیە، سێ لەم کەنیسانە دەکەونە ئەو بەشە

کوردیەی سەر بەپارێزگای مووسڵە و کەنیسەی چوارەمیش دەکەوێتە پارێزگاکانی تری کوردستانی عێراق. زۆربەی مەسیحییەکانی کوردستان کە کلدانن، وەک ئاسوورییەکان بەزاراڤەی ڕۆژهەڵاتی زمانی سریانی (ئارامی) قسە دەکەن. بەڵام سریانەکانی کاسۆلیک و ئەرسۆدۆکس کە (٩٠) هەزار کەسێک دەبن بەزاراڤەی ڕۆژئاوایی زمانی سریانی یان ئارامی دەدوێن. سەبارەت بەتایفە مەسیحییەکانی کە لە پارێزگای مووسڵ (بەپێی گەورەیی و بڵاوبوونەوەیان) دەژین ئەمانەن:

**١- تایفەی کلدانی:**

لە بنەڕەتدا دەچێتەوە سەر نستوری پەتریارکی قوستەنتینیە (نستورییەکان)، بەڵام پاش ئەوەی هەندێ لە نستورەکان لە سەدەی (١٦)دا چوونە ناو کاثۆلیکەکان ناویان بوو بە کلدانی و پاش سەدەی پێنجەمی زایینیش زۆر مەڵبەندی تری لێ بۆوە، لەو دێرە کلدانییانەی کە لە پارێزگای مووسڵ بەناوبانگن ئەمانەن:

ا- دێری مار میخائیل (لە مووسڵ) کە دەکەوێتە کەناری دەستەڕاستی شاری مووسڵ.

ب- دێری ڕەبان هورمز (لە ئەلقۆش)، لەسەر چیای ئەلقۆش دروستکراوە، گوایە ڕەبان هورمز لە وڵاتی فارس لە کۆتایی سەدەی شەشەم لە دایک بووە و، پاشان لە ئەشکەوتێ لە چیای ئەلقۆش نیشتەجێ بووە و دێرەکەی لە ساڵی (٦٢٨-٦٤٧) زایینی دروست کردووە کە بە بەناوبانگترین و کۆنترین دێر لە عێراق دەژمێردرێ و ٤٠کم لە باکووری ڕۆژئاوای مووسڵ دوورە (نزیک شارۆچکەی ئەلقۆشە). ئەم دێرەش وەک قەڵایەکی جوان لە ناوەندی چیاکە بەرزبۆتەوە.

ج- دێری مار ورها (لە باتنایا)، دێرێکی کۆنە و دەکەوێتە ئەو دەشتاییە بەرفراوانەی بەرامبەر گوندی باتانیا لەسەر ڕێگای نێوان مووسڵ و ئەلقۆش، ئەوراهام (ئەبراهامی میدی)و هاوڕێی ڕەبان هورمزدی کە لە سەرەوە باسمان کردووە لە کۆتایی سەدەی شەشەم یا سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینی دروستی کردووە، لە ساڵی (١٧٤٣) لەسەر دەستی نادرشای وڵاتی فارس تووشی تاڵانکردن هاتووە.

د- دێری خانم (لە ئەلقۆش): ئەم دێرەش چوارەم دێری بەناوبانگی کلدانییەکانە و هەر لە ئەلقۆشە.

گەورەترین ئەو شوێنانەی کە کلدانییەکان لە عێراقدا تێیدا نیشتەجێن بەگوێرەی (الدلیل العراقي الرسمي) ساڵی ١٩٣٦ ئەم شوێنانەن:



- بەغدا (٤١٦٩٩) کەس.
- مووسڵ و تلکێف (٢٠٠٨٥) کەس.
- بەسرە و کوت و عیمارە (٧٠٠٠) کەس.
- زاخۆ و دهوک (١١١٤٦) کەس.
- ئامێدی (٥٩٨٥) کەس.
- کەرکووک (٩٦٨٥) کەس.
- ئاکرێ (٢٤٠٠) کەس.

کۆی گشتیان ئەوسا دەگەیشتە ٩٨٨٠٠ کەس. بەڵام ساڵانی دواتر زۆریان ڕوویان کردە بەغدا و دەرەوەی عێراق و بەتایبەتی ئەمریکا و کەنەدا و ئەوسترالیا.

**٢- سریانی کاسۆلیک:**

سریانەکان ئەو مەسیحییانەن کە نەوەی زمانی سریانین و کەنیسەی مارۆنی لە سەدەی پێنجەم و یەعقوبییەکان (پەیڕەوانی یعقوب البرادعي) لە سەدەی شەشەم و کەنیسەی سریانی کاسۆلیکی لە سەدەی هەڤدە لێیان جیابوونەتەوە.

بەناوبانگترین کەنیسەشیان لە پارێزگای مووسڵ دێری (مار بەهنام)ە و پێی دەوترێ دێری خدر و لە شوێنەوارەکانی سەدەی چوارەمی زایینییە و بە٢٥ کم لە شارۆچکەی قەرەقۆش دوورە، وە کەنیسەی دێرەکە دەکەوێتە ناو دیواربەندێک (سور) و بەجوانترین و کۆنترین کەنیسەکانی ڕۆژهەڵات دادەنرێ، چونکە شوێنەواری زۆر و کتێبی زۆر و نەخشی زۆری تێدایە.

مەڵبەندی مەسیحییە سریانییە کاسۆلیکەکانیش لە کوردستاندا لە (مووسڵ و قەرەقۆش و بەرتللە و بەعشیقە و زاخۆ و سنجارە) و کۆی گشتیان ٢٥ هەزار کەس بووە لە هەموو عێراق بەگوێرەی (الدلیل العراقي الرسمي) ساڵی ١٩٣٦.

**٣- سریانە ئەرثۆدۆکسییەکان (یەعقوبییەکان):**

ژمارەی ئەو تایفە زۆر لە دوو تایفەکەی تر کەمترە و لە هەموو عێراق دوانزە هەزار کەس بووە بەگوێرەی (الدلیل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦) وە بەناوبانگترین دێرەکانیشیان دێری (مار مەتی)یە، کە بەناوبانگترین و کۆنترین و جوانترین و بەشوێنەوارترین دێری کوردستانی عێراقە و ژمارەیەکی زۆر ڕەبەن و خواپەرستی تێدا دەژی و وەک قەڵایەکی

پۆلایین لە ناوەندی چیای مەقلوب دروست کراوە و دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی مووسڵ، ئەم دێرە (قەدیس مەتی سریانی ئامەدی) بەناوبەنگ لە چارەکی کۆتایی سەدەی چوارەمی زایینی دروستی کردووە و تێیدا ژیاوە. سریانە ئەرسۆدۆکسەکان پەتریارکییەیێکیان هەیە بەناوی پەتریارکییەی ئەنتاکیە و هەموو ڕۆژهەلات کە ٢١ ئەبرەشیەی (ناوچەی ئیداری ئایینی) هەیە کە دوانیان لە کوردستانە:

أ- مەترانیەی مووسڵ

ب-مەترانیەی دێرمارمەتی.

شوێنی دانیشتنی ئەو تایفەیە لە کوردستان لە (مووسڵ و کەرکووک و سنجار و بەرتللە و قەرەقۆش و بەعشیقە و بەحزانێ)یە.

## شەبەک

شەبەک هۆزێکی ڕەسەنی کوردن و ماوەی سەدان ساڵە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هاتوون و لە دەوروبەری شاری مووسڵدا نیشتەجێن، ئەم هۆزە کوردە بەزۆری بەسەر دوو قەزا، (قەزای مووسڵ و قەزای حەمدانیە) دابەشبوونە و لە نزیکەی (٥٠) گوندا دەژین. هەروەها چەند گوندێکیان دەکەوێتە نێو سنووری قەزای تلکێف. گرنگترین گوندەکانیان لە قەزای مووسڵ ئەمانەن: (گوگجەلی، بازیوە، توپزاوا، قەرەتەپە، خورسیباد، کوڕە غەریبان) و، لە قەزای حەمدانیەش ئەمانەن: (خەزنە، تەیراوا، عەلی ڕەش، بازگەرتان، عومەرکان) و بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناو شاری مووسڵیش شەبەکن، بەتایبەتی دانیشتوانی گەڕەکەکانی عەتشانە و نەینەوای باکوور و نەینەوای ڕۆژهەلات و دەرگەزلییە و جەزائیر و نەبی یونس و نەعمانیە و فەیسەڵیە. تێکڕای ژمارەی شەبەکەکانیش ئەمڕۆ نزیکەی سەد هەزار کەس دەبیت و، بەناوچەکانی شەبەک دەگوترێ (شەبەکستان) یان (وڵات شەبەک)، کە ناوچەیەکی کشتوکاڵی فراوانە و هەر لە ڕووباری خازرەوە لە ڕۆژهەلات دەستپێدەکات تا دەگاتە ڕووباری دیجلە لەناو شاری مووسڵ لە ڕۆژئاوا و لە باکووریشەوە لە چیای نزمی باسخرە و چیازەردک و قەزای تەلکێف تا مەڵبەندی ناحیەی نەمروود لە باشوور درێژ دەبێتەوە. (بڕوانە نەخشەی ژمارە -٢٧- لە لاپەڕە ٩٣).

لە سەرەتای حەفتاکانەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێک گوندی (بازیوە)ی شەبەکەکان کرایە مەڵبەندی ناحیە و زۆربەی گوندەکانی تری شەبەکەکان بەم ناحیەوە لکێنران، بەڵام پاشان هەڵوەشێنرایەوە، چونکە تەنها دوو کیلۆمەتر لە مووسڵەوە دوور بوو و لەگەڵ سیاسەتی



پەیڕەوکراوی (تەعریب)ی دەوڵەت نەدەگونجا.

ئەمەی خوارەوە دەقی فەرمانی (مەرسومی جمهوری)یە بۆ بەهەڵوەشاندنەوەی ناحیەی بازیوە (بازوایا)ی کوردە شەبەکەکان لە ساڵی ١٩٧٦:

«مرسوم جمهوری رقم (٢٤)

إستناداً الى أحكام الفقرة (الأولى) من المادة السادسة من قانون المحافظة نينوى، وإلحاق المقاطعات التابعة لها حسب ماموضع أدناه:

١- ضم المقاطعات المبنية أرقامها وأسماءها أدناه لناحية بعشيقة:

(١١) قرية أبو جربوعة، و(١٢) أبو جربوعة، و(١٣) قرية الدراويش، و(١٤) الدراويش، و(١٦) شبك و، (١٧) قرەتپە شبك و، كوري غريبان، و(١٩) كوكجلي، و(٢٠) قولان تبه، و(٤٤) الحشمية، و(٤٦) أولمش، و(٤٧) أورطة خراب، و(٥١) أربيجية، و(٥٢) تليارة، و(٥٣) بايبوخت، و(٥٣) تل بايزيد، و(٥٤) بازوايا، و(٥٥) ديرك، و(٥٦) جنجي، و(٥٧) وادي السماق، و(٥٨) عمرقابجي، و(٦٠) الفاضلية، و(٦١) خور سيباط، و(٦٣) بارمة، و(٧٢) طوبزاوة، و(١٢٢) بلدية أورطة خراب، و(١٢٣) بلدية الفاضلية..

٢- ضم المقاطعات المبنية أرقامها وأسماؤها أدناه لناحية برطلة:

(٢٩) جليوخان، و(٣٢) اللك، و(٣٣) علي رەش، و(٣٤) يكيجه، و(٣٥) طوبراق زياره، و(٥٥) طهراوة، و(٥٦) خربة تبه، و(٧٠) منارة شبك، و(٧١) باشبيته.

على وزير الداخلية تنفيذ هذا المرسوم:

كتب ببغداد في اليوم الثامن عشر من شهر محرم سنة ١٣٩٦ المصادف لليوم التاسع عشر من شهر كانون الثاني سنة ١٩٧٦.

أحمد حسن البكر

رئيس الجمهورية»




نەخشەی ژمارە -٢٧-
شوێنی هۆزی شەبەک لە قەزاکانی حەمدانیە و مووسڵ و تلکێف
لە پارێزگای نەینەوا (مووسڵ)دا



| قەزای مووسڵ | | قەزای حەمدانیە | | |
|---|---|---|---|---|
| ناحیەی بەعشیقە | المرکز (مووسڵ) | ناحیەی نەمروود | ناحیەی کەلەک | ناحیەی حەمدانیە |
| ئەبوجەربوعە | ئەرپەچییە | جەدیدە | مەغنیە | بازگرتان |
| ئورتەخەراب | | خەرابەسوڵتان | بەدەنی بچووک | باش بێتە |
| باریلە | | عومەرکان | بەدەنی گەورە | باسخرە |
| بازیوە | | قەرەشۆر | زەهرەخاتوون | خیلپوخان |
| بایپوخت | | ترقشە | چەمەکور | خەزنە |
| تلیارە | | | شیرەکان | حوتیلە |
| تێسخەراپی گەورە | | | | شاقولی |
| تێسخەراپی بچووک | | | | شێخ ئەمیر |
| خورسیباد | | | | تبرق |
| دەراویش | | | | زیارەت |
| سماقیە | | | | تەیراوا |
| توپزاوا | | | | عەلی ڕەش |
| عەباسیە | | | | منارەشەبەک |
| عومەرقاپچی | | | | |
| فازلیە | | | | |
| قەرەتەپە | | | | |
| گۆڕی غەریبان | | | | |
| کانونە | | | | |
| گوگجەلی | | | | |
| ناوەران | | | | |
| کۆی قەزای مووسڵ: ٢١ | | کۆی قەزای حەمدانیە: ٢٤ | | |
| کۆی گشتی: ٤٥ [٣٨] | | | | |

خشتەی ژمارە -١٤- دابەشبوونی گوندی شەبەکەکان بەسەر ناحیەکانی هەردوو قەزای حەمدانیە و مووسڵدا

(٣٨) هەروەها دوو گوندی تر بەناوی (سەیدگوڵ و باعەویسە) سەر بەناحیەی مەرکەزی قەزای تلکێفن.

خشتەی ژمارە -١٥-

خشتەی ناوە کوردییەکان و ناوە تەعریبکراوەکانی گوندەکانی شەبەک

١-خشتەی ئەو گوندانەی دەکەونە قەزای مووسڵ:

ا- گوندەکانی ناحیەی بازیوە:

| ژ | ناوە باوە کوردیەکان | | ژ | ناوە باوە کوردیەکان | ناوی تەعریبکراوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆک جەلیل | کویجلیل | ٧ | کورە غەریبان | ابن قريبان |
| ٢ | بازیوە | بازوایا | ٨ | ئۆمەر قامچی | عمر قامچي |
| ٣ | وەرتە خراپ | اورطة خراب | ٩ | کانی نۆ | كانونة |
| ٤ | تل یارە | طليارة | ١٠ | خۆرسیباد | خورسباط |
| ٥ | باچربوغ | ابوجربوع | ١١ | سێ کەند | باريمة |
| ٦ | دراوچ | الدراويش | ١٢ | بابیۆغ | بايبوخت |

ب- گوندەکانی ناحیەی باشیکێ (بعشیقة):

| ژ | ناوە باوە کوردیەکان | ناوی تەعریبکراوەکان | ژ | ناوە باوە کوردیەکان | ناوی تەعریبکراوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | توپ زاوە | طويزاوة | ٧ | وەرسیحاق | السماتية |
| ٢ | قەرەتەپە | قرية تپة | ٨ | ئەرپەچی | الازيجية |
| ٣ | یەنکیجا | الينكيجية | ٩ | عەباس | العباسية |
| ٤ | فەدلە | الفضلة | ١٠ | تێسخراپ | تيسخرية |
| ٥ | چەم جی | ديرك | ١١ | دێرک | ديرك |
| ٦ | نەوەران | نوران | | | |



٢- خشتەی ئەو گوندانەی دەکەونە قەزای باخودیدا (قەرەقوش):

أ- گوندەکانی ناحیەی کەلەکی یاسین ئاغا:

| ژ | ناوە باوە کوردیەکان | ناوی تەعریبکراوەکان | ژ | ناوە باوە کوردیەکان | ناوی تەعریبکراوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | موفتیە | المفتة | ٨ | کەبەرلی | كبريتة |
| ٢ | بەدەنە هوردی | بدنة القصيرة | ٩ | شێخ ئەمیر | الشيخ أمير |
| ٣ | بەدەنە گەورە | بدنة كبيرة | ١٠ | تەرجلە | ترجان |
| ٤ | زوهرە خاتوون | زهرة خاتين | ١١ | کاریز | كريز |
| ٥ | چەم کۆر | چماكور | ١٢ | بلاباز | بلوات |
| ٦ | شێرەکان | شيركان | ١٣ | جدیدەی مەلا مفتی | الجديدة |
| ٧ | شمسڕ | الشمسيات | | | |

ب- گوندەکانی ناحیەی کالی (نەمروود):

| ژ | ناوە باوە کوردیەکان | ناوی تەعریبکراوەکان | ژ | ناوە باوە کوردیەکان | ناوی تەعریبکراوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئۆمەرکان | العمرانية | ٧ | جەلێوخان | جلوخان |
| ٢ | قەرەشۆر | | ٨ | ئالی ڕەش | علي رش |
| ٣ | قەرقەشە | القرقاشة | ٩ | لەک | لك |
| ٤ | خراپە سوڵتان | خراب سلطان | ١٠ | قرەتاغ | قرية تاخ |
| ٥ | گریاقوپ | تل يعقوب | ١١ | بافخاری | قزفخرة |
| ٦ | یارمەچە | يارمجة | | | |

ج- گوندەکانی ناحیەی بەرتلە:

| ژ | ناوە باوە کوردیەکان | ناوی تەعریبکراوەکان | ژ | ناوە باوە کوردیەکان | ناوی تەعریبکراوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | باسوخرە | باصخرة | ٦ | منارا شەبەک | المنارة |
| ٢ | بازگرتان | باسکرتان | ٧ | خووتێنە | خوتيلة |
| ٣ | تەیرئاوا | طهراوة | ٨ | شان قۆڵی | شاقولي |
| ٤ | باشبێتە | باشبتا | ٩ | توبغەریارا | طيرق زيارة |
| ٥ | خەزنە تەپە | الخزنة | | | |

٣- خشتەی ئەو گوندانەی دەکەونە قەزای تەلکێف:

| ژ | ناوە باوە کوردیەکان | ناوی تەعریبکراوەکان |
|---|---|---|
| ١ | سەیدگوڵ | سادة |
| ٢ | باعەوێسە | بهويزة |

لەسەر نەژاد و بنەچەی شەبەکان کەم لێکۆڵینەوە کراوە. هەندێ شەبەک وای بۆ دەچن کە ناوی شەبەک لە (شاهبەگی) هاتووە واتا (شابەگ)ین و لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئەو ناوچەیە هاتوون، وە لەوانەشە شەبەک لە (شەبەنگ و شەبانکارە)وە هاتبێت، شەبانکارەش هۆزێکی کوردی کۆچەری بوون و لە خوارووی شاری شیرازی ئێران ژیاون و هەتا ساڵی ١٣٥٥ نیمچە حکومەتێکی کوردی خۆیان هەبووە لە هەرێمی فارس. لەوانەشە لەگەڵ نادرشا بۆ کوردستانی عێراق هاتبن بۆ ئابڵوقەدانی شاری مووسڵ لە ساڵی ١٧٤٢ کە ماوەی چەند مانگێکی خایاندووە و ئەو شارە تەسلیم بەنادرشا نەبوو. ئێستا هەندێ باسی وا هەیە کە بوونی شەبەکەکان لەم شوێنانەیان (واتە لە پارێزگای مووسڵ) زۆر لە چاخی نادر شاە کۆنترە. ئەوەی جێی گومان نییە ئەوەیە کە هەموو



بۆچوونەکان ڕێکن لەسەر ئەوەی کە شەبەکەکان لە کوردستانی ئێرانەوە هاتوون، بەڵام کەی و چۆن هاتوونەتە دەوروبەری شاری مووسڵ، ئەوە تا ئێستا روون نییە، شێوەزاری شەبەکەکان کوردی گۆرانییە، واتا ئەو شێوەزارەیە کە کوردەکانی دەوروبەری شاری کرماشان و ناوچەی پاوە و هەورامان و کاکەییەکان و ڕۆژبەیانی و جەباری و زەنگەنە و... هتد قسەی پێدەکەن.

لە بارەی ئایینیشەوە شەبەک دوو مەزهەبیان هەیە، مەزهەبی شیعە و مەزهەبی سوننە، لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، ڕژێمی بەعس زۆربەی هەرە زۆری شەبەکەکانی بەعەرەب نووسی، بەڵام ئەوانەی کە ڕشت بوون لەسەر کوردایەتی خۆیان بێ سێ و دوو گوێزرانەوە کۆمەڵگای باسرمەی نزیک (حرير)ی سەر بەپارێزگای هەولێر و کۆمەڵگای باینجان لە تاسلوجە و شۆڕش لە چەمچەماڵ و تەکیە لە ئاغجەلەری سەر بەپارێزگای سلێمانی.

### ٣- ناحیەی نەمروود:

ناحیەی نەمروود کە لە زەمانی کۆن پێی دەوترا (کالێ) و ئێستا خۆجێیەکان پێی دەڵێن (خدر ئەلیاس) دەکەوێتە ئەوپەڕی باشووری ناوچە کوردییەکانی پارێزگای مووسڵ، لەو سێ گۆشەیەی رووباری زێ لە ڕۆژهەڵات پێکی دێنێ، کە دەڕژێتە رووباری دیجلە لە باشووری ناحیەکەدا. لە نزیک مەڵبەندی شارۆچکەکەشدا ئاسەواری شاری نەمروودی کۆن (یەکێک لە چوار پایتەختی ئاشووریەکان) هەیە کە دەکەوێتە کەناری دەستە چەپی رووباری دیجلە و تەنها (٥کم) لە مەرکەزی ناحیەوە دوورە، لەبەر ئەمەش ناوی ناحیەکە بەفەرمی کراوە بەنەمروود. نەمروود لە مەڵبەندی پارێزگای نەینەوا (٣٥) کم دوورە و دەکەوێتە سەر رێگای مووسڵ - کەرکووکی نوێ. سنووری ئەو ناحیەیە لە ڕۆژهەڵاتدا ناحیەی (کەلەک)ە، هەروەها ناحیەی (گوێر)ە لەودیوی ڕووباری زێ لە پارێزگای هەولێر و لە ڕۆژئاواش ناحیەی (حمام العليل) و (الشورة)یە کە رووباری دیجلە لێکیان دەکاتەوە، مەڵبەندی قەزای حەمدانیە (قەرەقۆش) سنووری باکووری پێکدێنێ. (بڕوانە نەخشەی ژمارە -٢٥- لە لاپەڕە ٨٤).

ئەم ناحیەیە ساڵی ١٩٦٩ لە مەڵبەندی دوو گوندی نزیک یەک کە (خدرئەلیاس و بەساتلی)یە دامەزراوە، رووبەریشی ٤٣٧کم دووجایە و (٤٧) گوندی بەسەر دابەش دەبێ، عەرەب نزیکەی ١/٣ی دانیشتوانی پێکدەهێنن، ئەوانی تریش کورد و دیانن و ژمارەیەکی کەمیش تورکمانی تێدا دەژی. خوێندنەوەی ئێتنوگرافی و عەشایری پێکهاتەی

ئەم ناحیەیە ئاماژە بەم ئامارانەی خوارەوە دەدات:

١- عەرەبەکان: لە (٢٥) گونددا دەژین و بەم جۆرە دابەش بوون: جبور (١٩) گوند، ئەلبوسەلمان (٤) گوند، دلێم (٢) گوند.

٢- کورد: لە (١٩) گونددا نیشتەجێن و بەم جۆرەی خوارەوە دابەش بوون: شەبەک (١٣) گوند و سارلی (٣) گوند و زەنگەنە (٣) گوند.

٣- مەسیحییەکان لە مەڵبەندی ناحیەکە دەژین.

٤- تورکمان لە (٣) گونددا دەژین.

گرنگترین شوێنەوارەکانی ناحیەکە، شوێنەواری پایتەختی کۆنی ئاشوورییەکان (نەمرورد) و دێری (ماربەهنام)ە، کە دەکەوێتە دەشتاییەکی فراوانی نێوان رووباری دیجلە و زێی گەورە بە(٣٥) کم لە باشووری رۆژهەڵاتی مووسڵ دوورە، ئەو دێرە مێژوویە پێشی دەگوترێ دیری جوب و، هەروەها دێری خدر. چیرۆکی دێری ناوبراو (دێری ماربەهنام و خوشکەکەی سارە) بۆ نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی زایینی دەگەڕێتەوە، ئەم دووانە لەسەر دەستی مار مەتی خاوەن دێری بەناوبانگ لە ناحیەی بەعشیقەی (قەزای مووسڵ) باوەڕیان بەمەسیح هێناوە و، لەبەر ئەمە باوکیان لێیان تووڕە بووە، کە زەردەشتی بووە و شای وڵات بووە (ئەوسا شای وڵاتی زەردەشتییەکان و پارێزەری بووە)، بۆیە ئەمری کردووە بیانکوژن. ئەم دێرەش هەموو ساڵێ لە ١٠ی کانوونی یەکەم ئاهەنگ بەم بۆنەیەوە دەگێڕێ، و لە هەموو لایەکی مووسڵ و گوندەکانی خەڵک رووی تێدەکەن و فیستڤاڵێکی گەورە بۆ رێزگرتن لە شەهید مار بەهنام و خوشکەکەی سارە دەگێڕن.

### کاکەیی (سارۆلێ)

کاکەییەکان تایفەیەکی کوردین وەک شەبەکەکان بەشێوەزاری گۆرانی قسە دەکەن و، لە چەند گوندێک لە ناحیەی کەلەک و نەمروود سەر بەقەزای حەمدانیە نیشتەجێن، کە ئەمانەن (وەردەک، تل لبن، گزکان، زەنگول، مەجیدیە، کبرلی) بەڵام لە ناوچەکە پێیان دەگوترێ سارلی(سارلو یان سالوڕی)، لە هەولێریشدا لە هەندێ گوندی وەک (سفەییە و هی تر) هەن و وەک شەبەک و هەورامانی و رۆژبەیانی و زەنگەنە بەشێوەزاری گۆرانی دەدوێن، کە بەڕەسەن هەموویان خەڵکی دەوروبەری پارێزگای کرماشانن لە کوردستانی ئێران، کاکەییەکانیش هەندێ بیروباوەڕی تایبەتییان هەڵگرتووە کە ئێرە جێی باسکردنی نییە.



لیستی ئەو گوندانەی کە سەر بە(ناحیەی نەمروود)ن:

١- حاوی ئەرسەلان
٢- باشتماز
٣- حمیرە
٤- سلامیە
٥- عمرکان (ئۆمەرکان)
٦- نایفە
٧- نەمروود
٨- عەباس رەجەب
٩- خدر
١٠- تەل عاگوب
١١- بەساتلی گەورە
١٢- جدیدە حەلا
١٣- کانی حەرامی
١٤- قەرەشۆر
١٥- کەهریز
١٦- بەساتلی بچووک
١٧- بلوات
١٨- خرابە سوڵتان
١٩- فرقشە
٢٠- وەردەک
٢١- مفتیات
٢٢- حەویجە حصان
٢٣- ذیبانیە
٢٤- سەید محەمەد
٢٥- جەرف

٢٦- خورته
٢٧- ئەبزخ
٢٨- فریشاغ
٢٩- حەمرە
٣٠- تەل حەمید
٣١- شەنف
٣٤- ئومەر مەندان
٣٥- سەندیج شەرقی
٣٦- جایف
٣٧- مەخلەت
٣٨- کبیبە
٣٩- عەدلە
٤٠- یاجور
٤١- قەهارە
٤٢- کەنهەشی بچووک
٤٣- کەنهەشی گەورە

### ٤- ناحیەی کەلەک: (ئەسکی کەلەک)

ئەم ناحیەیە ساڵی ١٩٧٠دامەزراوە، پێشتریش گوندێکی ئاسایی کوردنشینی سەر رووباری زێی گەورەی سەر رێگای سەرەکی نێوان موسڵ و هەولێر بوو، هەر لە دێرزەمانەوە ئەم شوێنە بەناوبانگ بووە بە(کەلەک) بۆ پەڕینەوەی قافڵە و سەرباز و خەڵک، لەم (کەلەکانە)ش ناوی (کەلەک) وەرگیراوە، لە ناوچەکەشدا بە (کەلەکی یاسین ئاغا) بەناوبانگە، لە نزیک ئەم گوندە تا سەرەتای سەدەی رابردوو گوندێک هەبوو و جێی نیشتەجێبوونی ئێزدیە داسنیەکان بوو و پێی دەگوترا گوندی (عبدالعزیز)[٣٩] بەڵام لەبەر ئەوەی بەردەوام ئێزدیەکان تووشی چەوسانەوە دەبوون، ئەوێیان جێهێشت و دواتر تیرەکانی شێخ بزێنی و بۆت و پاڵانی و ڕەژووکەری لێی نیشتەجێ بوون، ئەوسا ناوی بوو

(٣٩) بڕوانە؛ رحلة نیبور الی العراق في القرن الثامن عشر، وەرگێڕانی د. محمود حسین الامین، ١٩٦٥.



بە (کەلەکی یاسین ئاغا). ناحیەی کەلەک دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای حەمدانیە و هەموو رووبەری نێوان رووباری زێی گەورە و خازری باشووری ناحیەی (بەردەرەش)ی سەر بەقەزای ئاکرێ دەگرێتەوە. ڕووبەری گشتیشی دەگاتە(٣٢٥)کم دووجا وە (٢٣) گوند سەر بەمەڵبەندی ناحیەکەن، بیستیان کوردی تێدا دەژی و سێشیان عەرەب، دانیشتوانی ئەم گوندە پێکهاتووە لە کوردی گۆرانی ڕەژووکەری و بۆت و شێخ بزێنی و پاڵانی کە لە مەڵبەندی ناحیەکە و شەش گوندی نیشتەجێن، کوردە شەبەکەکانیش لە (٧) گوند و زەنگەنە لە (٣) گوند و سارولێ (کاکەییەکان) لە چوار گوند نیشتەجێن. (بڕوانە نەخشەی ژمارە -٢٨- لە لاپەڕە ١٠٣).

لە ساڵی ١٩٨٧ ئەم ناحیە تەجمید کرا، بۆ دواجاریش لە ساڵی ١٩٨٩ ئیلغا کرایەوە بەڵام لەسەردەمی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرلەنوێ ساڵی ١٩٩٧ وەک خۆی کرایەوە ناحیە.

لیستی ئەو گوندانەی سەر بەناحیەی (کەلەک)ن:

١- بشیریان
٢- کەورەسۆر
٣- گەزەکان
٤- تل لبن
٥- ترکماز
٦- سێف دینان
٧- حەسەن شامی
٨- قەسرۆک
٩- تەرجیلە
١٠- شێخ ئەمیری خواروو
١١- بەدنەی کچکە
١٢- شێخ ئەمیری سەروو
١٣- بەدنەی گەورە
١٤- زەهرە خاتوون
١٥- تەل ئەسوەد




نەخشەی ژمارە -٢٨-
نەخشەی کارگێڕی ناحیەی کەلەک
(سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی کەلەک ساڵی ٢٠٠١)



١٦- چەمەکۆر
١٧- زەنگول
١٨- منگوبەی خازر
١٩- ئەسکی کەلەک
٢٠- شێرکان
٢١- ئاغاج قەڵای بچووک
٢٢- ئاغاج قەڵای گەورە
٢٣- گەویلان

## ٢- قەزای مووسڵ (قەزای مەڵبەند)

أ- شوێن و ڕووی زەوی:

بەشی کوردنشین لە قەزای مووسڵ لە دوو یەکەی ئیداری دەشتایی پێکدێت، کە ناحیەی بەعشیقە و کەناری دەستەچەپ لە مەڵبەندی مووسڵ (شاری مووسڵ)ە، ئەم بەشە لەلای باکوور هەر دوو قەزای شێخان و تلکێف دەوری دەدەن و لە باشووریش قەزای حەمدانیە، لە ڕۆژهەڵاتیش ناحیەی بەردەڕەش (العشائر السبعة) لە قەزای ئاکرێ. لە ڕۆژئاواشدا ڕووباری دیجلە و کەناری دەستە ڕاستی شاری مووسڵ. (بڕوانە نەخشەی ژمارە -٢٩- لە لاپەڕە ١٠٥).

گرنگترین شارەکانی ئەم قەزایە، (شاری مووسڵ)ە، بەهەر دوو بەری کوردی و عەرەبی

| یەکەی ئیداری | مەڵبەندەکەی | ڕووبەر/کم٢ | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|
| مەڵبەند | مووسڵ | ٢٠٨[٤٠] | لە دێرزەمانەوە یەکەی ئیدارییە |
| بەعشیقە | باشویکێ | ٥٢٦ | ١٩٥٣ |
| کۆ | | ٧٣٤ | |

خشتەی ژمارە (١٦)
ناحیە کوردییەکان لە قەزای مووسڵ

(٤٠) تەنها بەشی کەناری ڕۆژهەڵاتی ئاوی دیجلە. (الساحل الأيسر)



نەخشەی ژمارە – ٢٩–

شوێنی قەزای مووسڵ (بەشی کوردی) لە پارێزگای مووسڵ

(بەری دەستە ڕاست و بەری دەستە چەپ) کە بەدووەم گەورەترین شار لە عێراق پاش بەغدای پایتەخت دەژمێردرێ.

ب- دابەشبوونی ئیداری:

تا دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی تازە، قەزای مووسڵ لە ناحیەی بەردەڕەش (العشائر السبعة) و شێخان پێکدەهات، پاش ساڵی ١٩٢٦ ناحیەی عەشایری سەبعە بەقەزای ئاکرێ لکێنرا و ناحیەی شێخانیش بەقەزای شێخان کە ئەو کات دامەزرابوو، بەرانبەر ئەمەش هەندێ ناحیەی دی دامەزرێنران بۆ ئەوەی بخرێتە سەر قەزای مووسڵ (قەزای مەڵبەند)، لەم ناحیە تازە دروستکراوانەش تەنیا باسی ناحیەی بەعشیقە دەکەین، چونکە تەنیا ناحیەی کوردییە و سەر بەمەڵبەندی مووسڵ بێ.



### ١- مەڵبەندی مووسڵ (مەڵبەند):

ڕووبەری بەشی کوردی مەڵبەندی مووسڵ نزیکەی (٢٠٨کم٢)ە. لە شاری مووسڵ (بەهەردوو بەری دەستە ڕاست و دەستە چەپ) دوو ملیۆن کەس دەژین و ڕووباری دیجلە شارەکە دەکا بەدوو بەش. بەری ڕاستی کۆنترە و شارەکە کۆنە و کۆڵان و گەڕەک و حەوت دەرگاکەی تێدایە( باب التوب، باب الجسر و باب الجديد، باب لکش، باب سنجار، باب سەرای، باب ئەلبێز). ئەم بەشە لە ٨٧ گەڕەک پێکدێت، هەرچی بەری چەپی شارەکەیە (کەناری دەستە چەپ) کە بابەتی لێدوانەکەمانە چونکە بەبەشێکی کوردستانی دەزانین، ئەم بەشە ئێستا گەورەترە و هەروەها پێی دەگوترێ نەینەوا، کە ١٢٠ گەڕەک دەگرێتە خۆ. هەر لە ساڵی ١٩٦٨یشەوە شاری مووسڵ (تا ئەمڕۆ ١٩٩٨) بەسێ کەرەت گەورەتربووە، کەش و هەوای مووسڵیش بەفێنکی وەسف دەکرێ لە عێراقدا و لە وەرزی بەهار و پاییزدا سەوز هەڵدەگەڕێ، بۆیە ناوی نراوە (أم الربيعين) واتە (خاوەن یان دایکی دوو بەهاران). گرنگترین شوێنەواری کەناری دەستەچەپیش مزگەوتی مەرقەدی یونس پێغەمبەرە (النبي یونس) کە باوەڕ وایە یونس پێغەمبەر (د.خ) لەوێ شاردراوەتەوە، هەروەها لە شوێنەوارە گرنگەکانی تری ناو شاری مووسڵ شوێنەواری نەینەوای کۆنە، (سەیری نەخشەی ژمارە – ٣٠– لە لاپەڕە ١٠٧ بکە).

شاری مووسڵ مێژوویەکی پڕ لە ڕووداو لە خۆ دەگرێ و لە کۆندا پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری بووە، نەینەواش لە ناو ئەم شارەدایە کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی فارس ناوی (مسیلا) بووە، هەروەک مێژوونووسی یۆنانی (کزینەفۆن) لە ساڵی ٤٠١ پێش زایین باسی لێوەدەکات، کوردیش هەر لە کۆنەوە لەوێ ژیاون، هەروەک لە ساڵی ٦٣٧ی زایینیدا هاتووە مووسڵ لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێکیان مەجوسەکان (کورد)ی تێدا ژیاوە و بەشەکەی تریش مەسیحییەکان. گەشتناسی فەرەنسی (ئۆلیڤیە) ساڵی ١٧٩٤ زایینی دەڵێ لە مووسڵدا (١) هەزار جوولەکە و (٢٥) هەزار عەرەب و (١٦) هەزار کورد دەژین. هەروەها گەریدەی بەریتانی (جاکسون) کە لە ساڵی ١٧٩٧ سەردانی مووسڵی کردووە دەڵێت: «شاری مووسڵ پڕە لە دانیشتووان و جۆرەها ئایینی لەخۆوە گرتووە، بەڵام زۆربەی دانیشتووانی کوردن کە عەرەبەکان پێیان دەڵێن (کرد)». بەڵام لە گۆڤاری (الف باء)ی بەعسی عێراقی لە ژمارەی ١٥١٥ لە بەرواری ٨/ ١٠/١٩٩٧ دەڵێت: «لەسەر ئاستی نەتەوەیی، عەرەب زۆربەی خەڵکی




نەخشەی ژمارە -٣٠-
نوێترین نەخشەی شاری مووسڵ
(سەرچاوە: موسوعة الموصل الحضارية، المجلد ٥، الموصل ١٩٩٢)






نەخشەی ژمارە -٣١-
شوێنی شاری مووسڵ لەگەڵ یەکە کارگێڕییەکانی ئەمڕۆی پارێزگای مووسڵ

شاری مووسڵ پێک دێنن، هەروەها کەمینەیەک لە برایانی نەتەوەی کورد لەم شارە جێگیرن».، ئەوەی دەشزانرێ ئەوەیە کە لەسەردەمی ئۆلیڤیەدا (١٧٩٤ز) مووسڵ تەنیا دەکەوتە سەر ڕۆخی دەستە ڕاست، واتا بەری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە، بەڵام ئەمڕۆ کۆمەڵگای مووسڵ پێکهاتەیەکی ئەسنۆگرافی تێکەڵ لە ڕووی نەژاد و ڕەگوڕیشەوە پێکدێنێ، عەرەبەکان زۆرینە و دوای ئەوانیش کورد دێت، ئەگەرچی بەشێکی زۆریشی لە کوردەکان لە زووەوە لە شارەکەدا بەپێی گوزەرانیکردن و لە ڕێی ژنهێنان و ژنخواستن، تواونەتەوە و تێکەڵ بەعەرەبەکان بوون و توێژێکی کۆمەڵایەتی تازەیان پێکهێناوە، کە دەتوانین ناوی (کوردە بەعەرەببووەکانیان) لێ بنێین، یا (مووسڵییەکان) هەروەک خۆیان دەیڵێن، زۆربەی خێزانە مووسڵیە کۆنەکان نەژادیان کوردە، وەک خێزانی (جەلیلی) کە بۆ ماوەی سەد ساڵ (١٧٠٠-١٨٠٠) فەرمانڕەوای ئەوێ بوون، هەروەها (جادریەکان) کە دەوڵەمەندترین دەوڵەمەندی شاری مووسڵ بوون و، (ئاغەوات و چلمێران و ئال کەسۆ و قەدۆ و ڕەزوانی و ئال ڕەشان و مودەرس و هی تر). تا ئەمڕۆش ئەم خێزانانە لە دیارترین خانەوادەکانی مووسڵی کۆنن. ئەمڕۆش کوردەکانی مووسڵ بەپلەی یەکەم لە عەشیرەتەکانی شەبەک و گۆران و کیکان و گۆیی و بەرواری و ڕێکانی و هەرکی و کۆچەر و گەرگەری و ئێزدی و هەندێ عەشیرەتی دی پێکهاتوون، و ئەگەر ئێستا لە مووسڵدا سەرژمێریەکی ڕاستەقینە بکرێ ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دانیشتوانی مووسڵ نزیکەی نیوەیان یان پتریان کوردن.

**٢-ناحیەی بەعشیقە:**

مەڵبەندی ناحیەی بەعشیقە (باشویکێ بەکوردی)، دەکەوێتە سەر چیایەکی نزم کە ناوی (چیای گەورک)ە، کە لە سیاسەتی تەعریبکردندا بەڕەسمی پێی دەگوترێ (چیای بەعشیقە) و بەرزاییەکەی (٦٨٠م)ە.

شاری بەعشیقەش دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی تازەی مووسڵ -بەردەڕەش- ئاکرێ و(١٣)کم لە مەڵبەندی پارێزگای مووسڵەوە دوورە، لە باکوور چیای مەقلوب کە ناحیەکە لە قەزای شێخان جیادەکاتەوە دەوری دەدات و، لە باشوور قەزای حەمدانیە و لە ڕۆژهەڵات ڕووباری خازر کە ناحیەی عەشائر سەبعە (بەردەڕەش)ی سەربەقەزای ئاکرێی لێ جیای دەکاتەوە و لە ڕۆژئاوا مەڵبەندی مووسڵ دەوری دەدات، شارۆچکەی بەعشیقە و چیا و زوورگەکانی تەنیشتی، سەیرانگای دانیشتوانی مووسڵ، لە هەموو نەتەوە و تایفە و ئایینەکان پێکدەهێنن.





نەخشەی ژمارە -٣٢-
کەناری لای ڕاست (الساحل الایمن) و ڕۆژئاوای شاری مووسڵ
(سەرچاوە: اطلس العراق الاثري بغداد ١٩٧٦)

خشتەی ژمارە -١٧-

لە ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ناحیەی بەعشیقا پێکهاتبوو لەم گوندانەی خوارەوە:

| ژ | ناوی دێ | تیرە یان هۆن | نفوس | ژ | ناوی دێ | تیرە یان هۆز | نفوس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەحزانی | ئێزدي | ٢٣٦٧ | ٢٣ | حصار | عەرەب-گوران | ١٤٥ |
| ٢ | قرەتپە شبك | باجەلان | ١٩٣ | ٢٤ | باعذرة | عەرەب | ٦٤ |
| ٣ | الدراويش | شەبەک | ٥٦٠ | ٢٥ | شيخ شبيلي | عەرەب | ٤٩ |
| ٤ | كوري غريبان | باجەلان | ٢١٩ | ٢٦ | أسقف | عەرەب | ١٠٥ |
| ٥ | گوگجلي | گۆران و شەبەک | ١٢٤٩ | ٢٧ | خراب دليل | شبك | ٦٥ |
| ٦ | بازوايا | شەبەک | ١٠٨٩ | ٢٨ | أرپە چيبە | باجلان | ٤٩٤ |
| ٧ | ابوجربوعة | شەبەک | ٧٨٤ | ٢٩ | قولان تپة | | ٥٤ |
| ٨ | طوبزاوة | شەبەک | ٦٢٤ | ٣٠ | اورطة خراب | باجەلان | ٧٠٣ |
| ٩ | تێس خراب(تركمان) | عەرەب | ٢٥٦ | ٣١ | تل يارە | شەبەک | ٤١٦ |
| ١٠ | تێس خراب(صغير) | شەبەک | ١٢١ | ٣٢ | بايبوخ | باجەلان | ٤٣٣ |
| ١١ | بير حلان | عەرەب | ٣٠ | ٣٣ | عمر قاپچي | باجەلان | ٥٢٦ |
| ١٢ | بير نيك | عەرەب | ٢٩ | ٣٤ | الفاضلية | شەبەک | ٦٨١ |
| ١٣ | قوبان | عەرەب | ٤١ | ٣٥ | كانونة | شەبەک | ١٧٧ |
| ١٤ | اچيچق | عەرەب | ٢٠ | ٣٦ | شرف ميران | عەرەب | ٥٠ |
| ١٥ | ميرگی | مەسيحی | ٢٧٤ | ٣٧ | كراد | | ١٦١ |
| ١٦ | مغارة | گوران | ١٠٩ | ٣٨ | جبران | گوران | ٢٩٢ |
| ١٧ | دوبردان صغيرة | گوران | ١٧١ | ٣٩ | سماقية | عەرەب | ٢١٩ |
| ١٨ | دوبردان كبيرة | گوران | ١٥٠ | ٤٠ | حبشمية | | ٩٢ |
| ١٩ | سي كاني كبيرة | گوران | ٣٠١ | ٤١ | خورسباط | باجەلان | ٣٨٢ |
| ٢٠ | سي كاني | گوران | ١٣٠ | ٤٢ | شوبريج(كبير) | عەرەب | ٢٧٣ |
| ٢١ | گليچة | گوران | ١٧١ | ٤٣ | ناوران | باجەلان | ٨٠ |
| ٢٢ | قلعة توك | گوران | ٥٠ | ٤٤ | ديرك | | ٣٨ |



| ژ | ناوی دێ | تیرە یان هۆز | نفوس | ژ | ناوی دێ | تیرە یان هۆز | نفوس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥ | چنچس | باجەلان | ٨٤ | ٥١ | جوكرجي | عەرەب | ٦٥ |
| ٤٦ | كوبيان | | ٢٥٢ | ٥٢ | كوبكيلە | ئێستا عەرەبی لێیە | ٣٥ |
| ٤٧ | كاني ماران | | ٥٨ | ٥٣ | باريمە | | ٨٠ |
| ٤٨ | كندالة سور | | ٢٠ | ٥٤ | أولمش | | ١٢ |
| ٤٩ | دير شيخ متي | مەسيحی | ٥ | ٥٥ | كانی كوان | | ٧٤ |
| ٥٠ | بلبل تپة | | ٢١١ | | | | |

ناوی ئەو دێیانەی کە لە لیستی ئاماری ١٩٥٧ نەهاتووە:

| ژ | ناوی دێ | تیرە یان هۆز |
|---|---|---|
| ١ | باجربو | شبك |
| ٢ | گوداد | کوردەکان گوێزرانەوە بۆ کۆمەڵگاکانی چرە و عەرەبی حەدیدی لێی نیشتەجێ کران |
| ٣ | گول فقير | کوردە ئێزدییەکان گوێزرانەوە بۆ کۆمەڵگای مەهت و عەرەبی حەدیدی لێی نیشتەجێ کران |

لە بەعشیقەشدا نزیکەی (٢٠) هەزار کەس دەژین، کە زۆربەیان کوردی ئێزدین[٤١] و بەناوبانگترین گوندی ئەو ناحیەش گوندی بەحزانی کوردی ئێزدییە کە (٣)هەزار خێزانی کوردی ئێزدی و ٤٠ خێزانی دیانی تێدا دەژی. ڕووبەری ناحیەی بەعشیقە (٥٢٦کم٢)ە و، (٦١) گوند و کەرتی کشتوکاڵی بەخۆوە دەگرێ[٤٢]، پێکهاتەی دانیشتووان و قەبیلەگەری ئەم گوندانەش بەم جۆرەی خوارەوەیە: لە ٥٢ گوندی ناوچەکەدا کورد دەژین، ئێزدییە کوردەکان لە ٩ لەو گوندانە دابەش بووینە (بەبەعشیقە و بەحزانییەوە) و کوردی باجەڵان لە (١٨) گونددا و شەبەکەکان لە (١٧) گونددا و گۆران (تیرەی گێژ) لە (٧) گوند و زێباریەکان لە یەک گونددا هەن، هەرچی عەرەبە، ئەوا لە (٧) گوند و دیانەکان لە (٢) گونددا دەژین.

(٤١) بەپێی سەرچاوە کوردیەکان لەو شارە نزیکەی (٣) هەزار خێزانی کوردی ئێزدی و (٣٠٠) خێزانی دیان و (٦٠) خێزانی عەرەب هەن.

(٤٢) سەرچاوە: (س. ک) دانیشتوویەکی بەتەمەنی شاری باشویک (بەعشیقە).

لیستی ئەو گوندانەی سەر بەناحیەی بەعشیقەی قەزای مووسڵ (١٩٨٤):

| ناوی دێ | ئەو تیرە و هۆزانەی کە لێی نیشتەجێن | ناوی دێ | ئەو تیرە و عەشیرەتانەی کە نیشتەجێن |
|---|---|---|---|
| بەعشیقە | ئێزدی | شێخ شەلیا | عەرەب |
| بەعشیقەی رۆژئاوا | ئێزدی | باعەدرەی عەرەب | عەرەب |
| بەعشیقەی رۆژهەڵات | ئێزدی | سفوفە | عەرەب |
| قەسری سەری بەعشیقە | ئێزدی | خەراب دلیل | شەبەک |
| بەساتین بەعشیقە | ئێزدی | تێس خەراب | شەبەک |
| بەحزانی خواروو | ئێزدی | چۆکرجی | شەبەک |
| بەحزانی سەروو | ئێزدی | سێکانی | گۆران |
| بەساتین بەحزانی | ئێزدی | دووبەردان | گۆران |
| گوندی بەحزانی | ئێزدی | گوندی ئەبو جربوعە | شەبەک |
| گوداد | گۆران (ئۆمەربل) | ئەبو جربوعە | شەبەک |
| کویکان | | گوندی دەراویش | شەبەک |
| قەسری سەری بەحزانی | ئێزدی | دەراویش | شەبەک |
| قەسری سوید | | گوندی شەبەک | شەبەک |
| کانی ماران | شەبەک | گوندی تەپەشەبەک | شەبەک |
| شورک می | | گۆڕی غەریبان | شەبەک |
| جبران | گۆران ئۆمەربل/زێباری | گوگجەلی | شەبەک |
| شەرەف میران | ئێزدی | قولانەتەپە | شەبەک |
| مغارەی مقلوب | گۆران | ئەرپەچییە | شەبەک |
| مێرگێ | گۆران / مەسیحی | تەل بایەزید | عەرەب |
| حەسار | گۆران / عەرەب | بازیوە | شەبەک |
| گولیجە | گۆران | توبزاوە | شەبەک |
| قەلاتۆک | گۆران | بیرحەلان | شەبەک |



| | | | |
|---|---|---|---|
| قوپان | گۆران | گوندی جنجی | باجەلان |
| ئەجق جق | شەبەک | وادی سماق (سماقیە) | باجەلان |
| کویکللیە | ئێستا عەرەبی بۆ هاتووە | گوندی عمر قاپچی | شەبەک |
| حەشەمیە | | کانونە | شەبەک |
| ئولمش | | فازلیە | تورکمان |
| ئورتەخەراب | شەبەک | خورسیباد | باجەلان/شەبەک |
| تلیارە | شەبەک | باریمە | |
| بایوخت | باجەلان | بەلەدیەی فازلیە | |
| خرابەی دیرک | | | |

## ٣- قەزای تلکێف

أ- شوێن و رووی زەوی:

قـەزای تلکێف دەکـەوێتـە رۆخی رۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە لە باکـووری پارێزگـای مووسڵ. لە باکوور قەزای سێمێلی سەر بەپارێزگای دهۆک و لە ڕۆژهەڵات قەزای شێخان و مووسڵ و لە باشوور مەڵبەندی شاری مووسڵ و لە ڕۆژئاوا ڕووباری دیجلە و بەنداوی مووسڵ دەوری دەدەن. رووبەری قەزاکە بەپێی دابەشکردنی ئیداری ساڵی ١٩٨٧ نزیکەی (١٢٧٥)کم٢ (واتە دووەمین گـەورە قـەزایە پاش ئاکـرێ لە رۆژهەڵاتی دیجلە لە پارێزگاکەدا)، رووبەری ئەم قەزایەش دەبێ بەدوو ناوچەی سروشتی:

١-ناوچەی دەشـتـایی: کە زۆربەی رووبەری قەزاکەیە و دەشـتـایی تلکێفی تەنیشت مەڵبەندی تلکێف و دەشتایی سنک لە بەشی باکووری قەزاکە دەگرێتە خۆ.

پرۆژەی بەنداوی مووسڵ کە لە ساڵی ١٩٨٦دا ئەنجامدراوە و دەریاچەیەکی بە ڕووبەری ٤١٧کم٢ پێکهێناوە، بەشێکی چاکی لە زەوی و زاری ئەم قەزایە نقووم کردووە. لە کۆی گشتی ٧٥ گوند لە پارێزگاکانی مووسڵ و دهۆک کە بەبەر بەنداو کەوتن (١٧) گوندیان سەر بەناحیەی ئەلقۆش و(١٤) گوندیشیان سەر بەناحیەی وانە بوون.

٢-ناوچەی چیاکان: بریتییە لە ناوچەیەکی بچووک و دەکەوێتە باکووری ئەلقۆش لە باکووری قەزاکە و بەناوبانگترین چیای قەزاکەش چیای (دەکان)ە.

ب- دابەشبوونی ئیداری:

قەزایەک یان ناحیەیێک بەناوی تلکێف لە پارێزگای مووسڵ تا سییەکانی ئەم سەدەیە نەبوو، بەڵام لە پێکهاتەی ئیداری عێراق ساڵی ١٩٣٦ دێی تلکێف بوو بەناحیە و خرایە سەر قەزای مووسڵ، ئەم حاڵەتەش تا ساڵی ١٩٦٥ مایەوە، بەڵام پاش ئەم مێژووە قەزایەک بەناوی تلکێف دامەزرا و مەڵبەندی ناحیە کۆنەکە (تلکێف) بوو بەمەڵبەندی قەزا، ئینجا ناحیەی (ئەلقۆش) لە قەزای شێخان دابڕێندرا و خرایە سەر قەزای تلکێف، لە هەمان کاتیشدا ناحیەیێکی تازە بەناوی (وانە) لەناو سنووری ئەم قەزایە دروست کرا. و هەمووی ئەو اجرائاتانەش لە سیاسەتی تەعریبی حکومەتی عێراقەوە بوو کە بەتوندی وە هەر لە ساڵی ١٩٦١ دەستی پێ کرد، (سەیری نەخشەی ژمارە -٣٣- لە لاپەڕە ١١٦ بکە). بەپێی دابەشکردنی ئیداری دەوڵەتی عێراقی ساڵی ١٩٨٧، قەزای تلکێف لەم یەکە ئیدارییانەی خوارەوە پێکدێت:

| یەکەی ئیداری | مەڵبەندەکەی | ڕووبەری/کم٢ (١٩٧٨) | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|
| ١- تلکێف | تلکێف | ٤٠١ | ١٩٣١ |
| ٢- ناحیەی ئەلقوش | ئەلکویش | ٥٠٨ | ١٩٣٦ |
| ٣- ناحیەی وان | وانکێ | ٣٦٦ | ١٩٧٠ |
| کۆ | | ١٢٧٥ | |

خشتەی ژمارە (١٨)
یەکە ئیدارییەکانی قەزای تلکێف

پێکهاتەی دانیشتوانی قەزاکەش بەم جۆرەیە:

١- مەسیحییە کلدانەکان: ڕێژەیەکی زۆر پێکدێنن، بەتایبەتی لە مەڵبەندی شارەکان، وەک مەڵبەندی قەزای تلکێف و ئەلقۆش و ناحیەی باتنایە و ئەوانەی دی.

٢- کورد: بەپلەی یەکەم، شەبەکەکان کە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی قەزاکە نیشتەجێن



دەگرێتەوە و، بەپلەی دووەمیش ئێزدییەکان کە ژمارەیەکی زۆریان لە دێیەکانی ئەلقۆش هەن و دواتر عەشیرەتی کیکان (کیکی) دێن، کە لە شوێنە جۆربەجۆرەکان، بەتایبەتی لە لای باکووری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە بڵاوبوونەتەوە.(٤٣)

٣- عەرەب: لە عەشیرەتی تەی و جحێش و نعێم و حدیدی پێکهاتوون و لە هەموو لایەکی قەزاکەدا بڵاوبوونەتەوە.

٤- تورکمان: لەو جێیانەی لە ڕۆخ ڕووباری دیجلە کە ڕاستەوخۆ دەکەونە باکووری شاری مووسڵ نیشتەجێن.




نەخشەی ژمارە -٣٣-
شوێنی قەزای تلکێف و ناحیەکانی لە پارێزگای مووسڵ

(٤٣) شاکر خصباک: العراق الشمالی، بغداد، ١٩٧٣.

**١- مەڵبەندی ناحیەی (تلکێف):**

بەیەکێ لە شارە کۆنەکانی ناوچەکە دەژمێردرێ و ناوەکەی لەسەر شێوەی شارۆچکەی (حصن کیف یان حەسەن کێف)ی کوردی کوردستانی تورکیا هاتووە، ئەگەرچی ڕایەکی تر هەیە مەبەستی ئەوەیە کە ئەم ناوە ناوێکی ئارامییە و مانای (تل الحجارة) واتە (گردی بەرد) دەگەیەنێ[٤٤].

تلکێفیش لە شەستەکان بووە بەمەڵبەندی قەزایەک، کە پێشتر مەڵبەندی ناحیەی تلکێف بووە، راستەوخۆش سەر بەقەزای مووسڵ بوو. سنووری تلکێف لە باکوور ناحیەی ئەلقۆش و لە ڕۆژهەڵات قەزای شێخان و ناحیەی بەعشیقە و لە باشوور شاری مووسڵ و رووباری دیجلە و لە رۆژئاواش ناحیەی وانەیە و، بەکەمتر لە (١٠) کیلۆمەتر لە مەڵبەندی پارێزگای مووسڵەوە دوورە.

لە ئاسەوارە مێژووییە گرنگەکانی سنووری مەڵبەندی ناحیەکە، کەنیسە و دێرەکانن کە لە مەڵبەندی قەزا و گوندی دیانەکانی دەوروبەری قەزاکە هەن، بەناوبانگترین و گەورەترین گوندەکانی سەر بەقەزاکەش، گوندی تل ئەسقف و باتنایایە، کە گوندی گەورەی مەسیحییەکانن، ناحیەی تلکێف (٧٣) گوند و ناوچەی کشتوکاڵی بەخۆوە دەگرێت و لە رووی ئیتنۆگرافییەوە، رێژەیەکی زۆری کلدانی لە دەوروبەری شارۆچکەی تلکێف (مەڵبەندی قەزا) و ناحیەکاندا نیشتەجێن، هەرچی کوردە شەبەکانن ئەوا لە بەشەکانی رۆژهەڵاتی قەزاکە دەژین و، کوردە کیکیەکانیش لەلایەکانی رۆژئاوا نیشتەجێن، هەروەها هەندێ عەرەبیش لە هۆزی تەی و جحێش لە قەزاکەدا هەن، ئەمە جگە لە رێژەیەکی کەمی تورکمانەکان، کە لە هەندێ گوندی سەر رێگای سەرەکی شاری مووسڵ کە بۆ دهۆک دەچێ نیشتەجێن. کرۆکی قسەکەمان ئەوەیە کە کۆمەڵە سریانییەکان بەتایبەتی (کلدان) بەپلەی یەکەم لە رووی دانیشتوانەوە دێن، ئینجا کوردەکان، دوایی عەرەب و تورکمان.

لیستی ئەو کەرت و گوندانەی سەر بە(ناحیەی تلکێف)ن:[٤٥]

١- قەبری مریەم- کهفات

٢- قەبری مریەم- صوریە

٣- سوق الغزل- کمتە- کتاوە

(٤٤) دليل المملكة العراقية، سنة ١٩٣٥ - ١٩٣٦.

(٤٥) دليل خارطة محافظة نينوي، الموصل، ١٩٨٤.



٤- جنفیات- هبشە

٥- مەرگە- قلیلە

٦- مەرگەی تەلەعفەری

٧- تەل نمیە- جبلیات

٨- تل یمسە- سرعدادیە

٩- بلوتە- حمودی

١٠- قەبری تەقتەق

١١- عوینیات کندەر- ساوا

١٢- عومەر بەگ

١٣- کۆربزن

١٤- تەل دیوانە- تل سورج

١٥- رومەی زەنگە

١٦- قولتای- طازمیری

١٧- قولتای- خراب کرج

١٨- حمیدات- تل عاگوب

١٩- کۆربزن- مەرت شمونی

٢٠- قوسیات- خربە عەسکەر

٢١- خراپ کەج- قوبەی حوسێن

٢٢- معدل- تل صغیر

٢٣- گوندی سەیفەدین مار عجلە

٢٤- گوندی قوبنلی رۆژئاوا

٢٥- گوندی قوبنلی رۆژهەڵات

٢٦- گوندی قوبنلی سەروو

٢٧- شەریخانی باکوور

٢٨- شەریخانی باشوور

٢٩- گوندی رەشیدیە

٣٠- گوندی بیسان

٣١- گوندی بەعویزە

٣٢- گوندی بەعویزە

٣٣- گوندی سادە

٣٤- گوندی قازیە

٣٥- گوندی قەرەقۆز

٣٦- قۆینجق- و رەحمانیە

٣٧- گوندی عەباسیە

٣٨- گوندی تلیابس

٣٩- گوندی نەجمۆک

٤٠- بەلەدیەی تلکێف

٤١- گوندی رازیانە

٤٢- قائیم

٤٣- سماقیە و بزکرە

٤٤- گوندی شویرج

٤٥- گوندی جقللو

٤٦- گوندی باقوفە

٤٧- گوندی باتنایە

٤٨- باتنایە

٤٩- باتنایە

٥٠- باتنایە

٥١- باتنایە

٥٢- باتنایە

٥٣- باتنایە

٥٤- باتنایە

٥٥- بەلەدیەی باتنایە



٥٦- گوندی تلسقف

٥٧- گوندی تلسقف

٥٨- گوندی تلسقف

٥٩- گوندی تلسقف

٦٠- تلسقف

٦١- تلسقف

٦٢- تلسقف

٦٣- شمشانە- سحلە- کحلە

٦٤- بەلەدیەی تلسقف

٦٥- گوندی تەلسقف

٦٦- گوندی مسقلات

٦٧- گوندی کانی شیرین

٦٨- گوندی گراسحق

٦٩- گوندی کەڤرۆک

٧٠- گوندی فلفێل

٧١- بەلەدیەی قرەقوینلی سەروو

٧٢- بەلەدیەی رەشیدیە

٧٣- بەلەدیەی قازیە

٧٤- قەرەباقوفە

**٢- ناحیەی ئەلقۆش:**

شارۆچکەی ئەلقۆش (ئەلکوشکێ) لەوپەڕی باکووری قەزاکە لە تەک چیای (دەهکان) دایە، کە پارێزگای دهۆک لە مووسڵ جیادەکاتەوە. سنووری ناحیەکە لە باکووردا چیای ناوبراو و سنووری پارێزگای دهۆکە و لە باشوور مەڵبەندی ناحیەی تلکێف و لە رۆژهەڵات قەزای شێخان و لە رۆژئاواشدا ئاوی بەنداوی مووسڵ (دەریاچەی مووسڵ) دەوریان داوە، ئەو بەنداوەی لەکاتی دروستکردنیدا (١٣) گوندی کوردەکانی سەر بەناحیەی ئەلقۆشی نقوم کرد. شارۆچکەی ئەلقۆش (٥٠) کم لە شاری مووسڵ دوورە و، لە بنەڕەتدا سەر

بەقەزای شێخان بوو، بەڵام پاش کردنی تلکێف بەقەزا لێی جیاکرایەوە.

ئەم شارۆچکەیە شارۆچکەیەکی کۆنە و کەنیسە و دێری کۆنی زۆر تێدایە، بەناوبانگترینیان دێری ڕەبان هورمزە. لە مەڵبەندی ناحیەکەدا کۆمەڵەی کلدانی مەسیحی بەڕێژەیەکی زۆر هەن و لە هەندێ گوندیشدا، لە دەوروبەری ئەلقۆش بڵاوبوونەتەوە.

ژمارەی گوند و ناوچە کشتوکاڵییەکانی سەر بەو ناحیەیە (٧٣) گوند و موقاتەعەیە، لە پێکهاتەی ئەسنۆگرافی دانیشتووانی ناحیەکەش کورد بەپلەی یەکەم دێت، بەتایبەتی کوردە ئێزدییەکان کە بەڕێژەیەکی زۆر لەوێ دەژین و بەسەر هەموو لایەکانی ناحیەکە دابەش دەبن، لە تێکڕای (٧٣) گوندەکەشدا لە (٤٧) گونددا ئێزدی هەن و، کوردی موسڵمانیش لە عەشیرەتی (کیکان) لە دوو گونددا دەژین و کۆچەر لە دوو گوندی دی نیشتەجێن، پاش کوردەکانیش مەسیحییە کلدانەکان دێن کە لە (١٨) گوند و موقاتەعە، (لەناو ئەمانەش شارۆچکەی ئەلقۆش) نیشتەجێن. هەروەها (٤) گوندیش عەرەبەکانی عەشیرەتی (حەدیدی) و (تەی) لێیە، واتە ٧٠٪ دێهاتەکانی ئەو ناوچەیە کوردن و ٢٥٪ مەسیحین و ٥٪ی عەرەبە.

لیستی ئەو کەرت و گوندانەی سەر بەناحیەی ئەلقۆشن.

١- مکنان
٢- حەتارەی بچووک
٣- بابیرا / ئێزدی
٤- دیرستون
٥- خوشابەی باکوور- عینزاوە
٦- خۆشابەی باشوور
٧- نوقەیرییە / ئێزدی
٨- کلاتە
٩- خورزان / ئێزدی
١٠- جەراحیە / ئێزدی
١١- عەنزە و خراپوک
١٢- شەرفیە
١٣- دیر سەیدە



١٤- بەهنداوە
١٥- بەدریە (بەدریکێ)
١٦- داستفان
١٧- نەسیریە / ئێزدی
١٨- گرانجق / ئێزدی
١٩- عین بەقرە
٢٠- بیر زادە
٢١- گەرم ئاوا
٢٢- حسینیە
٢٣- سندانک
٢٤- دەهکانی گەورە
٢٥- عین حلوە / ئێزدی
٢٦- بوزان / ئێزدی
٢٧- گرسافە / ئێزدی
٢٨- گرگە-گرگی
٢٩- رۆنک
٣٠- گرخۆش
٣١- جکان / ئێزدی
٣٢- مشرفە / ئێزدی
٣٣- دیرهال
٣٤- گابارا / ئێزدی
٣٥- تفتیان
٣٦- بێبوز
٣٧- قەسرونە
٣٨- بقاق / ئێزدی
٣٩- خەربە صالح
٤٠- گرانە
٤١- بادرسان



نەخشەی ژمارە -٣٤-
ناحیەی ئەلقۆش



٤٢- عمیری
٤٣- دەهکانی بچووک
٤٤- گوندی بیبان / ئێزدی
٤٥- شێخکە مەقلوب / ئێزدی
٤٦- رەقسە
٤٧- سری شکانی باکوور / ئێزدی
٤٨- سری شکانی رۆژهەلات / ئێزدی
٤٩- سری شکانی رۆژئاوا / ئێزدی
٥٠- دوغاتی باکور / ئێزدی
٥١- دوغاتی رۆژهەلات / ئێزدی
٥٢- دوغاتی رۆژئاوا / ئێزدی
٥٣- دوغاتی باشوور / ئێزدی
٥٤- حەتارە گەورەی باشوور / ئێزدی
٥٥- حەتارە گەورەی رۆژئاوا / ئێزدی
٥٦- حەتارە گەورەی ناوەند / ئێزدی
٥٧- حەتارە گەورەی باکوور / ئێزدی
٥٨- حەتارە گەورەی رۆژهەلات / ئێزدی
٥٩- کەندک
٦٠- پیروز علیا-ملا چەپەرا
٦١- پیروز سوفلا- دێدەبان
٦٢- ئەلقۆش رۆژهەلات
٦٣- ئەلقۆش باکوور
٦٤- ئەلقۆش رۆژئاوا
٦٥- ئەلقۆش رۆژئاوا
٦٦- ئەلقۆش ناوەند
٦٧- ئەلقۆش باشوور
٦٨- بەیادر و جوار ئەلقۆش
٦٩- چیای دەهکانی بچووک و گراما

٧٠- چیای دەهکانی مەزن و بەهنداوا
٧١- چیای بۆزان
٧٢- چیای ئەلقۆش و رەبان هورمز
٧٣- چیای بیوز علیا- جبل زهیره

**٣- ناحیەی وان:**

ئەم ناحیەیە پاش دامەزراندنی قەزای تلکێف لە مەڵبەندی گوندی (وانکێ) دامەزراوە کە دەکەوێتە ئەوپەڕی رۆژئاوای ئەم ناحیەیە لەسەر رۆخی رۆژهەلاتی رووباری دیجلە و، نزیکەی (١٣)کم لە باشووری (المدینة السیاحیة)یە لە کەناری دەریاچەی سەدام (بەنداوی مووسڵ). زۆربەی دانیشتوانیشی کوردن و لە عەشیرەتی کیکانن. سنووری ئەم ناحیەیە لە باکوور دەریاچەی مووسڵە، کە لەکاتی تەواوکردنی، (١٤) گوندی سەر بەم ناحیەکەیەی نقوم کرد. لە باشوور و ڕۆژهەلاتی ڕووباری دیجلە دەوری دەدات، لەلای ڕۆژهەلاتیش ناحیەی مەڵبەندی (تلکێف) دەوری داوە. (٣٤) گوند سەر بەو ناحیەن، هەندێکیان کوردی عەشیرەتی کیکان یان (کێکی) تێدا دەژی، بەتایبەتی گوندەکانی لای ڕۆژئاوای کەناری ڕووباری دیجلە و، کوردە شەبەک و ئێزدیەکانیش لە هەندێ گوندی تردا نیشتەجێن، عەرەبەکان لە هەندێ گوندی دەوروبەری ناحیەکە دەژین.

هەندێ گوندی لایەکانی تەنیشت رووباری دیجلە لە باکووری شاری مووسڵ تورکمانی تێدا دەژی.

لیستی ئەو کەرت و گوندانەی سەر بە(ناحیەی وان)ن.

١- جانک
٢- خواجە خلیل
٣- علملو
٤- درنجی- درنجۆخ
٥- شێخ محەمەد
٦- جەمالیە
٧- گوندی کانونە
٨- منارە
٩- گوندی حەسەن جلادە



١٠- گوندی غزیل
١١- گوندی خراب
١٢- گوندی محویری باشوور
١٣- گوندی محویری باکوور
١٤- گوندی تەل عەدەس
١٥- گوندی تەل عەدەس
١٦- گوندی شیحیە
١٧- گوندی خراب بیت
١٨- گوندی جدیدە ملح
١٩- گوندی ملح علیا
٢٠- گوندی عوینە
٢١- گوندی کفرج
٢٢- گوندی مسرج- دەواسە خراب ولد
٢٣- گوندی کزج
٢٤- گوندی خراب کبیر
٢٥- گوندی شتانی
٢٦- گوندی قسرج
٢٧- گوندی بانبیت
٢٨- گوندی باتت
٢٩- گوندی تروری تازە
٣٠- گوندی تلهمیان
٣١- گوندی مشرف حبیت
٣٢- گوندی دیرام توسە
٣٣- گوندی وانە
٣٤- گوندی بەلەدیەی وانە

# بەشی پێنجەم

## قەزاكانی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە

لە بەشەكانی پێشتری ئەم بابەتەدا پێشەكییەكی تێروتەسەلمان لە بارەی بوونی كورد لە پارێزگای مووسڵ (نەینەوا) خستەڕوو، پاشان لە بوونی كورد لە قەزای ئاكرێ و شێخان و قەرەقوش و تلكێفمان تۆژییەوە، لە بەشی پێنجەمیشدا، كە دوا بەشی بابەتەكەیە لە بوونی كورد لەو قەزایانەی دەكەونە ڕۆژئاوای ئاڤا مەزن (ڕووباری دیجلە)وە دەتۆژینەوە، واتە كوردی ڕۆژئاوای مووسڵ، كە قەزای تەلەعفەر و شەنگار و بەشێكی قەزای ئەلبەعاج دەگرێتەوە. (بڕوانە نەخشەی ژمارە -٣٥- لە لاپەڕە ١٢٩).

لە ساڵی ١٨٧٩دا شاری مووسڵ سەرلەنوێ كرایەوە سەنتەری ویلایەت لە فەرمانڕەوایی عوسمانییەكان و، شەنگاریش بووە یەكێ لە شەش قەزاكانی، جگە لە سەنتەری شەنگار ناحیەی تەلەعفەریش هەر سەر بەقەزاكە بوو. مەڵبەندی شەنگار (٤٢) دێ و ناحیەی تەلەعفەر (تاكە ناحیەی ئەوسای)، ٧ دێی بەسەرەوەبوو، هۆبەی زەوی و زاری میریی (زومار)یش كاروباری (٤٠٠) دێی گرتبووە ئەستۆ(٤٦).

ئەم دابەشكردنە كارگێڕییە تاكو داگیركردنی عێراق و كوردستانیش لەلایەن ئینگلیزەوە لە ساڵی (١٩١٧) هەر پەیڕەو دەكرا. لەگەڵ دامەزرانی حوكمی پادشایەتی عەرەبی لە عێراق، ناوچەی جەزیرەی كوردستانی عێراق دابەش كرایە سەر قەزای تەلەعفەر و قەزای شەنگار و ناوچەی بادۆشی (كە پاشان بەناحیەی ئەلحەمیدات ناونرا) و درایە پاڵ مووسڵ(٤٧). لە ئاماری ڕەسمی ساڵی ١٩٧٧ لە ناحیەی حمیدات ٧٪ی كورد بوون، هەڵبەتە دوای ئەوەی كە هەموو كوردەكانی گەرگەری و ئێزدی بەعەرەب ناونووس كراون، هەروەها لە ناحیەی (المحلبیة) كە دەكەوێتەوە ڕۆژئاوای مووسڵ ١٣,٥٪ كورد بووە بەپێی هەمان ئامار. لە دەیەی شەستەكانیشدا قەزایەكی نوێیان بەناوی قەزای (ئەلبەعاج) پێكەوە ناو و بەشێكی كوردستانیشیان (ناوچەی تل عوزێر) پێوە لكاند و ناویان لێنا ناحیەی ئەلقەحتانیە، كە لە بنەڕەتدا سەر بەقەزای شەنگار بوو.

(٤٦) ساڵنامەی ویلایەتی مووسڵ، ساڵی ١٩١٢ لاپەڕە ١٨٨.
(٤٧) دەڵێین، جەزیرەتی كوردستانی عێراق، چونكە جزیرە لە كوردستانی سوریا و توركیاشدا هەیە.



### ١- قەزای تەلەعفەر

أ- شوێنی جوگرافی و سروشتی ڕوو:

قەزای تەلەعفەر دەكەوێتە باكووری ڕۆژئاوای پارێزگای مووسڵ و، لە باكوور و باكووری ڕۆژئاوای ئەم قەزایە سنووری دەوڵەتی سوریایە و، ڕۆژئاواشی قەزای شەنگارە و، ڕۆژهەڵات و باكووری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەیە كە لە پارێزگای دهۆك جیای دەكاتەوە و، لە ڕۆژهەڵات قەزای تلكێف و قەزای مووسڵە و باشووریشی قەزای حەزەرە.

بەپێی دابەشكردنەكانی ساڵی (١٩٨٧)یش ڕووبەری قەزاكە (٤٢٩٧) كیلۆ مەتری دووجایە و لەم ڕووبەرە (٣٤٧٣) كیلۆ مەتری دووجای (واتە ٨٠٪) قەزاكەی خاكی كوردستانی عێراقە. لە ڕووی سروشتیشەوە قەزاكە بریتییە لە ناوچەیەكی دەشتایی پان و بەرینی بەپیت، كە لە باكوورەوە بەرزاییەكانی (قەرەچوغ)ی كوردستانی سوریا دەوری داوە و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە شانی بەشانی ڕووباری دیجلەیە. باشووری دەشتی تەلەعفەر درێژ دەبێتەوە تاكو دەگاتە ئەو تەپۆلكانەی بەچیای شەنگار دەور دراون، بەمانەش شێوەی سێگۆشەیەكی یەكلا پێكدێت، كە سەری سێگۆشەكە خاڵی بەیەكگەیشتنی سنووری عێراق و سوریایە لە نزیك دێی پیشخابوور و، ئاڤا مەزنیش لای ڕۆژهەڵاتی سێگۆشەكە و سنووری سوریاش لاكەی دی و بنكەی سێگۆشەكەش بووە سنووری نێوان هەرێمی كوردستان و هەرێمەكانی تری عێراق [بڕوانە نەخشەی ژمارە -٣٥- لە لاپەڕە ١٢٩].

لەڕووی سروشتیشەوە دەتوانین ڕووی قەزای تەلەعفەر بكەینە سێ ناوچەی سروشتی، كە بریتین لە:

١- ناوچە شاخاوییەكان: لە تەلەعفەرەوە دوو زنجیرە چیا درێژ دەبێتەوە، زنجیرەیەكیان لە باكوورەوە شان بەشانی ڕووباری دیجلەیە و زنجیرەی دووەمیان لە باشوورەوە لە چیای مەكحول دەست پێدەكات و، لە سنووری دێی شێخ ئیبراهیم سنووری قەزاكە دەبڕێت و بەزنجیرە چیای شەنگار كۆتایی پێدێت و، چەند لووتكەیەكی وەكو لووتكەی شێخ ئیبراهیم (٥٣٦م) و ساسان (٥٩٨م) و ئەشكەفت (٦٢٤م) تێدا بەرز دەبێتەوە و، ئەوەی دەمێنێتەوە بریتین لە كۆمەڵە تەپۆڵكەیەك، (بڕوانە نەخشەی ژمارە -٣٦- لە لاپەڕە ١٣٠).




نەخشەی ژمارە -٣٥-

نەخشەی جزیرەی کوردستانی عێراق لە پارێزگای مووسڵ






نەخشەی ژمارە -٣٦-

نەخشەی توپوگرافی جەزیرەی کوردستان

ژێدەر: David Oates, Studies in the Ancient History of Northern Iraq (London, 1968).

**٢- ناوچە دەشتاییەکان:** دەکەوێتە بەشی باشووری تەلەعفەر و لە سنووری (حەزەر) دەبڕێتەوە و پێی دەگوترێت (جەزیرە) کە لە ملیۆنەها دۆنمی زەوی و زاری کشتوکاڵی بەپیت پێکهاتووە و هەموویشی دەکرێتە گەنم و جۆ[٤٨].

**٣- ناوچە بەرز و نەوییەکان:** ئەم بەشەیان دەکەوێتە ناوچەی زوممار و عیازییە (ئاڤگەنی)ی سەر بەقەزای تەلەعفەر و جگە لە بەرازییەکان و چەند دۆڵێکی نەبێت هەموویان شیاوی چاندنن.

ب- دابەشکردنی کارگێڕیی قەزای تەلەعفەر:

تەلەعفەر تاکو ساڵی ١٩١٧ ناحیەیەکی عوسمانی سەر بەقەزای شەنگار بوو. لە ١٩١٨/١/١ بەڕەسمی کرایە قەزا و لە ساڵی ١٩٨٧ (پێش هەڵوەشاندنەوەی سەنتەری ناحیەکان لەلایەن بەعسییەکانەوە) چوار ناحیەی بەسەرەوە بوو. لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی دانیشتوانی قەزاکە، بەهۆی کەمبوونی سەرژمێری ڕاستەقینە و، دوور لە دەسکاری و، تەعریبکردنە بەردەوامەکانی ناوچە کوردنشینەکانەوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین، کە ڕێژەی عەرەب لە پێش هەموواندایە، چونکە نزیکەی نیوەی دانیشتوان

| ناوی ناحیە | ناوەندی ناحیە | ژمارەی دێیەکانی سەر بەناحیەکە | ڕووبەر بەکیلۆمەتری دووجا لە ساڵی ١٩٨٧ | ساڵی دامەزراندنی وەکو یەکەیەکی کارگێڕی |
|---|---|---|---|---|
| ناحیەی مەرکەز | تەلەعفەز | ٤٦ | ٨٢٤ | ١٨٦٠ (وەکو ناحیەیەک) |
| ئەلیعازییە | ئاڤگەنی | ٢١ | ٧٨٤ | ١٩٥٧ (ئێستا هەڵوەشاوەتەوە) |
| زومار | زومار | ٦٧ | ١٢٦٨ | ١٩٢٨[٤٩] |
| ڕەبیعە | تەلکۆچک/ئەلسەعدە | ٣٨ | ١٤٢١ | ١٩٦٠ (ئێستا هەڵوەشاوەتەوە( |
| کۆ | زومار | ١٧٢ | ٤٢٩٧ | |

خشتەی ژمارە (١٩)
دابەشکردنی کارگێڕی قەزای تەلەعفەر

(٤٨) شاکر خصباک، العراق الشمالی، بغداد، ١٩٧٣
(٤٩) شوێنە جوگرافییەکەی گۆڕاوە، چونکە زوماری کۆن کەوتە ژێر سکری (بەنداوی) مووسڵ.



پێکدەهێنن، ئینجا پاش ئەوان کورد و تورکمان دێن[٥٠]. زۆربەی تورکمانەکان لە سەنتەری قەزاکە کۆبوونەتەوە و کوردەکانیش لە ناحیەی زوممار و ئەلعەیازییە و هێندێکیشیان لە ناحیەی ڕەبیعە و ناوشاری تەلەعفەر بڵاوبوونەتەوە.

## گرنگی ئابووریی قەزای تەلەعفەر و سیاسەتی بەعەرەبکردنی

تەلەعفەر بەگەورەترین ناوچە دێمییەکانی چاندنی گەنم و جۆی مووسڵ دەژمێردرێت و ڕێژەی باران بارین ڕادەی بەروبوومەکان دیاری دەکات و کێڵگەکانی گەنمیش لە لێوارەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەوە تاکو دەوروبەری شەنگار درێژدەبنەوە.

سەبارەت بەپیشەسازییە نەوتییەکانیشەوە، نەوت لە بیرەکانی عێن زالە و بەتمە و عوێنە دەردەهێندرێت، لەم دوایییەشدا نەوتیان لە چەمی باهیڤ و گەلێ شوێنی جیاوازدا دۆزیوەتەوە. هەرچەندە ئەو بیرە نەوتانەی لەسەرەوە ناوبران دەکەونە دێیە کوردنشینەکانەوە، بەڵام ئایدیۆلۆژیای شۆڤینی هەرگیز قایل نەبووە ئەم بەشە دەوڵەمەند و بەفەڕ و بەرەکەتە لە چوارچێوەی جوگرافیای کوردستاندا بمێنێتەوە، ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ١٩٧٤یش پەردەی لە رووی نیازە شۆڤینییەکانی حکومەتی ناوەندی هەڵماڵی و بووە دەسپێکی شەڕێکی چارەنووسانە و، گەلی کورد بەپەیامی کەرامەتی نەتەوەییەوە هاتە مەیدانی جەنگ و رازی نەبوو دەست لە نیوەی کوردستانی عێراق هەڵگرێت و مل بۆ فەرمانڕەوایانی عێراق کەچ بکات، بۆیە لە گەرمەی شەڕ و لە بەرواری ١٩٧٤/٩/٤دا پیاوانی ڕژێم چەندین تانک و بلدۆزەریان هێنایە ناوچەکە و دێیە کوردنشینەکانی سەر بەزوممariان خاپوور کرد و دانیشتوانیان راگوێزایە[٥١] ناوچەی جەزیرەی عەرەبی و ناحیەکانی ئەلحمێدات و ئەلمەحەلەبییە و چیان (تەل عەبتە)[٥٢]ی ڕۆژئاوا و باشووری مووسڵ و دێیە عەرەب نشینە دوورەکانی ناحیەی ڕەبیعە و ئەلعەیازییە، کە تێکرا (٥-٨) خێزانی کوردیان دابەش شوێنێک کرد، ئەویش بۆ سڕینەوەی ڕەچەڵەک و زمان و ڕۆشنبیری و مۆرکی کوردایەتی ئەم خێزانە راگوێزراوانە، کە بەلایەنی کەمەوە سەرجەمیان نزیکەی سێ هەزار خێزان[٥٣]دەبوون و ڕووبەری زەوی و زارە کشتوکاڵییەکانی دێیە کوردە راگوێزراو و بەعەرەبکراوەکانی تەنها سەر بەناحیەی

(٥٠) شاکر خصباک، العراق الشمالی، بغداد، ١٩٧٣ لاپەڕە ١٤٦.
(٥١) گۆڤاری مەتین ژمارە ٢٣، ئاب ١٩٩٣ لاپەڕە ٨٨ - ٩٤.
(٥٢) لە پاشاندا ناوی کرا بەناحیەی ئەلتەل و سەر بەقەزای ئەلحەزەرە.
(٥٣) گۆڤاری سەرهەڵدان، ژمارە (١١)، کانونی یەکەم ١٩٩٣ لاپەڕە ٧٢ - ٧٧.

زوممار (٤٠٠) هەزار دۆنم کەمتر نەبوو. بەشێکی دیشیان ڕاگوێزرایە دێیەکانی سەر بەناحیەی «عەشایری سەبعە»ی سەر بەقەزای ئاکرێ وەکو (دارەتوو و بەردەڕەش و خەلیلکان)و هی تر. لەپاش ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی (١٩٩١)یش دانیشتوانی ناوچەکانی زوممار سەربەرزانە گەڕانەوە کۆمەڵگاکانی فیشخابوور و چەم و کوڕک و دێرەبوون، کە بۆ بەعەرەبکردنی ناوچەکە، عەرەبیان گوێزابۆوە ئەوێ و لە ڕاپەڕینەکەدا چۆڵکرا. خێزانە ڕاگوێزراوەکانی قەزای تەلەعفەریش ئێستا زۆریان لە دەوروبەری زاخۆ کۆبوونەتەوە بەئومێدی گەڕانەوەی یەکجارەکی بۆ شوێنی باب و باپیرانیان.

**١-تەلەعفەر:**

قەزای تەلەعفەر، دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەو ڕێگە سەرەکییەی کە مووسڵ و شەنگار بەیەک دەگەیەنێت و (٦٥) کیلۆمەتر لە مووسڵ و (٥٥) کیلۆمەتر لە شەنگارەوە دوورە و هەتاکو ١٩٧٥یش پاش قەزای نەجەف، تەلەعفەر گەورەترین قەزا بوو لە عێراق لە رووی ژمارەی دانیشتوان و رووبەرەوە. رووبەری شار ٣٠ کیلۆمەتری دووجایە و شانزە گەڕەک و ٢٤ مزگەوتی تێدایە، حەسەن کۆی و سەرای و ئەلتەل و شەنگار و جولاق و سوو چەلەبی و گەرگەری و کورد عەلی و قەنبەر دەرە لە گەڕەکە ناودارەکانی شارەکەن، گەلێ شوێنەواری مێژوویی وەکو مزگەوتی قەلعە و گۆڕی ئیمام سەعد و مەشهەدی ئیمام عەلی و خدرلیاسی تێدایە کە لەلای ئێزدییەکان شوێنێکی پیرۆزە.[٥٤]

باکووری تەلەعفەر ناحیەی ئەلعیازییە (ئاڤگەنی)یە و باشووریشی ناحیەی ئەلتەلی سەر بەقەزای ئەلحەزەرە، ناحیەی ئەلحومێدات و ناحیەی ئەلمحەلەبییە دەکەونە رۆژهەڵاتی و، رۆژئاواشی مەڵبەندی شەنگار و ناحیەی قەیرەوانە. (٤٦) دێش سەربە قەزاکەن، کە زۆربەی دانیشتوانیان لەو عەشیرەتانەن کە پێیان دەوترێت (تەلەعفەرییەکان) کە لە گەلێ سەرچاوەدا باس لە رەگەزی ئەم تەلەعفەرییانە کراوە (بڕوانە نەخشەی ژمارە-٣٧- لە لاپەڕە ١٣٥)، ئەوەتا (شاکر خەسباک) لە سەرچاوەکەیدا دەڵێت «ئەو عەشیرەتە کوردانەی بەتەلەعفەریەکان ناسراون گەورەترین ڕێژەی دانیشتوانی تەلەعفەر پێکدێنن»[٥٥] کەچی (محەمەد یونس ئەلسەید وەهەب)[٥٦] بەعەرەبیان لە قەڵەم دەدا و

(٥٤) محمد یونس السید وهب، تاریخ تلعفر قدیما وحدیثا، الجزء الأول، الموصل، ١٩٦٧ لاپەڕە ١١٤.
(٥٥) شاکر خصباک، العراق الشمالی، بغداد، ١٩٧٣، لاپەڕە ١٤٦.
(٥٦) محمد یونس السید وهب، تاریخ تلعفر قدیما وحدیثا، الجزء الأول، الموصل، ١٩٦٧ لاپەڕە ٨٧ - ٨٨.



لە هێندێ سەرچاوەشدا بەتورکمان[٥٧] یاخود تورک و مەغۆل ناودەبرێن! جا ئەگەر چاوێک بەناوی هۆز و تیرەکانی تەلەعفەردا بگێڕین ئەوا گەلێ ناوی کوردی وەکو (ئال حەمۆ، ئال عەلۆ، ئال حەربۆ، ئال محۆ، ئال شێخۆ، ئال فەرهاد، ئال میرزا)مان بەرچاو دەکەوێت و ناوی سەرۆک هۆز و تیرەکانیش مۆرکی کوردییان تێدا بەرجەستە دەکرێت، نموونەی ئەو ناوانەش (حەمزە سلۆ، ئیبراهیم سمۆ، عەزیز ئاغا، ئیراهیم محۆ، ساعد خدۆ، قەدرۆ، عەلی قاسۆ، مەجید بلۆ، سەعد عەزۆ، محەمەد شێخۆ، عەبدولکەریم ئاغا، عەباس ئاغا)ن[٥٨] سەرەڕای ئەمەش عەشیرەتی تەلەعفەرییەکان بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە تێکەڵاوی عەشیرەتی گەرگەری کوردی ناوچەی زوممار و ئەلعیازییە و تەلەعفەر بوونە و ئاشنایی و خزمایەتیان لە نێواندا دروست بووە.

«یاسین ئەلعومەری»ش لە کتێبی (منیة الادباء في تاريخ الموصل الحدباء) کە لە ساڵی (١٨٠٠)ی زاییندا نووسراوەتەوە، وتوویەتی (خەڵکی تەلەعفەر دوو تیپن، سارلیان (کاکەیی) و ماولیانن و یەکێکیان رافزین) و هەمان پەیوەندی کۆمەڵایەتیش لە نێوان عەشیرەتی تەلەعفەرییەکان و کاکەییەکانی پارێزگای کەرکووکدا دروست بووە[٥٩].

ناوی ئەو دێیانەی سەربە قەزای مەرکەزی (تەلەعفەر)ن:

١- ئەلعاشق
٢- کەسک
٣- خەرابە گەورە و بولبول تەپاسی
٤- تەلەعفەری رۆژهەڵات
٥- تەلەعفەری باشوور
٦- بێستانەکانی تەلەعفەری رۆژهەڵات
٧- تەرمی
٨- کەسر میحراب و قزلقێۆ
٩- تەل عەواد
١٠- تەل عەزۆ

(٥٧) ادمونس، (کورد وترک وعرب)، ترجمە جرجیس فتح الله، بغداد ١٩٧١. هەروەها عبدالرزاق الحسینی لە کتێبی (العراق قدیماً وحدیثاً)، صیدا ١٩٥٨.
(٥٨) محمد یونس السید وهب، (تاریخ تلعفر قدیما وحدیثا)، الجزء الأول، الموصل، ١٩٦٧ لاپەڕە ١٤٦.
(٥٩) هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٠٤.




نەخشەی ژمارە -٣٧-
نەخشەی پارێزگای مووسڵ ساڵی ١٩٧٤



١١- شارەوانی تەلەعفەر
١٢- بەسوا
١٣- ئیرفەیعی سەروو و خواروو و ناوەڕاست
١٤- ئەلسەتاح
١٥- ئبسێری سەروو و ناوەڕاست و خواروو
١٦- عەبدان
١٧- ئەلحەمرە
١٨- بخور
١٩- مزێرب یاخود ناعور
٢٠- تەلجەمال
٢١- خەراب جحاش
٢٢- شعێریات
٢٣- عبرەی بچووک
٢٤- عبرەی خەلیل حەنەش
٢٥- عبرەی گەورە
٢٦- ئمغێر
٢٧- بێستانەکانی تەلەعفەری باکووری رۆژئاوا
٢٨- بێستانەکانی تەلەعفەری باشووری رۆژهەڵات
٢٩- بێستانەکانی تەلەعفەری ناوەڕاست
٣٠- بێستانەکانی تەلەعفەری باشوور
٣١- حەمرەت ئەلسەرای
٣٢- شەریعەت ئەلسەرای و عەسکەرتاش
٣٣- بەلور مەحمود ئاغا تەپەسی
٣٤- سەمیری باشوور
٣٥- سەمیری باکوور
٣٦- عێن عەفەر

٣٧- قرمز دەرەعەلی دەراج
٣٨- جەمرود و فقەبولی و هارونە
٣٩- سەلمی و ئاكل و قەنبەر و عەفەر درەسی
٤٠- دۆلمە و زێروان درەسی
٤١- زێروان درەسی و هارونەبۆلی
٤٢- قرمز درە و بیرلتەیر
٤٣- خەزنە و سوڵتان و ملکان تەپەسی
٤٤- ئاكل و قرمز و قەنبەر و عەفرە درەسی
٤٥- داربن درە و خدرلیاسی باشوور
٤٦- داربن درە و خدر لیاسی باكوور.

## توركمانەكان

كەمە نەتەوایەتییەكی كوردستانی عێراقن و لە گەلێ شار و شارۆچكەدا نیشتەجێ بوونە و بەپێی سەرژمێری ١٩٥٧،(٢٨٪)ی دانیشتوانی قەزای تەلەعفەر و (٢١,٤٪)ی پارێزگای كەركووك و(٤,٨٪)ی پارێزگای مووسڵ و(٢,٥٪)ی دانیشتوانی پارێزگای هەولێریان پێكهێناوە و سەرجەم ژمارەیان لە عێراقدا (١٤٢) هەزار كەس بووە، كە (٢,١٦٪)ی سەرجەم دانیشتوانی ئەوسای عێراقی پێک دەهێنا (واتە ئەمڕۆ، كە ژمارەی دانیشتووانی عێراق زیاترە لە ٢٣ ملیۆن كەس ڕەنگە ژمارەی دانیشتووانی توركمان لە سەرتاسەری عێراق لە نیو ملیۆن كەس تێنەپەڕێت بەهیچ شێوەیەک)[٦٠]. گومان لەوەدا ناكرێت، كە توركمانەكان لە سەدان ساڵی پێش ئێستاوە لە وڵاتی توركمانستان -كۆماری توركمانستانی ئێستای ئاسیای ناوەڕاست- هاتوون[٦١] و سەرەتا لە ئێران دواتر لە چەند بەشێكی دیكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر بوونە و

(٦٠) لە هەمان كاتدا ژمارەی دانیشتووانی كورد لە عێراقدا لە (٦,٢٥) ملیۆن كەس تێناپەڕێت ئەگەر ڕێژەمان ٢٥٪ بێت لە عێراقدا.
(٦١) بۆ نموونە: (أرتق بن اكسب التركمانی) هەر لە ساڵی ١٠٧٧ ز. وە لە خزمەتی مەلەكشای سلجوقی بووە لە خوراسان و دواتر مەلەكشا ماردین و دەوروبەری پێ بەخشیووە وە بۆ ماوەی سەد ساڵێک (سلالة الأرتقیون)ی دروست كردووە و حوكمی ئەو ناوچەیان كردووە تا دواتر سەلاحەدینی ئەیوبی و ئەیوبییەكان لەناویان بردن.



دەوڵەتی قەرەقۆینلو (لە ١٣٠٠)ەكان و ئاق قۆینلو لە (لە ١٤٠٠)ەكان یان لە كوردستان و ئێراندا دامەزراندووە و، توركمانی ئەمڕۆش نەوە و پاشماوەی ئەو شەپۆلانەن. گەلێ ڕا و بۆچوونی جیاوازیش لە بارەی ڕەچەڵەک و مێژووی هاتنیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارادایە و، هێندێک لەو باوەڕەدان كە لە سەردەمی عەباسییەكانەوەیە و لەكاتی فەرمانڕەوایی خەلیفە موعتەسەم (٨٣٣-٨٤٢ز) وەكو بەكرێگیراوێک بەكاری هێناون و لە عێراقی نیشتەجێكردوون، كەچی هێندێكی دی لەو باوەڕەدان كە كۆبوونەوەی توركمانەكان لە شار و شارۆچكەكانی ئەملاوئەولای ئەو هێڵەی نێوان كاروانە بازرگانییەكانی نێوان ئەنادۆڵ و ئێران (كە ناوچەكانی نێوان تەلەعفەر و مەندەلی دەگرێتەوە و بەمووسڵ و هەولێر و پردێ و كەركووک و دووز و كفری و خانەقینیشدا تێدەپەڕێت) بەهۆی كێشە و ململانێی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی و پێش ئەوانیش نێوان ئاق قۆینلوو و قەرەقۆینلوو بووە[٦٢]. هێندێكیش دەڵێن توركمانەكان مەغۆلن و پاشماوەی سەربازەكانی تەیمورلەنگن، كە لە (١٣٩٥ز) دەستیان بەسەر كوردستان و عێراقدا گرتووە، یاخود پاشماوەی سوپاكەی سوڵتان موڕادی چوارەمن كە لە ساڵی (١٦٣٩) زاییینییەوە هاتن بۆ كوردستان و عێراق بۆ سەندنەوەی لە فارسەكان[٦٣]. (سولەیمان سایغ)یش لەم بارەیەوە دەڵێت توركمان لە هەڵمەتەكەی ئۆزون حەسەنی ئاق قۆینلووەوە لە ساڵی ١٤٦٥دا ڕوویان لە مووسڵ كردووە و هێندێكیان لە تەلەعفەر نیشتەجێبوونە[٦٤]. دەبێ ئەوەش بڵێین، كە كورد و توركمانی تەلەعفەر جلوبەرگی عەرەبی دەپۆشن و نیوەی توركمانی عێراق و كوردستان لەسەر مەزهەبی شیعەی قزلباشیی سەفەوییەكانن و ئەوەی دەمێنێتەوە سەر بەمەزهەبی سوننەی (حەنەفی)ن، كە هەمان مەزهەبی ڕەسمیی دەوڵەتی عوسمانییەكان بووە، كەچی مەزهەبی زۆربەی كورد سوننی (شافعی)یە. شیعەی توركمان لە ڕووی زمان و داب و نەریتەوە لە سوننەكانیان جودا دەكرێنەوە و هەر بەشێكیان زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە. دیالێكتی توركمانە شیعەكان گەلێک لە زمانی ئازەرییەوە نزیكە[٦٥].

(٦٢) ڕۆژنامەی الاتحاد ژمارە (٣٣١)، ١٣/٨/١٩٩٩.
(٦٣) محمد یونس السید وهب، تاریخ تلعفر، الموصل، لاپەڕە ٨٧ - ٨٨.
(٦٤) سلیمان الصائغ، تاریخ الموصل، بیروت، ١٩٢٨ لاپەڕە ٥٣ - ٥٥.
(٦٥) ڕۆژنامەی الاتحاد ژمارە ٣٣١)، ١٣/٨/١٩٩٩.

**٢-ناحیەی زوممار:**

مەڵبەندی ناحیەی زوممار کۆن (پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر ئاوی بەنداوی مووسڵ) دەکەوێتە کەناری ڕۆژاوای ڕووباری دیجلە و لە ناوەڕاست دێیەکانی سەر بەعەشیرەتی گەرگەرییە و (٣٣) کیلۆمەتر لە مەڵبەندی قەزای تەلەعفەرەوە دوور بووە[٦٦]. ئێستا مەڵبەندی ناحیەی زوممار لە نێوان هەردوو گوندی عەشیرەتی کوردی گەرگەری (گرڤر) و تل مووس) ئاوەدان کراوەتەوە. ڕووباری دیجلە و کۆمەڵگا عەرەبنشینە نوێکان دەکەونە لای باشووری، دەریاچەی مووسڵ و ڕووباری دیجلە لای ڕۆژهەلات و باکووری ڕۆژهەلاتی زوممار و، باکووری ڕۆژاواشی سنووری دەوڵەتی سوریایە و، ناحیەی ڕەبیعەش کەوتۆتە ڕۆژاوای و ناحیەی ئەلعیازییە و لای باشووری ڕۆژئاوای و ناحیەی ئەلحمیداتیش لای باشووری. زمار کۆنترین ناحیەی قەزای تەلەعفەرە و هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بۆتە ناحیە.

لە ڕووی جوگرافیاوە زوممار لە دەشتاییەکی پان و بەرینی کاکی بەکاکی پێکهاتووە، کە ناوبەناو لێرەولەوێ چەند تەپۆڵکەیەکی تێدا قیت دەبێتەوە و بەرزاییەکەیان لە (٤٠٠) مەتر پتر نییە، خاکەکەی گەلێ بەپیتە و بەبەرووبوومی هاوینەی وەکو تەماتە و شووتی و کاڵەک و گوڵەبەڕۆژە و سەوزە بەناوبانگە و لە ڕووی بەرووبوومی زستانەی وەکو گەنم و جۆ و هەموو جۆرەکانی میوەوە فرە بەرهەمە و، لە ساڵی (١٩٥٢)ەوە لە بیرە نەوتەکانی عێن زالە و بەتمە، کە نزیکەی (١٥) کیلۆمەتر لە مەڵبەندی ناحیەی زوممارەوە دوورە نەوت دەرهێنراوە. ڕووبەری ناحیەی زوممار (١٢٦٨)کیلۆمەتری دووجایە و (٦٧) دێی بەسەرەوەیە. هەر چەندە لە ساڵی (١٩٥٧)ەوە سەرژمێرییەکی ڕاست و دروست و بێ دەسکاری لە ناوچەکەدا نەکراوە، بەڵام نکوڵی لەوەدا ناکرێت، کە زۆربەی دانیشتوانی زوممار کوردن. پێش بەعەرەبکردنی ناوچەکە لە ساڵی ١٩٧٥وە، (٦٠٪)ی دانیشتوانی ناحیەکە کورد بوون و (٣٥٪)یش عەرەب بوون و تێکڕای تورکمان و مەسیحییەکانیش (٥٪)ی سەرجەم دانیشتوانیان پێکهێناوە[٦٧]. بەڵام لە ئاماری ساڵی ١٩٧٧ بەڕەسمی تەنها ٥٪ی دانیشتووانی کورد بووە. عەرەبەکانی ناوچەکە سەربە عەشیرەتی جبور و شەڕابی و جحێش و شەممەر و ئەلبومیتۆتن، هەرچی کوردی ناوچەکەشە سەر بەعەشیرەتی

(٦٦) ڕۆژنامەی الاتحاد ژمارە (٣٠٥)، ١٣/٢/١٩٩٩.
(٦٧) د. رزگار، ملحمة عين زالة في ذاكرة البيشمرگة، دهوك، ١٩٩٧ لاپەڕە ١٧.



میران و موسارەشان و هەسنان و گەرگەرییانن، کە زۆربەیان سنووریان بڕیوە و لە جزیری کوردستانی سوریاشدا هەن. پێش ڕاگواستنی ئەم عەشیرەتانە (جگە لە عەشیرەتی گەرگەری، کە ڕانەگوێزراون) کورد لە (٤٠) دێی ناحیەکە (لە کۆی ٦٧ دێی ناحیەی زوممار) نیشتەجێبوون. (١٠) لەم گوندە کوردییانە دەکەونە کەناری ڕۆژئاوای دیجلە وەک شارۆچکەی زوممار، پێش ئەوەی ژێر ئاو بخرێن و خەڵکەکەی ناچار بکرێن بۆ کۆچکردن لەبەر دروستکردنی بەربەستی مووسڵ (سەد سەدام) ئەو بەربەستەی کە دەریاچەیەکی مەزنی لە ناوچەکەدا دروست کرد، کە ڕووبەرەکەی نزیکەی (٤١٧) کیلۆمەتری دووجایە و بووە هۆی نقوومکردنی (١٩) دێی ناحیەی زوممار لە کۆی (٦٥) دێی کوردی نقوومبوو لە هەر دوو پارێزگای دهۆک و مووسڵ[٦٨].

لە دێیە گرنگەکانی ژێرئاو خراوی ناحیەی زوممار، دێی (جفتک)ە کە بەزمانی تەعریب پێی دەگوترێ (تەل ئەبوزاهر)، ئەو دێیە گەورەترین دێی زوممار بوو لە ڕووی ڕووبەرەوە و، لە هەموو دێیەکانی تریش پێشکەوتووتر بوو لە ڕووی فێربوون و ڕۆشنبیری و تاکو (١٩٧٣)ش بارەگای لیژنەی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانی تێدابووە[٦٩].

شایانی باسە ساڵی ١٩٥٧ (١٠٠) گوند سەر بەناحیەی زوممار بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦١ کە ناحیەی ڕەبیعە دامەزراوە، (١٢) گوند خرایە سەر ئەو ناحیە تازەیە و دواتریش لە ساڵی ١٩٨٣ نزیکەی (٢٠) گوندی ئەو ناحیەیە کەوتە ژێر ئاوی بەنداوی مووسڵ.

لیستەی ناوی دێ و ناوچە کشتوکاڵییەکانی ناحیەی زوممار:

| ناوی دێ | ناوی تیرە یان هۆز |
| --- | --- |
| ١- شندۆخە | |
| ٢- تەللریم | |
| ٣- جەمرود | |
| ٤- هەزێمە | |
| ٥- تەل خدر | |

(٦٨) گۆڤاری الجمعية الجغرافية، بەرگی ١٤، بغداد، ١٩٨٤ لاپەڕە ١٥٨ - ١٦٠.
(٦٩) گۆڤاری متین، ژمارە ٢٣، دهۆک ١٩٩٣، لاپەڕە ٨٨ - ٩٤.

| | |
|---|---|
| ٦- عێن عەلەک – خدر ئیدریس | |
| ٧- سحل حەمەد | گەرگەری |
| ٨- کارێز | گەرگەری |
| ٩- خربەت سوفی رەشکان | ڕەشکان (ئێزدی) |
| ١٠- ئەلمەفراوتەل مرگی سەروو | گەرگەری |
| ١١- عێن حەلوەی سەرووخواروو (کانی شیرین) | گەرگەری |
| ١٢- مسێفنە | |
| ١٣- تەلموس | گەرگەری |
| ١٤- سلال | جبور/عەرەب |
| ١٥- گرکا فروگرفۆج و گرچاڵ | عەرەب |
| ١٦- عێن جحێشییە أو عجین جحێشە (حەمۆگلۆ) | گەرگەری |
| ١٧- ئەلجەسە (چصە) | گەرگەری |
| ١٨- عێن مانع و سەلجە | |
| ١٩- خرابە رەش | |
| ٢٠- عێن تەمر | |
| ٢١- ئەلمشارج | |
| ٢٢- خەمرۆک | |
| ٢٣- تیبەت ئەریاح | |
| ٢٤- ئەلزوری تەل خەبازە | |
| ٢٥- ئەلزوری کۆن | |
| ٢٦- بازلە | |
| ٢٧- خربەی جحێش | |
| ٢٨- چەم حەسنە | |
| ٢٩- جیساری | |



| | |
|---|---|
| ٣٠- عێن حەبەش | |
| ٣١- ئەبو وەجنە | |
| ٣٢- گرفر | گەرگەری |
| ٣٣- عێن زالە | عەرەب |
| ٣٤- عێن الفرس | عەرەب |
| ٣٥- بەرزان | |
| ٣٦- شێخ حمسی | عەرەب |
| ٣٧- خەرابەی گەرگەریا | |
| ٣٨- سحل ئەلسەهم | |
| ٣٩- سیانە | |
| ٤٠- عێن ستام | |
| ٤١- زوێج | |
| ٤٢- تەل ئەبوزاهری رۆژهەڵات (هتیان) | هەسنی |
| ٤٣- رفانی سەروو خواروو | |
| ٤٤- دەحلەی سەرووخواروو | |
| ٤٥- گرهۆل | |
| ٤٦- سەهلیج و حەسوونیە و زەوئل قەمەر | |
| ٤٧- جەبەل عێن زالە | عەرەب |
| ٤٨- ئەلعەملە | |
| ٤٩- خان ئسفەیە تەحتۆکا (صەفیە) | هەسنی |
| ٥٠- دیشییە | عەرەب |
| ٥١- بەردیا ڕۆژئاڤا و ڕۆژهەڵات | هەسنی |
| ٥٢- عێن عوێس | هەسنی |
| ٥٣- چخرێ | مووسا ڕەش |
| ٥٤- عەمەر خالد | میران |
| ٥٥- شێخان | عەرەب |

| | |
|---|---|
| ٥٦- گربیر | مووسا ڕەش |
| ٥٧- ئەلجەزرۆنییە | عەرەب |
| ٥٨- سێ قوبا | هەسنی |
| ٥٩- چەم لەگلەگ | هەسنی |
| ٦٠- محەمەد ئەبولربن | هەسنی |
| ٦١- چەم باهیڤی خواروو | مووسا ڕەش |
| ٦٢- چەم باهیڤی سەروو (مالاشێخۆ) | مووسا ڕەش |
| ٦٣- گۆزگیران و شلێکیە | هەسنی |
| ٦٤- شیبانە | مووسا ڕەش |
| ٦٥- سحێلە | مووسا ڕەش |
| ٦٦- تەل ئەبوزاهری رۆژاوا | هەسنی |
| ٦٧- تەل ئەبوزاهری باکوور. | هەسنی |
| ٦٨- گرشکەستی | مووسا ڕەش |

**ئەو دێیانەی کوردیان تێدا ڕاگوێزراوە و بەعەرەب کراون:**

١- زومار
٢- جفتک (تەل ئەبوزاهیر)
٣- سێ قوبا (قوباد)
٤- حەمەد ئاغا
٥- خانێ (ئەلخان) (خانا تەحتک)
٦- عێن عوێس
٧- گۆزگیران
٨- سحێلا
٩- عەمەر خالدا
١٠- گرچیر (شلکیە)
١١- چەم لەگلەگ
١٢- چەمی باهیڤی ژێری



١٣- چەمی باهیڤی ژووریٚ
١٤- بردیا (ئەلبردیە) ڕۆژهەلات
١٥- گڕبیر
١٦- عەلوا عەبارا — مووسارەشا
١٧- چوخری
١٨- شێبانا
١٩- محۆ ڕەبەن (محەمەد ئەبولرەبەن)
٢٠- ئیسکا (عوێنە)
٢١- ماسکا
٢٢- کەلهێ (قلعە موسارەش)
٢٣- عەلیۆکا (تەل ئەلزیبان)
٢٤- ئەلوەلید (طاووس)
٢٥- ئومولرەبیعەین[٧٠]
٢٦- بەردیا ڕۆژئاڤا

## هۆزە کوردەکانی ئەو ناوچەیە

ئەوانەی خوارەوە گرنگترین هۆزە کوردەکانی ئەو ناوچەیەن:

**هەسنان:** لە پشتێنێکی تەسکی لێوار رووباری دیجلە، کە درێژییەکەی (٢٠)کیلۆمەتر و پانی (٧) کیلۆمەتر دەژیان و سەرۆک تیرەشیان لە دێی جفتکێ نیشتەجێ بوو[٧١].

**میران:** لە نزیک رووباری دیجلە و ناوچەیەکی باریکی سەر سنووری عێراق و سوریادا دەژین، کە درێژییەکەی (٢٠) کیلۆمەترە و پانی (١٠) کیلۆمەترە. لە سەرۆکە ئاساییەکانی ئەم هۆزە بنەماڵەی حەبەش فندی و حمود عومەر سالحە کە لە دێی(کەلهێ) دەژیان.

**موسارەشان:** بنەماڵەی عومەر تەمر موسارەش و ڕەسول حەسۆ سەرەک هۆزیانە.

(٧٠) ئەو شەش گوندەی دوایی (ئەسکا و ماسکا و کەلهێ و عەلیوەکا و الولید و ام الربیعین) لە ساڵی ١٩٦١وە سەر بەناحیەی ڕەبیعەن.
(٧١) الدلیل العام لتسجیل النفوس العام لسنة ١٩٥٧ لاپەڕە ٢٦٠.

**ڕەشکان:** عەشیرەتێکی ئێزدییە لە دێی خەرابە سۆفی دەژین، کە تەنها (١٥)کم لە ڕۆژاوای ناحیەی زوممارەوە دوورە.

هەرچی **گەرگەریەکانیشن** لە ناوچەیەکی نزیکی مەڵبەندی ناحیەی زوممار، کە دەکەوتە نێوان هێڵی شەمەندەفەری مووسڵ -تەلکۆچک و ڕێی گشتی، ڕووبەری ناوچەکەش (٢٠٠) کیلۆمەتری دووجایە و ژمارەی گەرگەرییان نزیکەی (٣٠) هەزار کەسە و بە(١٩) دێدا بڵاوبوونەتەوە، کە پانزەیان سەر بەناحیەی زوممارە و چواریان سەر بەناحیەی ئەلعیازییەن، تیرەکانی هۆزی گەرگەری بریتین لە: تۆڕنان و مەجدکان و مەحموودکان و قرکان و پالۆیان و مەهەمەدکان،... هتد، سەرۆکەکانیشیان لە بنەماڵەی سولەیمان ئەلسەعدونە، کە لە گوندی (تەل حگنە) نیشتەجێن، ئەم عەشیرەتەش گەورەترین عەشیرەتی کوردییە لە قەزای تەلەعفەر، پیشەی ئەم عەشیرەتەش چاندنی گەنم و جۆ و پەروەردەکردنی مەڕومالاتە و تاکە عەشیرەتی کوردییە کە لە ناوچەکە ڕانەگوێزراون و لەسەر ژمێرەکانیشدا بەعەرەب لە قەڵەم دراون، هەرچەندە لە سەرەتادا بێبەش نەبوون لە زوڵم و زۆرداری و ڕاگوێزان و نزیکەی (٢٠٠) خێزانیان پاش نسکۆی ١٩٧٥ (ئەوانەی بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٧٤یان کردبوو) ڕاگوێزرانە دێیەکانی سەربە عەشیرەتی گۆران لە ناحیەی بەردەڕەشی سەربە قەزای ئاکرێ، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠دا گەڕانەوە شوێنەکانی پێشوویان هۆیەکەش ئەوەبوو کە ئەم عەشیرەتە بەعەرەب نووسران لە ئاماری ساڵی ١٩٧٧ چونکە گوندەکانیان بەزیاتر لە ٢٥کم دوورن لە سنووری سوریا، بەڵام عەشیرەتەکانی تری کوردی لە قەزای تەلەعفەر وەکو میران و هەسنان و مووسا ڕەشان هەر ٥-٨ خانەوادەیان بۆ گوندە عەرەبییەکان گواسترانەوە لە ناحیەی زوممار و لە ناوچەکانی تری جزیرە لە ڕۆژئاوا و باشووری مووسڵ لە ناحیەکانی مەحەلەبییە و ڕەبیعە و عەیازیە و بادۆش و گەڕەکی نەهرەوان لە مووسڵ، هەروەها هەندێکیان بۆ گوندەکانی ناحیەی بەردەڕەش و گردەسێنی سەر بەقەزای ئاکرێ گواسترانەوە، وەکو گوندەکانی خەلیلکان و زەنگەنان و دارەتوو. هەروەها خەڵکێکی زۆری ئەو دێهاتە کوردییانە توانیان ڕابکەن لە پرۆسەی تەرحیلکردن و ئاودیوی سوریا بوون و تا ئێستاش هەر لەوێ ماون و بەشێکی تری کوردەکانی زوممار ئەوانەی لە ڕیزی شۆڕش بوون ئێستاکە لە زاخۆ و دێرەبوون و فیشخابوور و دهۆک و دەوروبەری نیشتەجێن. لەلایەکی ترەوە حکومەتی عێراق گەلێ کۆمەڵگای نوێی بۆ عەرەبەکانی جبور و عەشیرەتە عەرەبەکانی دی دروست کرد بۆ ئەوەی



سیمایەکی عەرەبی بەناوچەکە ببەخشێت، کۆمەڵگا نیشتەجێیەکانی ناونا (ئەلسموود و ئەلبەردییە... هتد) کە سەر بەناحیەی زوممارن.

**٣- ناحیەی ئەلعیازییە (ئاڤگەنی):**

شارۆچکەی ئەلعیازییە، کە لە ناو کورددا بە(ئاڤگەنی) ناسراوە سیانزە کیلۆمەتر لە قەزای تەلەعفەرەوە دوورە. ئەم ناحیەیە لە ساڵی ١٩٥٧ەوە دامەزراوە و ڕووبەری ٧٨٤ کیلۆمەتری دووجایە و(٢١) دێی بەسەرەوەیە. لە باکوورەوە ناحیەی ڕەبیعە سنووریەتی و لە باشوور تەلەعفەر و لای ڕۆژهەڵاتیشەوە بەناحیەی زوممار دەور دراوە، شەنگاریش دەکەوێتە ڕۆژاوای ناحیەکەوە.

لە ناحیەی ئاڤگەنیدا کورد و عەرەب نیشتەجێن، کورد بەپلەی یەک دێت و، بریتین لە هۆزەکانی گەرگەری و تەلەعفەری و ئێزدییەکان و، عەرەبەکانیش لە عەشیرەتی جحێش و شەممەر و جبور پێکهاتوون. حگنە و قەسر سرێج بەناوبانگترین دێی کوردنشینی ناحیەکەن ئەمەش ناوی ئەو دێیانەی سەربە ناحیەی ئەلعیازییەن:

| دێ | هۆز و عەشیرەت |
|---|---|
| ١- قوبگ و ئاڤگەنی | |
| ٢- هارونە | |
| ٣- فەقە | |
| ٤- تەل جەدوع | |
| ٥- قەسرسرێج | گەرگەری |
| ٦- تەمارات | |
| ٧- ئەبوماریە و مەزرەع | |
| ٨- حوگنە | گەرگەری |
| ٩- تەلەعفەری باکوور | |
| ١٠- خەرابە سەعید (بەشی باکووری) | |
| ١١- سەحل ئەلمالح | |
| ١٢- تەل مەتەر | |
| ١٣- میرقاسم | |

١٤- مال وێران
١٥- مات هەلوم
١٦- جەبەل ئەشکەفت
١٧- مقتال ئەلخنزیر
١٨- ئەلبوغە
١٩- ئەبووەنی
٢٠- بئر ئەلحلو (بەشی باشوور)
٢١- سەوسەن و تاولەباش.
٢٢- تل مەرگە گەرگەری
٢٣- فەقیرۆک گەرگەری

## ٤-ناحیەی ڕەبیعە

ناحیەی رەبیعە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای قەزاکە و سنووری رەبیعە لە باکوور و باکووری رۆژئاوا سنووری دەوڵەتی سوریایە و، لە باشوور ناحیەی ئەلعیازییەیە و، لە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی ناحیەی زوممارە و لە باشووری رۆژئاواش قەزای شەنگارە، لە ١٩٦١ەوە ناحیەیە و لە دابەشکردنە کارگێڕییەکانی ساڵی ١٩٨٧ دا رووبەری رەبیعەیان بە١٤٢١ کیلۆمەتری دووجا قەبلاندووە، دەشتە پان و بەرینە بەپیتەکەشی شیاوی چاندنی سەوزە و دانەوێڵەیە بەتایبەتی پاش گەیاندنی پرۆژە ئاودێرییەکان. لە ئاستی بەرهەمهێنان و ناردنە بازاڕیش بەروبوومی هاوینە و زستانەی ناحیەکە لە ریزی پێشەوەی ناحیە و قەزاکانی پارێزگای مووسڵە و بەپێی رێنماکەی ساڵی ١٩٨٤ سی و هەشت دێی بەسەرەوە بوو، کە زۆربەیان عەرەبی شەممەرنشین و بەشی باکووری رۆژهەڵاتیشی کوردی سەربەهۆزی میران (بڕوانە نەخشەی ژمارە-٣٨- لە لاپەڕە ١٤٨) ئێستاش بەپێی دابەشکردنە کارگێڕییەکانی ئەم دواییە ٦٨ دێی خراوەتە پاڵ و لە سەرژمێرە گشتییەکەی -١٩٩٧- دا ژمارەی دانیشتوانی گەیشتە (٤٢) هەزار کەس[٧٢]. لە ئاماری ساڵی ١٩٧٧ ١٠ ٪ی دانیشتووان بەکورد ناونووس کراون.

(٧٢) گۆڤاری الف باء، ژمارە ١٥٥٠، ١٠/٦/١٩٩٨ لاپەڕە ٤ – ٥.






نەخشەی ژمارە -٣٨-
ناحیەی ڕەبیعە

ناوی ئەو دێیانەی سەر بەناحیەی ڕەبیعەن (بەپێی دابەشکردنی کارگێڕی ساڵی ١٩٨٤):

١- مەرقەدەی سەروو
٢- خریجەت ئەلخەزنە و ئەلمومی
٣- عەلکانە
٤- مشێرفە
٥- تەل تەلەب
٦- ئەلبەریە
٧- کانی عەتار
٨- عوێنات
٩- خرابە سەعید(بەشی باکووری)
١٠- خرائج عید بیلال
١١- تەل مەتەر
١٢- بۆسەت ئەلبەیادر
١٣- ئەل مشرف
١٤- دبشییە
١٥- ئاسفیە
١٦- گرەسۆر
١٧- تەل وەردان
١٨- تەل ئەلهەوا
١٩- بیرعوگلە
٢٠- خان ئەجدال
٢١- ئەبوکلە
٢٢- چلپارات
٢٣- ئەل مەحموودیە
٢٤- بیر ئەلحلو(بەشی باکوور)
٢٥- تەل ئەلسومان



٢٦- کران
٢٧- عوسێلە
٢٨- تەل سەمیر
٢٩- تەل حیال
٣٠- ئەلسەعدە
٣١- عوێنە
٣٢ -ئەلوەلید و تەل موتلەگ
٣٣ -تەل ئەلزوبیان
٣٤- ئەل موشە
٣٥- ئەبو حجێرە
٣٦- ماسکە
٣٧- ئەل جدریە
٣٨- کلهێ و قەلعەت موسارەش میران

**٢- قەزای شەنگار**

أ - شوێنی جوگرافی و سروشتی روو:

کەوتۆتە ئەوپەڕی رۆژاوای پارێزگای مووسڵ، دەوڵەتی سوریا و قەزای تەلەعفەر سنووری باکووریان پێکهێناوە و لە باشووریش قەزای ئەلبەعاج و بەشێکی قەزای ئەلحەزەرە، قەزای تەلەعفەریش کەوتۆتە رۆژهەڵاتی و لەلای رۆژئاواشەوە هەر سنووری سوریا و قەزای ئەلبەعاجە (بڕوانە نەخشەی -٣٩- لە لاپەڕە ١٥٢). ناوی شەنگار بەزنجیرە شاخە بەرزەکانی شەنگارەوە پەیوەستە کە بەرزاییەکەی (١٤٦٣) مەترە و٧٧ کیلۆمەتر درێژە و پانیشی ١٣ کیلۆمەتر دەبێت، چیای شەنگار تاکە شاخی وڵاتی جزیرەیە و هەزار ساڵ پێش ئێستا ناوی لە گۆرانی و داستانە کوردییەکان هاتووە. دوا پێوانەی رووبەری قەزای شەنگار (٣١٨٨) کیلۆمەتری دووجایە، کە دەکاتە نزیکەی نیوەی رووبەری پارێزگای دهۆک، گرنگیی ئابووری قەزای شەنگار لەوەدایە، کە زەویوزارێکی بەپیتی هەیە و بۆ چاندنی گەنم و نیسک و نۆک متمانەیان لەسەر باراناوە. دارستانە هەمیشە سەوزەکانی زەیتون و رەزە پان و بەرینەکانی ترێ و هەناریش دیارترین

بەرهەمەکانی هاوینی ئەم ناوچەیەن، هەروەها چاکترین جۆری هەنجیر لە شەنگار بەبەرهەم دێت، ناوچەی (کەرسێ)ش، کە نزیکەی (٧٠) کیلۆمەتر لە قەزاکەوە دووره بەچاندنی تووتن بەناوبانگە و پوختەترین جۆری تووتنی کوردستانی عێراق لەم ناوچەیە دەهێنرێتە بەرهەم و هەروەها پەروەردەکردنی مەڕومالاتیش لە هەموو لایەکی ناوچەکە باوە.

ب - دابەشکردنی کارگێڕی:

ناوبانگی شەنگار هەر لە چەرخی دێرینەوەیە و لە سەردەمی ئاشووری و ڕۆمانی و ساسانییەکانەوە ناوبراوە، لە کاتی فەرمانڕەوایی خەلیفەی عەباسی (ئەلمەئموون)یشدا لە (٨٢٠ز) وەکو ناوچەیەکی لەباری تێروانینی ئاسمان هەڵبژێررابوو، لە سەردەمی (عیمادەدینی زەنگی- ١١٢٧-١١٤٦ز)یش کرایە پاشکۆیەکی شاری مووسڵ، و منارە ئاسەوارییە بەناوبانگەکەی تێدا دروست کرا و تاکو ئێستا ئاسەواری ماوە و لە ساڵی ١١٧٤ز سەلاحەدینی ئەیوبی تێدا گیرساوەتەوە، لە سەردەمی سوڵتان مەحموود ١٧٥٠ز کرایە ولایەتێکی سەربەخۆ و، ڕێگە بازرگانییەکەی نێوان حەلەب و مووسڵی بەیەکەوە گرێ دەدا، کە مەدحەت پاشاش حوکمڕانی عێراقی لە ساڵی ١٨٦٩ گرتە دەست و تا کۆتایی حوکمڕانی عوسمانییەکانیش شەنگار هەر قەزایەکی سەر بەمووسڵ بوو. ناحیەی تەلەعفەریشی بەسەرەوەبوو، لە ١٩٢٨ بەڕەسمی لەلایەن دەوڵەتی عێراقی کرایەوە قەزا[٧٣].

قەزای شەنگار تاکو سەرەتای هەشتاکانیش تەنها یەک ناحیەی بەسەرەوەبوو، بەڵام پاش پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن و لە ساڵی ١٩٧٨ ناحیەیەکی دیکەیان بەناوی ئەلقەیرەوان دامەزراند و درایە پاڵ شەنگار و پارچەیەکی گرنگیشیان لێ دابڕی و خستیانە سەر قەزای ئەلبەعاج (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٣٩).

بەپێی دابەشکردنە کارگێڕییەکانی ساڵی ١٩٨٧ لە ڕووی کارگێڕییەوە قەزای سنجار بەم جۆرەی خوارەوە بوو کە لە خشتەی ژمارە -٢١-ی خوارەوە) دیاری کراوە.

(٧٣) گۆڤاری الف باء، ژمارە ١٥٠٨، ١٩٩٧/٨/٢٠ لاپەڕە ٤ - ٥.



| ناحیەکان | مەڵبەند | ڕووبەر/کم٢ | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|
| مەرکەز | شەنگار | ٧٠٤ | ١٨٦٤ |
| ناحیەی ئەلشیمال | سنونێ | ١٧١٤ | ١٩٢٣ |
| ناحیەی ئەلقەیرەوان | بلێج | ٧٧٠ | ١٩٧٨ |
| کۆ | | ٣١٨٨ | |

خشتەی ژمارە (٢١)
پێکهاتەی کارگێڕی قەزای شەنگار



نەخشەی ژمارە -٣٩-
قەزای شەنگار و تەشکیلاتە ئیدارییەکانی ئێستای

## پێکهاتەی دانیشتوانی قەزای شەنگار

زۆرینەی دانیشتوانی قەزا کوردن ئینجا عەرەب دێت، لە رووی پێکهاتەی ئایینیشەوە ئێزدییەکان بەپلەی یەک دێن، ئینجا موسڵمانەکان و پاشان مەسیحییەکان[٧٤].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ رێژەی کورد (٧٨٪) بوو لە تەواوی قەزای شەنگار. رێژەی (٩٠٪)ی ناحیەی ئەلشیمال و (٧٥٪)ی ناحیەی شەنگار کوردبوون[٧٥]، بەڵام سەرژمێرە رەگەزپەرستانە پڕ قەڵپکارییەکەی -١٩٦٥- رێژەی کوردی بە(٦٧٪) دانا و لە -١٩٧٧-یشدا، کە ئێزدییەکانیان بەعەرەب لە قەڵەم دران رێژەی کورد لە قەزای شەنگار بەرەسمی بە(١٠٪)[٧٦] دانرا.

کورد بەقەدەر کۆنی شەنگار لەم ناوچەیەدا ژیاون، چونکە دەقەکانی کتێبە ئایینییەکانی ئێزدییان دەگەڕێنەوە سەردەمی ساسانییەکان (٢٢٦-٦٣٣)ی زایین و لە سەردەمی موسڵمانەکانیشدا بوونێکی هەمیشەییان هەبووە و لەسەر دەستی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی -١١٧٤ز- بایەخیان پێدراوە و بەهێزترین سەرچاوەی مێژووش لەسەر زمانی گەڕیدەی عەرەب دان بەکوردبوونی ناوچەکە دەنێت و (ئیبن بەتووتە) لە یادداشتەکانیدا لە ساڵی ١٣٣٤ی زایینی دەڵێت: «پاشان بەرەو شارێکی مێژوویی کوردنشین بەڕێکەوتین، کە شەنگارە». جێی داخیشە کە کوردە ئێزدییەکان هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تووشی هەڵمەتی لەناوبردن هاتوون، کە دوا هەڵمەتیان لەسەر دەستی والی عوسمانی مووسڵ عەلی ئیحسان پاشا بوو لە ساڵی ١٩١٨ .

گرنگترین هۆز و تیرەی ئێزدییەکانی شەنگار ئەمانەی خوارەوەن:

١- فەقیران: لە دێی بەردحەلی و کەرسێ و هیتر لە ناحیەی ئەلشیمال (سنۆنێ) دەژین و (حەمۆ شەرۆ) لە سەرەک هۆزە ناودارەکانیان بووە.

٢- مەسکورە: لە دێیەکانی سەر بەناحیەی ئەلشیمال وەکو (کوێسی و تەرف و ئەدیکا... هتد) کۆبوونەتەوە.

٣- سمۆقی: دراوسێی عەرەبە جبوورەکانن و (سمۆقیا)ش یەکێکە لە دێکانیان.

(٧٤) گۆڤاری الف باء، ژمارە ١٥٠٨، ١٩٩٧/٨/٢٠ لاپەڕە ٤ - ٥.
(٧٥) محمود الدره، القضیه الکوردیه، بیروت، ١٩٦٣ لاپەڕە ٢٠٦.
(٧٦) گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٣، ١٩٩٧/١٢/٣ لاپەڕە ١٥ و لاپەڕە ٢٦.



٤- قیران: لە ناحیەی ئەلقەحتانییەی سەر بەقەزای ئەلبەعاجدا دەژین و ناودارترین دێیان سکێنییە و مەجنوونەیە.

٥- هەبابا: لە شەنگار و دەوروبەری دەژین.

٦- هەسکان: دێیەکانیان هەسکان و سنونێ و بهێلەی ناحیەی ئەلشیمالە.

٧- مەندکان: لە دێیەکانی باشوک و حاتمیە و تەل قەسەب و عێن فەتحییە لە ناحیەی ئەلقەیرەوان.

٨- دۆخی: لە ناحیەی ئەلشیمال لە دێی کەرسێ و هەندێ دێی تر دەژین.

٩- مالا خالەتێ: ئەمانیش هەر لە ناحیەی ئەلشیمالدا دەژین و لە دێیە بەناوبانگەکانیان دێی عالدینا دەژین.

١٠- بەکران: دانیشتووی یوسفان و بەکران و هەندێ دێی ترن لە ناحیەی ئەلشیمال.

١١- مهرکان: لە دوو دێی زێروان و مهرکانی ناحیەی ئەلشیمالدا کۆبوونەتەوە.

١٢- دلکان: بزال تەپە گرنگترین دێیانە.

١٣- هوێری.

١٤- علی سورکان.

١٥- دنان.

١٦- چەلکان.

١٧- چیکان.

١٨- گورگوران.

١٩- حەلیقان.

٢٠- شەرقیان.

٢١- جوان.

٢٢- ڕەشکان.

٢٣- شەرگات.

٢٤- بەنگان

## بەعەرەبکردنی شەنگار

وەک لە پێشەوە باسمان کرد شەنگار و ئەو ناوچانەی ئێزدیییەکانی تێدا دەژیا دووچاری گەلێ هەڵمەتی زاڵمانەی لەناوبردن بوونەتەوە هەر لە داگیرکردنی عوسمانییەکانەوە بگرە پێش ٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩١٨.

پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی باری گرانی ئێزدییەکان سووکتر بوو و گوزەرانیان چاکتر بوو، تاکو عەرەبە بەعسییە شۆڤینیەکان لە ١٩٦٨ جڵەوی حوکمیان گرتەدەست و پەیتا پەیتا دەستیان کرد بەدەرکردنی کوردان لە گوندەکانیان و ژمارەی ئەو گوندانەی کە کوردیان لێ دەرکراوە گەیشتووەتە پتر لە ١٥٠ گوند.

یەکەم هەڵمەتی رەگەزپەرستانەی بەعەرەبکردنی ناوچەی شەنگار لە ساڵی (١٩٦٩)وە دەستی پێکرد کە کوردە ئێزدی و موسڵمانیان لە دەیان گوندی کوردی نزیک سنووری دەوڵەتی سوریا دەرکرد و لە ١٩٧٠دا عەرەبی شەممەڕ و ئەلبومیتۆتیان لە ناوچەکە نیشتەجێ کرد، لە ١٩٧٤یشدا کە شۆڕشی چەکداری کورد دەستی پێکردەوە لە دەوری دە کیلۆمەتری ناوچە شاخاوییەکان دێی کوردیان تێدا قەڵاچۆکرد و پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ئەو شۆڕشگێڕانەی بەشداری شۆڕش بوون ڕاگوێزرانەوە ناوچەی «ئۆتۆنۆمی» و ١٥٠٠ خێزانیان بەزۆرەملێ راگوێزایەوە زاخۆ و دهۆک و هەولێر.

هەنگاوی ڕەگەزپەرستانەی تریان، بەعەرەب نووسینی کوردە ئێزدییەکانی ناوچەی شەنگار و سەرتاپای عێراق بوو لە سەرژمێرەکەی ١٩٧٧، هەنگاوی دوای ئەوەش ئەوە بوو کە دانیشتوانی ١٣٠ دێی کوردنشینی دیکەی سەر بەشەنگاریان ڕاگوێزتەوە و بەزۆرەملێ لەم دوانزدە کۆمەڵگایانەی خوارەوە نیشتەجێ کران[٧٧]:

(٧٧) بۆ زانینی زیاتر لەسەر کۆمەڵگاکان (بڕوانە نەخشەی ژمارە -٤٠- و -٤١- لە لاپەڕە ١٥٧.



| ز | کۆمەڵگە | سەنتەرەکەی | یەکەی کارگێڕی |
|---|---|---|---|
| ١- | کۆمەڵگەی تەئمیم | دێی خانەسۆر | ناحیەی ئەلشیمال |
| ٢- | کۆمەڵگەی ئەلقادسیە | دێی دوهلا | ناحیەی ئەلشیمال |
| ٣- | کۆمەڵگەی ئەلوەلید | دێی تەلبەنات | ناحیەی قەیرەوان |
| ٤- | کۆمەڵگەی ئەلعروبە | دێی زۆرئاڤا | ناحیەی ئەلشیمال |
| ٥- | کۆمەڵگەی حەتین | دێی دوو گرێ | ناحیەی ئەلشیمال |
| ٦- | کۆمەڵگەی ئەلبەعس | دێی تەل قەسەب | ناحیەی قەیرەوان |
| ٧- | کۆمەڵگەی ئەلقەحتانیە | دێی تل عوزێر | ناحیەی ئەلقەحتانیە/قەزای ئەلبەعاج |
| ٨- | کۆمەڵگەی ئەلیەرموک | دێی بۆرک | ناحیەی ئەلشیمال |
| ٩- | کۆمەڵگەی ئەلئەندەلوس | دێی گۆهبەل | ناحیەی ئەلشیمال |
| ١٠- | کۆمەڵگەی ئەلجەزیرە | دێی سیپا شێخ خدرێ | ناحیەی ئەلقەحتانیە/قەزای ئەلبەعاج |
| ١١- | کۆمەڵگەی ئەلعەدنانیە | دێی گر زەرک | ناحیەی ئەلقەحتانیە/قەزای ئەلبەعاج |
| ١٢- | کۆمەڵگەی ئەلشیمال | دێی سنونێ | ناحیەی ئەلشیمال |

خشتەی ژمارە (١٥)
ناوی هەر دوازدە کۆمەڵگای شەنگار و ناوە ڕەسەنەکانی پێشوویان

ئەمەی خوارەوەش ناوی ئەو گوندانەیە کە ڕاگوێزراونەتە بۆ ئەو دوانزە کۆمەڵگەیانەی لە سەرەوە ناوبران:

(١) کۆمەڵگەی ئەلتەئمیم (خانەسۆر):

١- مامیسێ (گوندێ ژۆری)

٢- مەجبووریە

٣- داود ڕەشۆکا

٤- عەزیم

٥- خدرێ مەندۆ

٦- شامیکا



نەخشەی ژمارە –٤٠– (قەزای شەنگار پێش تەرحیل / پێش ساڵی ١٩٧٥)
(سەرچاوە: الاتحاد ژمارە ٣٠٨، ١٩٩٩/٣/٥)




نەخشەی ژمارە –٤١– (کۆمەڵگە زۆرەملێیەکانی کورد لە شەنگار / پاش ١٩٧٥)
(هەمان سەرچاوەی پێشوو)






نەخشەی ژمارە –٤٢–
چیای شەنگار و کۆمەڵگاکانی زۆرەملی دەورپشتی
(سەرچاوە: گۆڤاری لالش، ژ ١١، ئاب ١٩٩٩، لاپەڕە ٦٣)

٧- گوندێ ژێری
٨- چەڤرێ
٩- گرکێ هەڤندۆکێ
١٠- عەنەش
١١- گوندێ خدرێ ئەحمەد
١٢- حەلیقێ
١٣- حەلیقا ژۆری
١٤- قەسرکا حەلیقێ
١٥- حجل
١٦- کەرسێ
١٧- گرکێ حەسارێ
١٨- قیرانکێ
١٩- کەندالا

سەرجەم (١٩) دێ

(٢) کۆمەڵگەی ئەلیەرمووک (بۆرک):

٢٠- بۆرک
٢١- ملڵک
٢٢- گەنێ
٢٣- نوکرێ
٢٤- سمێ هێسترا
٢٥- پیتونی مەزن
٢٦- پیتونی گچک
٢٧- گرێ گەورێ
٢٨- ئادیکا
٢٩- گرێ عەرەبا
٣٠- کولکا



٣١- ئوسڤا
٣٢- راشد
٣٣- قنێ
٣٤- عیدۆ
٣٥- کورک
٣٦- تیرەف
٣٧- شەشۆ
٣٨- بەکرا

سەرجەم (١٩) دێ

(٣) کۆمەڵگەی ئەلقادسیە (دوهلا):

٣٩- عەلبوبا
٤٠- ناسریا
٤١- قۆچا جحێ (قۆچا چەمێ)
٤٢- دوهلا
٤٣- تێرخێ
٤٤- قوەیس
٤٥- گوندێ عومەرا
٤٦- گرێ زرکا
٤٧- گەشکەستێ
٤٨- گوندی حەسەن

سەرجەم (١٠) دێ

(٤) کۆمەڵگەی ئەلئەندەلوس (گوهبەل):

٤٩- شورکا
٥٠- جەمێ چڤرا
٥١- زێروا

٥٢- گرێ کوللەخان

٥٣- گوهبەل

٥٤- هەریکۆ

سەرجەم (٦) دێ

(٥) کۆمەڵگەی حەتین (دوو گرێ):

٥٥- دوو گرێ

٥٦- بارێ مەزن (ژێری)

٥٧- بارێ کچک (ژووری)

٥٨- کۆراسمۆقیا

٥٩- کەرکێ

سەرجەم (٥) دێ

(٦) کۆمەڵگەی ئەلعروبە (زۆراڤا):

٦٠- زۆراڤا

٦١- زراڤکێ

٦٢- بەرانا

سەرجەم (٣) دێ

(٧) کۆمەڵگەی ئەلجەزیرە (سیپا شێخ خدرێ):

٦٣- سیپا شێخ خدر

٦٤- سکێنیێ

٦٥- حەیالێ

٦٦- گوندێ میرزا

٦٧- بەهلول

٦٨- مێشۆ شێبۆ

سەرجەم (٦) دێ



(٨) کۆمەڵگەی ئەلقەحتانیە (تەلعوزێر):

٦٩- تەلعوزێر

٧٠- وەردیا

٧١- جدالێ

٧٢- گوندێ حەسەن مەعۆ

٧٣- عوزێر

٧٤- خربەت قەوال (خرابێت قەوالا)

سەرجەم (٦) دێ

(٩) کۆمەڵگەی ئەلبەعس (تەل قەسەب):

٧٥- زگدوخان (زکرخان)

٧٦- هەمەدانێ

٧٧- قنێ

٧٨- شکەفتان رۆژهەڵات

٧٩- شکەفتان رۆژئاوا

٨٠- سەباحیا

٨١- عەلی سۆرکا

٨٢- حجولیێ

٨٣- زەیتونیێ

٨٤- گرێ جامع

٨٥- تەل قەسەب

سەرجەم (١١) دێ

(١٠) کۆمەڵگەی ئەلوەلید (تەلبەنات):

٨٦- دیلۆخان

٨٧- تەل بەنات

٨٨- گوندێ مچۆ

٨٩-تەلاتات

٩٠- تەل عاگوب

٩١- خانا مەزن

٩٢- خانا کچک

٩٣- عێن غەزال

٩٤- نسێریێ

٩٥- خیلۆ «دێیەکی عەرەب نشینە و ڕانەگوێزراوە و هەر لە تەنیشت کۆمەڵگەی (تەل بەنات) ماوەتەوە».

سەرجەم (١٠) دێ

(١١) کۆمەڵگەی ئەلعەدنانیە (گرزەرک):

٩٦- نورافکی

٩٧- گرزەرکا مەزن

٩٨- گرزەرکا کچک

٩٩- ئیسێ تەپە

١٠٠- گوندێ عەمێ (مەعمێ)

١٠١- زوماتێ (زورمانێ)

١٠٢- کانیا عەڤدێ

١٠٣- جلعین

١٠٤- قزلکەند

١٠٥- گوندێ قاسم خدر

١٠٦- خاتوونیە (دێیەکی عەرەبییە ڕانەگوێزراوە، لە تەنیشت گرزەرکە)

١٠٧- گرقوباد

١٠٨- گابارە

سەرجەم (١٣) دێ

(١٢) کۆمەڵگەی ئەلشیمال (سنونێ):

١٠٩- سنونێ

١١٠- بیرئادەم



١١١- ترپکا

١١٢- سەیدۆکولی

سەرجەم (٤) دێ[٧٨]

**١- شەنگار (ناوەندی قەزا)**

شەنگار لە زمانی کوردیدا -خاکی جوان- دەگەیەنێت[٧٩]، لە باکوورەوە بەناحیەی ئەلشیمال و لە باشوورەوە بەناحیەی قەیرەوان و لە ڕۆژهەڵاتەوە بەقەزای تەلەعفەر و لە ڕۆژئاواشەوە بەناحیەی قەحتانیەی سەر بەقەزای ئەلبەعاج دەورەدراوە، شەنگار نێوان شاخ و دۆڵ و دەشت و بیابان کۆدەکاتەوە، شاری شەنگاریش لە کەنار شاخی شەنگارەوەیە، کە پاش ئەوەی سنووری ڕۆژئاوای عێراق دەبڕێت دەچێتە ناو خاکی سوریاوە، شەنگار (٥٥) کم لە سنووری سوریاوە دوورە و لەگەڵ مووسڵدا (١٢٦) کیلۆمەتریان نێوانە.

شاری شەنگار جێ نزرگەی (خاتو زەینەب) و سێ مزگەوت و کلێسایەک و چەند مەزارێکی ئێزدییانی تێدایە و لە رووکارە مێژووییەکانی شارەکە، شوورەی رۆمانییە و هەروەها منارەی -عیمادەدینی زەنگی (کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی حوکمی کردووە واتە ١١٤٠ی زایینی) و مەزاری زکر (کە لە نەوەکانی ئیمام موسای کازمە) و گۆڕی زەینەبە و، گەڕەکە ناودارەکانی شەنگار (بەرجیێ و کەلاهێ و بەرسهێ و بەربووشێ و سەرایێ)یە. ڕووبەری مەرکەزی شەنگار (٧٠٤) کیلۆمەتری دووجایە و سی دێی بەسەرەوەیە، کە زۆربەی دانیشتوانی کوردی ئێزدی و کوردی موسڵمانن، هەرچی ناوجەرگەی شاری شەنگاریشە زۆربەیان کوردی ئێزدی و دوایی کوردی موسڵمان و دواییش عەرەبی موسڵمانن و هەروەها نزیکەی (٤٠) خێزانی مەسیحیشی تێدایە.

ئەمەش ناوی دێیەکانی سەربە قەزای شەنگارن (لە ساڵی ١٩٨٤):

١- کانی سارک و کانی عیدۆ

٢- شەنگاری باکوور

٣- شەنگاری رۆژهەڵات

(٧٨) سوودمان لە کوردستانی نوێ، ژمارە ١٧٣٥، ١٩٩٨/١١/٥ والاتحاد، ژمارە ٣٠٨، ١٩٩٩/٣/٥ وەرگرتووە.

(٧٩) حمید ألمطبعي، رحلتي الی شمال العراق، بغداد ١٩٨٦.

٤- ئەلنەسیرییە و ئەلشەهابییە
٥- شارۆک و ئەلسەباحیە و ئەلزەیتونییە
٦- شارۆکی ڕۆژهەڵات
٧- گرێ جامع و زگدەخان
٨- تەبسە
٩- ئەشکەفتان و تەل یوسفکە
١٠- هەمەدان
١١- باجستێ
١٢- دیلۆخان
١٣- نمێلە
١٤- خان
١٥- شێخ خنس
١٦- ئەلکرانیە
١٧- سنیۆ
١٨- عێن تەلاوی
١٩- بەربەرۆش
٢٠- جنعان و کابریکۆ و کانی عیدێ
٢١- زۆمانی قزنکەند
٢٢- قابووسیە و کزوتی ڕۆژهەڵات
٢٣- مهرکان (قنێ)
٢٤- بێستانەکانی شەنگار
٢٥- شەنگاری ڕۆژئاوا
٢٦- ئەلکۆلات
٢٧- ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و قوبەت ئەلوەهبی
٢٨- ئەبو خەشەب
٢٩- خەرابە بازاڕ
٣٠- شەنگاری ڕۆژهەڵات



**٢- ناحیەی ئەلشیمال:**

ئەم ناحیەیە لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا (١٩٢٣) دامەزراوە و لە بەرئەوەی دەکەوێتە باکووری چیای شەنگار ناحیەکە ناونراوە ئەلشیمال، لە سەرەتادا ناوەندی ناحیەکە دێی (کەرسێ) بوو، کە دەکەوێتە پێنگای چیای شەنگار لە باکوور. لە ساڵی ١٩٦١یشدا بڕیاری گواستنەوەی ناوەندی ناحیەکە لە (کەرسێ) وە بۆ (سنونێ)درا و، لە ئاماری ساڵی ١٩٩٧، ١٠٠٪ دانیشتووانەکەی بەعەرەب ژمێردراون. لە ١٩٨٨دا بەشێوەیەکی ڕەسمی ناحیەکە هەڵوەشێنرا و دووبارە لە ١٩٩٤دا دامەزراوە.

ئەم ناحیەیە ١٤٠کم لە مووسڵەوە دوورە و تەنها ٧٦ کیلۆمەتری لەگەڵ سوریادا بەینە، دەکەوێتە باکووری قەزای شەنگار و، باکوور و ڕۆژئاوای ناحیەکە سنووری سوریایە و، لەلای ڕۆژهەڵاتیشی قەزای تەلەعفەرە و زنجیرە چیای شەنگاریش بۆتە سنووری باشووری کە ناحیەکە لە ناوەندی قەزای شەنگار و قەزای ئەلبەعاج جودا دەکاتەوە، بەپێی سەرژمێرییەکەی ١٩٩٧ ژمارەی دانیشتوانی ٨٢ هەزار کەسە و سەرجەم دانیشتوانی ناحیەکە کوردی ئێزدین و (مەزاری شەرەفەدین) کە مەزاری سەرەکی ئێزدییانە لە شەنگار دەکەوێتە نێو سنووری ئەو ناحیەیە، ناحیەی ئەلشیمال(٤٠) دێی بەسەرەوەیە و ڕووبەرەکەی ١٧١٤ کم٢.

ناوی ئەو دێیانەی سەربە ناحیەی (ئەلشیمال)ن:

١- باخلیف
٢- بارانە
٣- زێروان
٤- مەرقەدەی خواروو
٥- گرشیک
٦- گۆهبل
٧- گورگان
٨- کەنی وشنانیک
٩- بەکران
١٠- چەمی جفرا
١١- جزیرەی بیرجاری

١٢- گۆهبەلی باکوور
١٣- دەهۆلی و ناسریە
١٤- قوەیسی
١٥- گریّ عربە
١٦- بیسۆنی رۆژئاوا
١٧- ئەدیکا
١٨- گریّ زەرکا
١٩- پیر ئادەم
٢٠- سنونیّ
٢١- خانەسور
٢٢- حەلیقیات
٢٣- دێیەکانی گەلی کورسی
٢٤- بارە و جفری و حمسکا
٢٥- سمیّ هێستر و کوکان
٢٦- مەلەک
٢٧- مامیسا
٢٨- کفری و هەنگالە
٢٩- کرسی و شامیکا و مامیسا
٣٠- سمیّ هێستر و شێخ قاسم
٣١- قوەیسی و ئەدیکای چیای
٣٢- ألطف الجبلیە
٣٣- عالدینا و راشدی شاخاوی
٣٤- یوسفان و حەسەنی شاخاوی
٣٥- بەکران و حەسەنی شاخاوی
٣٦- زێروان و باخلیفی شاخاوی
٣٧- ئەلحلێقاتی شاخاوی



٣٨- بارەو جفری و حمسکای شاخاوی
٣٩- جزیرەی شیرین
٤٠- بارە و جفری و حمسکای رۆژهەلاّتی شاخاوی

**٣- ناحیەی ئەلقەیرەوان:**

ناوەندی ناحیەی ئەلقەیرەوان دێی (ئبلیجی) بیابانیە و٢٣ کلیۆمەتر لە شەنگارەوە دوورە و، لە ١٩٧٨ەوە ناحیەیە و، سەبارەت بەقەیرەوانی تونس ناونراوە (ئەلقەیرەوان)[٨٠] و عەرەبەکانی ئەلبومتیوّتی تیّدا دەژین.

شەنگار دەکەوێتە لای باکووری و قەزای ئەلبەعاج و ئەلحەزەریش لە لای باشوورین، سنووری رۆژهەلاّتی قەزای تەلەعفەرە و، ناحیەی ئەلقەحتانیەش سنووری باشووری پێکهێناوە کە لەم دواییەدا لە قەزای شەنگاریان دابڕیوە و دراوەتە پالّ قەزای ئەلبەعاج.

زەویوزاری ناحیەکە و دەوروبەری تەختاییبە و دۆلّی ئەلسەرساری پێدا تێپەڕ دەبێت و، ناحیەکە دەکاتە دوو بەش، رووبەرەکەی ٧٧٠ کیلۆمەتری دووجایە و ٢٧ دێی بەسەرەوەیە، کە زۆربەیان کوردنشینن، کۆمەلّگەی ئەلبەعس لە دێی (تەل قەسەب)و ئەلوەلید لە دێی (تەلبەنات) کە دوو گوندی ئێزدییانە، گەورەترین کۆمەلّگا دەستکردەکانی سەربە ناحیەکەن.

ناوی دێیەکانی:

١- ئوم ئەلشەبابیت و شوێرەی ئوم ئەلشەبابیت
٢- بسکێی باشوور
٣- باشۆک
٤- تەل قەسەب
٥- عێن غەزال و عێن فەتحی و خنێس
٦- خێلۆ
٧- تەل بەنات
٨- قەسر ئەلحسێنیات و خرائب ئەلبیر
٩- سێپایەی رۆژهەلاّت/ حەروس/ جدیدە

(٨٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٦.

١٠- سێپایەی ئەلغەربیە/ عەماس/ خرابە هارفتە
١١- خەرائج ئەلعامود و ئەلئەسگەع و سێپایەی عەزیز ئاغا
١٢- هەزێلی ڕۆژهەڵات
١٣- ئەبو برێج
١٤- ئەلحاتمیە
١٥- نارنجۆک و موستەعجەل
١٦- عێن ئەلحسان
١٧- عێن ئەلحسانی باشوور
١٨- شوێرەی ئەبوزێد
١٩- بیسکی باکوور
٢٠- کوجو
٢١- ئیرفەیع
٢٢- تەل عاگوب
٢٣- بلێج
٢٤- ئەلمالحاتی باکوور و باشوور
٢٥- هزێلی ناوەڕاست
٢٦- خرابە جوعاب و خرابە رمح
٢٧- هزێلی گەورەی ڕۆژئاوا

### ٣- قەزای ئەلبەعاج:

